# ڕەهەندی گۆڕان
# لە شیعری ( ماك )ی شێرکۆ بێکەس دا

ئەگەر لە قۆناغی ڕۆمانسیەتدا بنەمای سەرەکی شیعر خەیاڵ و سۆز بووبێت، ئەوا لە قۆناغی شیعری نوێدا ئەو پێودانگە هەڵوەشاوەتەوەو شیعریش سەرباری بنیادنانی دنیایەکی جیاواز لەوەی ئێمە لە واقیعدا دەیبینین، سەرباری جیاوازبوونی لەوەی بە لۆجیکی عەقڵ تێیدەگەین و لێی وردەبینەوە، واتە جیاواز لە هەموو ئەو کایانەی کە مل کەچی ئیشکردنی عەقڵن.. بەڵام هێشتا سەرچاوەکانی شیعری نوێ بە جۆرێك لە جۆرەکان وابەستەی ژیان و بوونن، مەودای خەیاڵ و یادەوەری چەندێ فراوان بن لە دروستکردنی دنیایەکی ئەفسانەیی و فانتازیدا، هێشتا دەروازەیەك دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی لە شیعر و نهێنی شیعر و بەرهەمهێنانی شیعریەت بدوێین، لە دوای ئەو جیهانبینی‌یە بگەڕێین کە هەر دەقێکی زیندووی شیعری لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانەوە بەرهەمی دەهێنێت، ئەگەرچی دەشێ هەرگیز ئاست و مەودای جیهانبینی و پرسیارەکانی هەر دەقێك نە جیهانبینی واقیعی شاعیر و نە پرسیارەکانی شاعیر بن لە ژیانی ڕاستەقینەی خۆیدا.

یەکێك لەو دەقە شیعریانەی دەمانەوێت لێرەدا لێی بدوێین، شیعری (ماك)ی شێرکۆ بێکەسە. کە دەتوانین بڵێین ئەم شیعرە لە ئاستی بینراوی زماندا، سیناریۆی ژیانی پاڵەوانێك دەگێڕێتەوە، کە سەرجەم دەرەوەی خۆیی پێ دزێو و ناشیرین و نائامادەیە لە ڕووی پەرەسەندنەوە، تەنیا خۆی وەکو تیشك و ماکی هەر زیندەگانی و پەرەسەندن و دروست بوونێك دەبینێ دەشێ لە گەوهەردا ناونیشانی شیعرەکەش کە وشەی (ماك) مانای جۆرێك لە خاسێت یان هەوێنی جووڵە یان بوون و پەیامێکی جیاواز لە حاڵەتی باوی نێو پانتایی ژیانی کۆمەڵایەتی دەرەوەی دەقەکە بە گوێرەی ئەو کەسێتیە هەڵبگرێت، کە لە شیعرەکەدا بە ڕاناوی (من) وێنەکراوە. هەر ئەو خۆجیاکردنەوەیە، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا بانگەشەی جۆرێك لە نەرجسیەت دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا دانانی سنوورێکە لە نێوان حاڵەتە جیاوازەکاندا، لە نێوان کەسێك

که هەست بە بوون و ماهیەتی خۆی یان گرنگی و دەوری خۆی دەکات، لەگەڵ کەسێك یان هەموو ئەوانی تردا که نە هەست بە بوونی خۆیان دەکەن نە لە ڕاستیدا بوونیان هەیە، بوونێك کە خاسێتەکانی بوونی تێدا بدۆزرێتەوە. ڕاستە لێرەدا بانگەشە کردنی تاکڕەوانەی شاعیر هەیە بۆ بە گوتارکردنی تێڕوانینی خۆی لەسەر زەمینەی زمانی دەقەکەوە، کە ئەم حاڵەتەش دەگوازرێتەوە بۆ واقیعی دەرەوەی دەقەکە، هەر لێرەشەوە کاری خەیاڵ و ئەندێشە لاواز دەبێت و پرسیاری دەقەکە کە بریتین لە پرسیاری سیۆسیۆلۆژیانە، بالادەست دەبێت. هەڵبەت مەبەست لەم قسەیەش ئەوە نیە کە مادەم ئەم دەقە لە ئاستێکدا پەیوەستە بە واقیعێکی لەبەرچاوەوە، کە واقیعی کۆمەلایەتی ئێمەیە، ئیتر دەقێکی لاوازە، نەخێر بەڵکو لە بنەڕەتدا ئێمە دەمانەوێت لە پشتی زمانی دەقەکەوە، لە ئاستە نەوتراوەکاندا پەیوەندیی نێوان ناوەوە و دەرەوەی دەقەکە دەستنیشان بکەین، کە ئەمەیان کارێکی دروستە لە ڕوانین بۆ بەرهەمهێنانی شیعریەتدا. دیارە خاڵی لاواز و دیاریش لە زۆر بەرهەمی شیعری کوردیدا، گواستنەوەی واقیعی دەرەوەی دەقەکانە بۆ ناو دەقەکان، بەبێ ئەوەی خەیاڵ و ئەندێشە و پانتاییەکانی نەست هیچ دەورێکی ببینێ لەو گواستنەوەیەدا لەم حاڵەتەشدا شیعریەت بەرهەم نایەت، واتە ئەوەی دەنووسرێت نابێت بە شیعر، بەلام لەم دەقەدا ئاڕاستەی ئیشکردن زیاتر بە پێچەوانەوەیە و جووڵە لە دەرەوە بۆ ناوەوەیە ئەویش لەگەڵ بەرهەم هێنانی شیعریەتدا.

لەناو ئەم بێشە چڕەدا

من وتم: تەنها درەختێ هەبێ و جوان بێ و

ئەستێرە بۆ دواڕۆژ بگرێ.. ئەوە منم

شاعیر بۆ ئێمە دەدوێت، بەلام دیسان جگە لە خۆی هەموو ئێمە و ئەوانی تر پێکەوە کۆدەکاتەوە کە هەموومان جیاوازین لە ئەو، ئەو لە ئاستێکی بالاتردایە لەو ئاستەی هەموو ئەوانی تری غەیری خۆیی تێدان. هەموو واقیعی دەرەوەی خۆی بە بێشە ناودەبات- دیارە بێشە وەکو دالێك ڕاستەوخۆ لە ئاستی یەکەمدا مەدلولی ئەو دارستانە چڕە یان سروشتی سەرەتایی دەبەخشێت کە تیایدا بەهێز بێهێز دەخوات.

بێشه له مرۆڤـەکان پێکهاتووە، چونکـه مرۆڤـەکان شـوبهێنراون بـه درەختـەکان، بـەڵام هەموو درەختەکان ناشـیرینن و هیچیـان بـەرێك نـاگرن کـەڵکێکی سـبەینیێ تێـدا بێـت جگـه لـە تاکـه درەختـێ کـه ئـەویش منـی قسـەکەرە، ئـەو قسـەکەرەی لـــه ڕێگـای ئـــەم شوبهاندنەوە خۆی لە هەموو ئەوانی تر جیاکردۆتەوە. کارێکی ئاساییه که وای ببینـین (من)ی شاعیر لێرەدا بانگەشه به زیندوێتی خۆی و نازیندوێتی ئەوانی تر بکات، دیسان ئەوەش به ئاشکرا دەبینین منی شاعیر لێرەدا جیـاوازە لـه (مـن)ی شـێرکۆ لـه زۆربـەی بەرهەمـەکانیدا کـه بریتـییـه لـه (مـن)ی کـورد، بـەڵام لـێرەدا ئـەوەی خـۆی لـه هـەموو ئەوانی تـر جیادەکاتـەوە (مـن)ی شـێرکۆیه. بێگومـان ئـەوەش کـارێکی ئاسـاییه چونکـه شـاعیر هـەرچۆن بیربکاتـەوە و هـەر جـۆرە ڕوانینێکی هـەبێت، مـەرج نیـه شـیعرەکانی دەربڕینێکی ڕاستەوخۆی ئەو بیرکردنەوە و ڕوانینه بـن، ئەمـه جگـه لـەوەی کـه شـیعر پەیوەستی خەیاڵ و نەسته و دەشێ له لایەك خەیاڵ یۆتۆپیـای بـه ڕەمزکردنـی (خـود) دروستبکات، له لایەکی تریشەوە دەشێ نەست له کاتی پرۆسەی بەرهەمهێنانی شیعردا بەشێك له خواست و ئارەزو و لایەنه چەپێندراو و سـەرکوتکراوەکانی کەسـێتی شـاعیر فرێبداته ناو پانتایی دەقه شیعرییەکانەوە. هەر لەسەر ئـەم بنەمایـەش جیاکردنـەوەی (مـن)ی قسـەکەر لـه سـنووری زمـانی دەقەکـەدا لـه لایـەن خۆیـەوە، پەیوەندییـەکی ڕاسـتەوخۆی بـه ڕابـردووی شـاعیرەوە هـەبێت و ئـەو دەربڕینـەش ئاشـکراکردنی نهێنییەکانی سەرپانتایی نەست بێت.

لەو ڕۆژەوە

شەڕی دارستان هەڵگیرسا

لەناو ئەم شاخ و داخەدا

من وتم: تاقە چیایەك هەبێ و سەرکەش

تاقە کەڵێ خۆری هەقی لێوە هەڵبێ،

ئەوە منم!

مێـژووی هەڵگیرسـانی شـەڕی دارسـتان دیـار نیـه، ڕەنگـه بکەوێتـه پـێش مێـژووی زانراوەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگه هەڵگیرسـانی ئـەو شـەڕە نیـه، بـەڵکو دیـاریکردنی

ناسـنامەی (مـن)ی شـاعیرە لەمیانـەی بەسـتنەوەی خـۆی بـەو مێـژووەوە، (مـن) هەموو واقیع دەشوبهێنێ بە دارستان، ڕەگەزەکانی نێو ئەو واقیعەش لێرەدا شاخ و داخە. من خۆی دەبێتە یەکێك لە چیاکان، بـەڵام چیایـەکی ئاسایی نـا، بـەڵکو چیایەك کە جیاوازە لە سەرجەم چیاکانی تر، ئەم چیایەکی سەرکەشـە و خـۆری هەقی لێوە هەڵدێت. واتە شاعیر بنیادی شیعرەکەی لەسـەر بنـەمای پـەیوەندیی دووانەیەك دادەنێت کـە لـە نێـوان خـۆی و دەرەوەی خۆیـدا دروسـتیدەکات، لـەم کردەیەشـدا هـەموو ئـەوانی تـر لـــە جەمســەرێکدا دادەنــێ و خۆیشــی لــە جەمسەرەکەی بەرامبەردا، ئەوانی جەمسەری دژی ئەم نەگەیشتوونەتە ئاستی بە دەست هێنانی ناسنامە، چونکە ئەوان ئەو درەختە زۆرانەی ناو بێشەن کـە هیـچ خاسـێتێکی تایبـەتییان نیـە، ئـەو چیـا زۆرانـەن کـە هیچیـان سـەرکەش نـین و خۆریشیان لێوە هەڵنایەت.

ئـەم ئـەو چیایەیـە کـە لـە کەلێکیـەوە خـۆری هـەق هـەڵدێت. لێرەدا ئـەو پرسـیارە سەرهەڵدەدات کە وشەی (هەق) دەخاتە بەردەم پرسیارەوە. کام هـەق؟ ئایـا هـەق یـەك چـەمك و سروشـتی هەیـە؟ ئایـا هـەق لـە یـەك ڕوانگـەوە دەبیـنرێت؟ هـەر لـێرەوە دەردەکـەوێت کـە پەیوەندییـەکی پتـەو لـە نێـوان ڕوانـین بـۆ چـەمکی هـەق و بـۆ ئـــەو حاڵەتی نەرجسیەتەدا هەیـە کـە لـە پشتی دەقەکەوە بـە ئاشکراو لـە سـنووری زمـانی دەقەکەشـدا بـێ خوردبوونـەوە و شـۆڕبوونەوە دەبیـنرێت، ئەگـەرچی ئێمـە نامانــەوێت تەنیا لەسەر بنەمای زمانی دەقەکەوە، کە مەبەست زمانی یەکەمە، ئەو بڕیـارە بدەیـن. بەهەرحاڵ ئامادەبوونی حاڵەتی نەرجسیەت لە کەسێتی (مـن)ی قسـەکەری شـیعرەکەدا دەشێ لەسەر بنەمای جۆرێك لە ڕوانین بۆ (هەق) دروست بووبێت، ئەویش (هەق)ە لـە ڕوانینی خۆیەوە کە بێگومـان ناشـێت نـە هیـچ هـەقێکی جێگیر و یـەك لایەنـە و یـەك مەودا هەبێت، نە دەشێت هـەق بـە هـەموو مـەوداو ڕەهەندەکانیـەوە لای تاکە کەسـێك بێت. دەشێ هەمان ئەو گومانانەی بەرامبەر بە چەمکی حەقیقـەت لـە ئـاراداں، هـەمان گومـانیش دەوری چـەمکی هـەق بـدات و لـە بنەڕەتـەوە گومـان لـەوە بکرێت کـە تاکـە هەقێك یان هەقێکی موتڵەق هەبێت.

ئەم تێڕوانینە سەرەتاییە سەبارەت بە چەمکی هەق، کە دواتر لە کۆتایی شیعرەکەدا دەگۆڕێت، لەم سەرەتایەدا بەرجەستەی تێڕوانینی گشتی و باوی نێو کۆمەڵگەیەك دەکات کە بڕوای بە یەك جۆر بیرکردنەوە و یەك جۆر لێکدانەوە و یەك جۆر ڕوانین هەیە وە هەموو هەق و حەقیقەتێکیش بە تاك ڕەهەندی و بە پێوەری ئەو یەك جۆر ڕوانینە دەبینێ، کە بێگومان ئەم حاڵەتە وێنەی واقیعی لەنێو پانتایی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێمەدا باڵادەستە. هەڵبەت ئەوە ئاشکرایە کە لە ڕوانینێکی ئاوا تاك ڕەهەندانەدا، نەك هەق و حەقیقەتی ڕەها بە دەست نایەت و نابینرێت، بەڵکو ڕێژەیی بوونی هەق و حەقیقەتیش دەکەوێتە بەردەم مەترسی هەرەسەوە، چونکە کاتێ لە نیگایەکەوە دەڕوانرێتە دنیا، تەنیا گۆشەیەکی دەبینرێت و ناشێت خاسێتی ئەو گۆشەی بەسەر هەموو بەشەکانی تردا بسەپێنرێت یان لە بنەڕەتەوە هەموو ئەو گۆشەنیگایانەی تر ڕەت بکرێنەوە کە دەشێ لێیانەوە بڕوانرێت.

لەو کاتەوە

شەڕی شاخەکان هەڵگیرسا!

لەناو ئەم ڕەوە ئەسپەدا

من وتم: تاقە ئەسپێکیش هەبێ و ڕەسەن

حیلەیەکیش هەرگیز نەمرێ.. ئەوە منم!

شاعیر مێژوویەك بۆ ڕەسەنی خۆی دیاریدەکات، بەڵام ئەو مێژووە بە نەزانراوێکی تر ئاشکرا دەکات، ئەویش مێژووی دەستپێکردنی شەڕی شاخەکانە. شاخەکان وەکو ڕەگەزێکی بێ لایەن لە سروشتدا دەبێ شەڕی ئەوان چی بگەیەنێت، ئەگەر وەکو وێنەیەکی زمانی هەڵگری مانای تر نەبن؟ بەهەر حاڵ با لێرەدا واز لە شاخەکان یان ئەو مانایەی هەڵیدەگرن بهێنین و بگەڕێینەوە بۆ وردبوونەوە لە زاراوەی شەڕ وەکو ڕەگەزێکی زمان و بە پێی سیاقی دەقەکە لە دوای چەمك و ڕەهەندەکانی بگەڕێین.

زاراوەی شەڕ ئەوەمان تێدەگەیەنێت کە ناجۆرێتی و ئاڵۆزیی لە پەیوەندیدا هەیە، بەڵام ئەو شەڕەی لێرەدا باس دەکرێت کام شەڕە؟ داخۆ یەکەم شەڕی نێوان زیندەوەرانە لە سروشتدا لە پێناوی بەدەستهێنانی خۆراکدا؟ یاخود ئەو شەڕەیە کە

زیندەوەران لە دارستانەکاندا وەکو غەریزە وەکو چەکێك بۆ خۆپاراستن و خۆسەپاندن بەکاریان هێناوە؟ یان شەڕی نێو دارستانەکانە کە تیایدا بەهێز بێهێزی تێکشکاندووە، بەو پێیەی ئەو یاسایە زیندەوەرانی ئێستا بە مرۆڤیشەوە نەوەی زیندەوەرە بەهێزەکانن. ڕەنگە ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە ڕاست بێت، ئەوا شەڕەنگێزی و خواستی لە ڕادەبەدەری مرۆڤ بۆ تێربوون و بۆ بەدەستگرتنی دەسەڵات لە ئێستادا، هەڵقوڵاوی یەکەم نەفرەتی شەڕ و یەکەم سەرکەوتنییەتی، کە بنەمای ئەو نەفرەت و سەرکەوتنەش هێزە.

بەهەرحاڵ، هەردوو بەرەی چیاکان دەستیان داوەتە شەڕ، ئیتر چیاکان هەر کام لەو لایەنانە بگرنەوە کە باسیان لێوە کرا، ئەوا دیاردەیەك بە جێگیری دەمێنێتەوە کە دیاردەی شەڕکردنە، لە بری یەکێتی و یەکبوون و دۆستایەتی. هەر لێرەشەوە ئەو دەلالەتە بەرهەمدێت کە لە سنووری ئەم دەقەیەدا مێژووی تۆمارکراو لە جەنگەوە دەستپێدەکات، یان بە مانایەکی تر سەرجەم ڕابردوو بریتی بووە لە جەنگ و پێکدادان، هەر بۆیە دیارترین خاڵی ناسینەوە لە پانتایی ڕابردوودا بۆ دەستنیشانکردنی (کات) دەستپێکردنی جەنگە. لێرەشەوە، لە ئاستێکی نەوتراودا، ئەو دەلالەتە بەرهەمدێت کە مێژوو بە جەنگ دەستیپێکردووە، ئیتر بۆچی یان چۆن چاوەڕوانی ئەوە بکەین ئاشتی و یەکبوون و لێکتر نزیکبوونەوە ببێتە چارەنووس و کۆنترۆڵی ئایندە بکات. هەر ئەم دیاردەیەش کە بۆتە خاڵی دەستنیشانکدنی سەرەتای (کات)ی زانراو پەیوەستە بە یەکەم (شوێن)ەوە، کە لە ناو دەقەکەدا بە بێشە نیشاندراوە یان ناوبراوە. واتە یەکەم مێژووی زانراوی نێو بێشەکە مەبەست دارستانە و سروشتی سەرەتایی و ژیانی قۆناغی سەرەتایی دەگرێتەوە، ئەو زەمینەیە کە مێژووەکەی لە ڕێگای شەڕەکانی ئەو قۆناغە خۆیەوە دەزانرێت.

لەسەر وەختی هەڵگیرسانی شەڕی نێوان چیاکانەوە ڕەوێ ئەسپ هەن کە دەشێ لێرەدا لە بوونی جۆرێك لە جیاوازیی نێوان چیاکان و ئەسپ دا بگەڕێین، ئەگەر چیاکان سروشت وەك خودی چیا نیشانبدەن، ئەوا جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان ئەوان و ئەسپەکاندا هەیە، یەکەمیان واتە چیاکان بێ گیانن، بەڵام لە بەرامبەریان دا

ئەسپەکان زیندەوەرن، لەو زیندەوەرە ناعاقڵانەشن کە بەهایەکی بەرزیان لای مرۆڤ و ئەم، واتە مرۆڤ، لەسەر بنەمای ئاستی کەڵك وەرگرتن و بەکارهێنان ئەو بەهایانە دادەنێت. ئەمە جگە لەوەی کە ئەسپ لە فەرهەنگی بەها جێگیرەکاندا هێمای هێز و توانایە. کەواتە دیسان لێرەدا ڕووبەڕووی ئەو بۆچوونە دەبینەوە کە کاتێ مرۆڤ بەها دەبەخشێتە شتەکانی دەرەوەی خۆی، ئەوا لە ڕوانگەی بەرژەوەندی و ئاستی گرنگی ئەو شتانەوە ئەو بەهایە دادەنێت، نەك لە ڕوانگەی ڕوانین بۆ گەوهەر و ماهیەتی ئەو شتەوە. ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونەی ئەمی مرۆڤ تەنیا ئەوە بە هەق دەزانێت کە خۆی بە لایەوە پەسەندە یان خۆی کەڵکی لێ وەردەگرێت. یان بە بۆچوونێکی تر سەرچاوەی بەهادان بە شتەکان لای مرۆڤە، مرۆڤیش وەکو زیندەوەرێکی عاقڵ. بە هۆی عەقڵیەوە هەم ناسنامە دەبەخشێتە شتەکان، هەم لە ڕێگای جیاکردنەوەی ناسنامەکانەوە جۆرێك لە جیاوازی لە نێوان شتەکاندا دروستدەکات. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش (من)ی شاعیر خۆی لە چیاکان جیادەکاتەوە و خۆی لە سنووری ئەسپەکاندا ناودەبات، لە قۆناغێکی تریشدا جیاوازی لە نێوان خۆی و ئەسپەکاندا ناودەبات، بەڵام لە قۆناغێکی تردا جیاوازی تر و تایبەتمەندتر بە خۆی دەبەخشێت، کە ئەوەش جۆرێك لە نەرجسیەت لە پشتییەوە وەستاوە، دەشێ بە گوێرەی کەسێتی شێرکۆ خۆیشی، ئەم ڕوانینە لە نەستەوە گواسترابێتەوە بۆ نێو پانتایی دەقەکە، چونکە ئەوە ئاشکرایە لە کردەی شیعریدا نەست ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ بۆ بارگاویکردنی زمان. شوێنی شێرکۆ لەنێو شاعیرانی نەوەکەی خۆیدا، نەك لە ڕوانینی خۆیەوە، بەڵکو لە ڕوانینی بۆ ئەو کارە ڕەخنەییانەشی کە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا لەسەری کراوە، هەروا لێی دەڕوانرێت و ئەگەر شاعیرانی نەوەکەی ئەو ڕەوە ئەسپێ بن، ئەوا ئەم هەم لە ڕووی بەرهەمهێنانی شیعریەتەوە، هەم لە ڕووی کارکردنی لەو پانتاییەدا کە پەیوەستە بە ژیانی ئێمەوە وەکو میللەتێك، دەشێ پەی بەوە ببەین کە ئەم لە هەمووان لە پێشتر و دیارترە، واتە ناسنامەی ڕەسەنیبوون لە ئاستی ناسنامەی ئەمدایە وەکو شاعیرێك کە جێگای دیاری خۆیی هەیە لە مێژووی شیعری سی ساڵی ڕابردووی ئێمەدا، ڕاستییەکەشی ئەوەیە ئەگەر شاعیران بە ئەسپ شوبهێنرابن، ئەوا ئەم ئەسپی کەحێلەیە.

ئەم دەنگی خۆی وەکو دەنگێکی جیاواز لە دەنگەکانی تر سەیردەکات و پێی وایە ئەوانی دی هەموو شێوەی ڕەوە ئەسپێکن کە جیاوازی نیە لە نێوانیاندا. نەبوونی ئەو جیاوازییەش بۆ خۆی، لە قۆناغی شیعری ئەم شاعیرەدا لە نێوان زۆربەی زۆری نەوەکەی ئەمدا، یەکێکە لە خاڵە هەرە لاوازەکانی ئەزموونی شیعریی ئەو قۆناغەی ئەم لە زۆر ڕووەوە توانیوویەتی تایبەتمەندی خۆی هەبێت، ئەو تایبەتمەندیبوونەش خاسێتی دیاری شیعرە. هەر دەرئەنجامی ئەو تێڕوانینەشە کە شێرکۆ خۆی لە شاعیرانی تری نەوەکەی خۆی جیادەکاتەوە و پێی وایە تاکە دەنگێ کە توانای بەدەستهێنانی نەمری هەبێت دەنگی ئەمە، هەڵبەت ئەوەش جۆرێك لە پەی پێبردن نیشاندەدات کە مرۆڤ لە ژیانی ئاسایی خۆیدا بزانێت نەمری بەدەستهێناوە.

هەر لێرەوە دەتوانین وەها سەیری ئەم شیعرە بکەین کە جۆرێکە لە ئۆتۆبایۆگرافیای شاعیر و پەیبردن بە بوونی خۆی وەکو دەنگێکی جیاواز و تایبەتمەندە.

لەو دەمەدا
شەڕی ئەسپەکان هەڵگیرسا!
ئەم خوێنانە پێناچێ بکوژێنەوە
تا ئەو ڕۆژەی لەناو سەرما
ڕاستییەك دانەگیرسێنم:

مێژووی شەڕەکان کۆنن، چ شەڕی دارستان و چ شەڕی شاخەکان و چ شەڕی ئەسپەکان، کە زنجیرەیەکی زەمەنی یەك بە دوای یەکدان و بە پێی ڕێکخستنیان لە بنیادی شیعرەکەدا دوا شەڕیان شەڕی ئەسپەکانە. دیاریکردنی مێژوویەك کە لێیەوە شەڕی ئەسپەکان هەڵگیرساوە، تاکو ئێستا هێڵێکی درێژکراوەیەو تیایدا ڕژانی خوێن بەردەوامە. ڕاستەوخۆ لەوەش تێدەگەین هۆی بەردەوامی ڕژانی ئەو خوێنە چیە، کە شاعیر پێمان دەڵێت هەتا ڕاستییەك لە عەقڵیدا لە دایك نەبێت ئەو شەڕە ناکوژێتەوە. کەواتە تێدەگەین هۆکاری شەڕ بەندە بە عەقڵەوە، ئەگەر عەقڵ بگاتە ئەو ئاستەی ڕوانینی هەمەلایەنە و خوێندنەوەی هەمەلایەنە و بیرکردنەوەی فرە ئاراستە بەرهەمبهێنێت، ئەوا زەمینەیەکی تر بۆ پەیوەندیی نێوان بێشەکان و پەیوەندیی

نێوان چیاکان و پەیوەندیی نێوان ئەسپەکان دەدۆزێتەوە، ئەویش دەبێ لە ئاستی یەکەمدا کوژاندنەوەی ئەو خوێنە بێت کە لە مێژە دەڕژێت.

تاکو ئێستا مێژووی ناکۆکی و پێکدادان ڕووبەری شیعرەکەی داگیرکردووە، ئەمەش لە ئاستێکی قوڵتردا پێمان دەڵێت مێژووی ڕابردوو مێژووی شەڕ و پێکدادان بووە. مێژووی خوێن بووە، لێرەشەوە سەرنجمان بۆ ئەوە دەچێت ئایا مرۆڤ بە سروشتی و بە خۆڕسکی تینووی ڕشتنی خوێنە یان ململانێ لەسەر دەسەڵات وای لێ دەکات ببێتە مەخلوقێکی شەڕەنگێز و خوێنڕێژ، یان لە لایەکی ترەوە مێژووی شەڕ و خوێنڕشتن بە درێژایی ڕابردوو تاکو ئێستاش پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە لە مێشکی مرۆڤایەتیدا ئەو ڕاستییە لە دایك نەبووە کە تێبگات لە هەقێك و لە حەقیقەتێك زیاتر هەیە، لە ڕوانینێك و لە بینینێك زیاتر هەیە؟ گرنگیی ئەو جیهانبینییەی لە پشتی ئەم شیعرەی شێرکۆوە ڕاوەستاوە ئەوەیە، لە کاتێکدا لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و عەقڵی کورددا تاکە ڕوانین و بۆچوون و بیرکردنەوەیەك گوتاری باڵادەستە و زەمینەی دان نان بە ڕوانین و بۆچوون و بیرکردنەوەکانی تردا نەڕەخساوە، ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات هەموو ناکۆکی و شەڕ و خوێنڕشتنەکان دەرئەنجامی ئەو تێڕوانینە یەك ڕەهەند و تاك مەودایەن لە عەقڵی ئێمەدا، کە جگە لە خۆیان هیچی تر نابینن و ناتوانن دان بە بوونی هیچ جیاوازییەکدا بنێن.

لێرەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە هەرچۆن یەکەم پایەی ڕۆشنبیریی کوردی پایەی شیعری بووە، بە هەمان شێوە شیعر دەبێتە پانتاییەك بۆ بەرجەستەکردنی گوتارە جۆراوجۆرەکان لە مێژووی ئێمەدا، گوتاری شیعری بارگاوی دەبێت بە توخم و ڕەگەزەکانی گوتاری کۆمەڵایەتی. هەر لێرەوەیە شیعر لە پانتایی ڕۆشنبیریی کوردیدا، شان بە شانی گوتاری شیعری، بۆتە بەرهەمهێنی گوتاری کۆمەڵایەتیش، ئەگەرچی ئەو گوتارە کۆمەڵایەتیە زۆرجار تەنیا لە سنووری گوتراوێکی نائەکتیڤدا ماوەتەوە و ئەنجام وەکو حاڵەتێکی بێگیان ماوەتەوە و نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئاسەوارێك لە ژیانی کۆمەڵایەتی و فیکری و ڕۆشنبیریی ئێمەدا بەجێبهێڵێت یان کاریگەریی دیاری هەبێت.

شاعیر پێی وایە هەتا ئەو ڕۆژە لەناو سەریا ڕاستیەك دانەگیرسێنێ جەنگەكانی خوێنڕشتن كۆتاییان نایەت. هەر لێرەوە پرسیار دەربارەی سروشت و گەوهەری ئەو ڕاستیە سەرهەڵدەدات كە ئەو كردویەتی بە مەرج بۆ كۆتاییهاتنی خوێنڕشتن، ئەویش داگیرساندنی ڕاستیەكە. لێرەدا پرسیار بەرامبەر بەو ڕاستییە سەرهەڵدەدات. كام ڕاستی؟ ئایا ئەوەی پێشتر بە هەقی دەزانی كاتێ دەیگوت تاكە كەلێ هەبێ خۆری هەقی لێوە هەڵبێت ئەوە منم، دەشێ ئێستاش هەر لەو هەقە بدوێ؟ ئایا دەبێ هێشتا وا بڕوانێت كە هەق لای ئەمە و داگیرساندنی ڕاستیەكەش لە سەری ئەمدا پەیوەندیی بەو ڕوانینەی یەكەم جارییەوە هەیە؟ ئینجا ئایا ئەوەی ئەو پێی وایە ڕاستییە، دەشێ ڕاستییەكی ڕەها بێت و لەهەر مەوداو ڕەهەندێكەوە بە تیشكەنیگای جیاوازیش لێی بڕوانرێت، هەر وەكو ڕاستی بمێنێتەوە؟ بێگومان وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە لە كۆتایی شیعرەكەدا دەدرێتەوە و بە شێوەیەكی ئاشكرا گەوهەر و ماهیەتی ئەو ڕاستییە ئاشكرا دەكات و هەر ئەو ئاشكراكردنەش جۆرێكە لە كرداری پەردەلادان لەسەر مێژوویەك كە تاكو ئێستا شاردنەوەو پەردە لەسەرنانی ڕاستییەكان بووەتە هۆكاری ئاژاوە و ناكۆكی و شەڕ و خوێنڕشتن تیایدا، دەشی لە ئاشكراكردنی هەموو پەردە لەسەرنراوەكان هەموو فاكتەرەكانی بارگاویكردنی جەستەی مرۆڤایەتی بە بارگەی شەڕ و خوێن لەكاربكەون یان سست بكرێن. هەر لێرەشەوە داگیرسانی ئەو ڕاستییەی شاعیر بانگەوازی بۆ دەكات، دەشێ سنوورێك لە نێوان ڕابردوو داهاتوودا دابنێت، ڕابردووی خوێنڕشتن و پێكدادان، ڕابردووی هەوڵدان بۆ سڕینەوە و پاسڤكردنی هەموو ئەوانی تر بگۆڕێت بۆ دانان بەوەی زەمەنی تاكە حەقیقەت و تاكە ڕاستی و تاكە بیركردنەوە و تاكە ڕوانین و ڕەهابوونی شتەكان بەسەربچێت و سەردەمی دانان بە بوونی زیاتر لە ڕاستییەك و زیاتر لە تاكە بیركردنەوەیەك و زیاتر لە تاكە ڕوانینێك و زیاتر لە تاكە ڕەهەندێك هاتبێت، ئەم دەقە لە گەوهەردا بانگەشە بۆ ئەو داهاتووە دەكات.

تا ئەو ڕۆژەی لەناو سەرما
ڕاستیەك دانەگیرسێنم!

که من هەرگیز هەموو جوانی و ڕەنگەکان نیم!
که من هەرگیز هەموو خۆر و شەوقەکان نیم!
که من هەرگیز هەموو ئەسپ و حیلەکان نیم!

له چرکەساتێکدا منی قسەکەری شیعرەکه دابڕانێك لەگەڵ ئێستا و ڕابردووی خۆیدا دەکات و تێدەگات که ئەو نه تاکه درەختی جوان و نه تاکه چیای سەرکەش و نه تاکه ئەسپی ڕەسەنە. واتە دەگاتە ئەو بۆچوونەی شەڕی نێو دارستانەکان و شەڕی شاخەکان و شەڕی ئەسپەکان هەر بەو چاوە سەیری دنیای کردووە کە هەموو ڕاستیەکان لای ئەمەو ئەم خاوەنی بەرزترین توانا و بەرزترین لێهاتوویيە لە هەموو بوارەکاندا. ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە بگوازێتەوە بۆ ڕوانینی تایبەتی شاعیر لە دەرەوەی دەقەکەدا، ئەوا دەشێ وەهای لێك بدەینەوە که ئەم شیعرە هەر چۆن بریتیيە لە ئۆتۆبایۆگرافی ژیانی شیعری شێرکۆ، لە هەمان کاتدا داننانی ئەوە بەوەدا کە جۆرێك لە نەرجسیەت لە ژیانی ئەودا ئامادەبوونی هەبووە و جگە لە خۆی نەیتوانیووە ئەوانی تر ببینێت، ئەگەرچی من وەکو پێشتریش نووسیوومە (من) لە ئەزموونی شیعری شێرکۆدا بریتی نیە لە (من)ی شێرکۆ وەکو تاکە کەس، بەڵکو بریتیيە لە (من)ی کورد، بۆیە دەشێ هەر لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینە وای بۆ بچین شێرکۆ بە ناوی کوردەوە قسەبکات و ئەوەی خۆی بە هەموو جوانی و ڕەنگەکان و هەموو خۆر و شەوقەکان و هەموو ئەسپ و حیلەکان دەزانێت ئەوە کوردە، بەڵام ئێستا (من)ی کورد لەوە تێگەیشتبێت کە ئەو بۆچوونە ڕاست نیە. کەواتە شێرکۆ لەم شیعرەدا گوتارێکی نوێ بەرهەمدێنێت، ئەویش ئەوەیە ژیانی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ بە پشت بەستن بە بنەماکانی فیکر و مەعریفەی نوێ ئەوەمان بۆ بەرجەستە دەکات کاتێ مرۆڤ وەکو تاك و وەکو کۆمەڵێ دەتوانێ وەکو بوونێکی خاوەن ئیرادە و تەواو خۆی دەربخات و خۆی بنوێنێ و بە کردەوە دان بەو ڕاستیەدا بنێت و کاریشی پێبکات کە ئەم نە خاوەنی هەموو ڕاستیەکان و نە خاوەنی هەموو جوانیەکان و نە خاوەنی هەموو بەها پڕ بایەخەکانە، بەڵکو ئەم چەمك و بەهایانە خۆیان ڕێژەیین و دەشێ هەر کەسە بە جۆرێك و لە ڕوانگەیەکەوە خاوەنیان بێت یان بیانبینێ، یان بەشداری لە بەرهەمهێنان و کارپێکردنیاندا بکات.

ئەم جیهانبینی‌یەی لە پشتی ئـەم دەقـەوە ڕاوەسـتاوە و زیـاتر لـە ئاسـتی نادیـاری دەقەکـەدا دەبیـنرێت ئەوەیـە، بـە درێژایـی مێـژووی دروسـتبوونی زینـدەوەران بـە مـرۆڤ و ئـەوانی تریشەوە ناکۆکی و شەڕ و ئاژاوە و خوێنڕشتنی بـەردەوام دەرئـەنجامی تـێڕوانینی یـەک لایەنـە و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی ڕەها بووە. واتە پەیوەندییەک لە نێوان بـە دەسـتگرتنی دەسـەڵات و نـاکۆکی و شـەڕ و خوێنڕشتندا هەیـە. بێگومـان خواسـتی بەدەسـتهێنانی دەسـەڵات کـارێکی ئاسـایی و ڕەوایـە، بـەڵام کاتـێ تاکـە بیرکردنـەوەیـەک و تاکـە ڕوانینێـک لـە پشـتی دەسەڵاتەوە هەبێت، مانای وایە خاوەنی ئەو تاکـە بیرکردنـەوە و تاکـە ڕوانینـە، کـە نـاتوانن دان بـە بوونـی هیـچ ڕوانـین و بیرکردنەوەیـەکی تـردا بنێـن، بـۆ سـەپاندنی خۆیـان جەنگـەکان بەرپادەکەن و خوێن دەڕێژن. بێگومان ئەو خوێنڕشتنەش کۆتایی نایـەت هـەتا ئـەو تێڕوانینـە باڵادەست نـەبێت کـە پێـی وایـە لـە دنیـادا زیـاتر لـە دەنگێـک و زیـاتر لـە ڕەنگێـک و زیـاتر لـە عەقڵێک و زیاتر لە بیرکردنەوەیەک و زیاتر لە حەقیقەتێک هەیە.

شـیعری (مـاک) سـیناریۆی ژیـانی پاڵـەوانێکمان بـۆ دەگێڕێتـەوە کـە بـە جێگـیری نامێنێتەوە، بەڵکو پاڵەوانێکە لە گرنگی گۆڕان تێدەگات و ئەو تێگەیشـتنەش بـەرەو جۆرێـک لە پەیبردنی دەبات. پەیبردن بە فرەڕەهەندی و فرەمـەودایی هـەموو بـیرو ڕوانـین و هـەق و ڕاستیەک و پەیبردن بەوەی نە هـەق و نـە ڕاسـتی و نـە جوانـی و نـە عەدالـەت و.. لای تاکـە کەسێکەو نە پێوەدانگ و نرخاندنی یەک ڕوانین و فیکر و عەقڵ ڕاست دەردەچێت.

(ماک)، وەکو ناونیشانی شیعرەکە، ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە هـەوێنی بۆچوونـی نوێیـە، بۆچوونێک کە ئومێدی ئەوەمان پێی هەیە ببێتـە حاڵـەتێکی هەمەلایەنـە و سـەرتاپای پانتـایی عـەقڵی و فیکری و کۆمەڵایـەتی ئێمـە بگرێتـەوە، ئـەویش هـەوێنی هەڵوەشـاندنەوەی بنـەما جێگیرەکانی هەر جۆرە بۆچوون و ڕوانـین و تێفکرینێکی بـاوە لـە کۆمـەڵگای ئێمـەدا. شێرکۆ لەم شیعرەدا بانگەشەی دانان بە بوونـی ئـەوانی تـردا دەکات و دەگات بـەوەی کـە تـەنیا کاتـێ جەنگە خوێناوییـەکان و نـاکۆکی و پێکدانـەکان لـە مێـژووی مرۆڤـدا کۆتـایی دێـت، کـە ئـەو عەقڵیەتە لە دایک ببێت کە دان بـە هـەموو جیاوازییـەکاندا بنێت و هـەرچۆن شـەرعیەت بـە بوونی خۆی دەدات شەرعیەت بە بوون و ڕەوابوونی بەرامبەر بە دژ و نەیارەکانیشی بدات.

سەرەتای کانونی دووەم -٢٠٠١ سلێمانی

## پرۆژەی خوێندنەوەی ئەوانی تر
## لە نێوان بنیادنان و شکستدا
## لە قەسیدەی "ڕەنگدان"ی شێرکۆ بێکەس دا

قسەکردن لەسەر قەسیدەیەکی وەکو "ڕەنگدان" ناشێت لە تەنیا لێکۆڵینەوەیەکدا جێگای ببێتەوە بە لایەنی کەمەوە لەبەر دوو هۆ: یەکەمیان لەبەر درێژی قەسیدەکە. دووەم لەبەر ئەو ڕووبەرە فراوانەی کە ئەم قەسیدەیە لە زمان و هێما و مێژوو، سروشت و یادەوەریدا داگیری دەکات و لە پاڵ ئەوەشدا چۆنێتی کارکردنی ئەم ڕەگەزانە پێکەوە بۆ بەرهەم هێنانی شیعریەت و بۆ بەرجەستەکردنی جیهانبینی‌یەك کە لە ئەزموونی شێرکۆدا ئەو جیهانبینی‌یە مێژوویەکی کۆنی نی‌یە و ئەوەندەی من ئاگادارېم لە ئەزموونی ئەم شاعیرە، سەرەتای ئەم جیهانبینی‌یە لە شیعری "ماك"ەوە دەست پێدەکات. ئەو جیهانبینی‌یەش بینینی فرەدەنگی و فرە ڕەنگی و بەرجەستەکردنیەتی.

با لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین: ڕەنگ چی‌یە؟ چ مانایەك هەڵدەگرێت؟ بۆچی شاعیر "ڕەنگ" لەگەڵ پاشگری "دان" دەکاتە ناونیشانی ئەم قەسیدەیە؟

ڕەنگە لێرەدا پێویستمان بە پێناسەی فیزیاوی ڕەنگ نەبێت بەڵکو لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە لە ڕەنگ و پێناسەی ڕەنگ بپرسین، لەم ڕوانگەیەشەوە ڕەنگ دەبێتە پێناسە بۆ جیاکردنەوە، بۆ جیاوازی بۆ لێك نەچوون. کەواتە ئەو مانایەی ڕەنگ هەڵیدەگرێت لە گەوهەردا جیاکردنەوەی شوناسە. هەر ڕەنگە و دەلالەتە بۆ شوناسێك، بۆ ئاڕاستەیەك بۆ جۆرێك لە بیرکردنەوە، بۆ جۆرێك لە ڕوانین. ئەو ناونیشانەی کە شاعیر بۆ ئەم قەسیدەیەی هەڵبژاردووە و لە ڕووی زمانەوە مانای شوێنی ڕەنگ دەگەیەنێت، سەرنجمان بۆ سەرچاوەی چەندین ڕەنگی جیاواز ڕادەکێشێت، کەواتە ئەو سەرچاوەیە چی‌یە یان لە کوێیە یان کێیە؟ هەر لەگەڵ چوونە ناو سنووری دەقەکەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت ئەو سەرچاوەیە خودی شاعیر خۆیەتی کە ڕەنگەکانی لێوە بەرهەم دێت کەواتە شوێنی دروست بوون و بەرهەم هاتنی دەنگەکان لە دەرەوەی

کەسێتی شاعیردا نین، هەر بۆیە لێرەوە شاعیر لە نێوان خۆی و دەرەوەی خۆیدا پەیوەندییەك دروست دەكات، پەیوەندی ئەمی بەرهەمهێنی ڕەنگەكان لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا واتە لەگەڵ بینەر و وەرگر و مامەڵەكەری ئەو ڕەنگانەدا. كەواتە لێرەوە جارێكی تر ئەو پرسیارەی كە پەیوەستە بە گەوهەر و ناسنامەی ڕەنگەوە هەم لە ڕوانگەی خودی بەرهەمهێنی ڕەنگەكان خۆیانەوە، هەم لە ڕوانگەی تێڕوانینی ئێمەوە سەرهەڵدەدات. ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئاشكراكردن و پەردەلادان نیە لەسەر گەوهەر و ناسنامەی ڕەنگەكان، بەو ئەندازەی كە مەبەستمانە چۆنێتی كاركردنی شاعیر بۆ بەرهەم هێنانی شیعریەت و بەرجەستەكردنی جۆرێك لە جیهانبینی كە لەو دیوی تاك ڕەنگی و تاك دەنگییەوەیە بخەینە بەردەم پرسیارەوە. هەر لە سەرەتاشەوە ناونیشانی دەقەكە جۆرێك لە ئاماژەمان بۆ لایەنگیری زیاد لە ڕەنگێك پێشكەش دەكات، ئەوەش لە ئاستێكی تردا دەبێتە سەرەتا بۆ گرانەوە بە دەرەوەی خۆدا، بۆ بینین لەو دیوی تەنیا بینینێكەوە، بۆ سەرنجدان لە زیاتر لە پنتێكەوە، بۆ ئاراستەكردنی ڕوانین لە زیاتر لە تاكە ئاراستەیەكەوە. كە بێگومان سەردەمی ئێستا لەگەڵ ئەوەدا كە سەردەمی تایبەتمەندییە لە كار و چالاكیدا. بەڵام سەردەمی فرەیی و هەمە دەنگییە لە بیركردنەوەو پەسەندكردندا.

> من بە یەك ڕەنگ، یەك درەختم كرد بە دۆستم
> ڕەهەندێكیش بوو بە مەودا بۆ ڕوانینم
> من بە دوو ڕەنگ، دوو باڵندەم هێنایە ناو هەڵبەستمەوە
> دوو ئاسۆگەیش بوون بە مەراق بۆ فڕینم
> من بە سێ ڕەنگ سێ پەنجەرەم لەسەر خەیاڵیم كردەوە.

كاتێ شاعیر یەك ڕەنگی پێ پەسەند دەكرێ و یەك ڕەنگ دەپەرستێ و یەك ڕەنگ دەبێتە ئامانج و بەرنامەی ژیانی واتە هەموو ڕەنگەكانی تر ڕەت دەكاتەوە، لەم حاڵەتەشدا هەموو بنەماكانی فرەدەنگی دەكوژێت، بوارێك نامێنێتەوە بۆ جیاوازی، بوارێك نامێنێتەوە بۆ قبوڵكردنی ئەوانی تر، بێگومان لە هیچ كات و شوێنێكدا تاكە دەنگ و تاكە ڕەنگ نابنە بەڵگەی بوونێكی تەواو و خاوەن ناسنامە تەنیا لە ڕوانینە

ئاینییەکانەوە نەبێت کە بوونی تەنیا خوایەك و تەنیا پەیامێك و تەنیا ڕاستییەکی موتڵەق پێی لەسەر دادەگیرێت و فیکری دینیش لەسەر بنەمای ئەو تاك پەرستی و تاك بینین و تاك ئاڕاستە کردنە بیناکراوە. هەڵبەت لە دەرەوەی فیکری دینیش هیچ فیکری و ڕوانینێکی تر نیە کە بتوانێت ببێتە فیکر و ڕوانینی موتڵەق و تەنیا ڕاستی و تەنیا حەقیقەت بێت.

کاتێ یەك ڕەنگ دەپەرستی و یەك ڕەنگ قبوڵ دەکەیت مانای وایە هەموو ڕەنگەکانی تر ڕەت دەکەیتەوە، هەر ڕەتکردنەوەیەکیش بریتییە لە جۆرێك لە کوشتن کەواتە لە ڕەتکردنەوەی ئەوانی تردا تۆ پرۆسەی کوشتنی ئەوانی تر ئەنجام دەدەیت، لە بارێکی وەهاشدا سیماکانی جوانی دەکوژرێن، دەنگە جیاوازەکان دەخنکێنرێن، زەمینە بۆ ئەوە ئامادە دەکرێت کە هەمووان لە کەسێتی یەك کەسدا کۆببینەوە و یەکێك بۆ هەموومان بیربکاتەوە.. دیارە ئەوەش نەك هەرباری سروشتی ئەو زەمینە کۆمەڵایەتی و مێژوویی کەلتوورییەیە کە ئەم دەقەی تێدا بەرهەم هاتووە بەڵکو باری سروشتی هەموو ڕۆژهەڵاتە کە زەمینەی بەرهەم هاتنی ئەم دەقەیەش دەکەوێتە ئەوێوە. هەڵبەت هەر ئەم تاك ڕوانین و پەسەندکردنی تاك ڕەنگییەیە کە ڕۆژهەڵاتی کردۆتە زەمینەی بەرهەمهێنانی تاکە فەرمانڕەوا و تاکە عەقڵ و تاکە سەرکردە و تاکە حیزب و هەموو ئەمانەش بەبێ جیاوازی یان دیکتاتۆرێکی موتڵەقن یان کۆرپەلەی ئەو دیکتاتۆرە لە ڕۆحیاندا یان لە هەناویاندا دەژی و لە چاوەڕوانی هەلی لە دایك بووندایە.

شاعیر هەر لە دەستپێکی دەقەکەوە سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە یەك ڕەنگ، یەك دۆست پەیدا دەکات، یەك بینین بەرەو یەك ئامانج دەڕوات، هەموو ئەم حاڵەتانەی کە "تاك یان یەك" دەکەوێتە پێشیانەوە لە گەوهەردا پرۆژەی کوشتنی ئەوانی تر و کوشتنی جیاوازییەکانیان هەڵگرتووە.

شاعیر ئەمجارە و لەم دەقەدا زیاتر لە خۆیەوە دەست پێدەکات و خۆی وەکو بکەری ڕووداو دروستکەر پێشکەش دەکات و ئەوەی دەبێتە سەرچاوەی ڕەنگەکان خۆیەتی، ئەوەی دەیەوێت زیاتر لە ڕەنگێك بەرهەم بهێنێ و زیاتر لە ڕەنگێ ببینێت خۆیەتی، ئەوەی مێژووی ڕەنگ لە سەر پانتایی بوونی ئێمە لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا دەگێڕێتەوە

خۆیەتی بە واتا شاعیر لە بری ئـەوەی وەکـو ئـەزموونی دوورو درێـژی پێشـتری هـەموو ڕەگەزەکانی سروشت و مێژووی ئینسانی کورد بکاتە توخمەکانی بەرهەم هێنانی شـیعر و بوونی خۆی وەکو خـودی شـاعیر لـە ئامادەکردنـەوەی ئـەو ڕەگەزانـەدا ببینێـت، لـەم قەسیدەیەدا خود کراوە بە سەنتەر و لەوێوە هەموو شتەکان سەرچاوە دەگرن، ئـەوەش ئەو هەنگاوەیە لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە دیارەماندا مرۆڤ کە لێرەدا مەبەسـت خودی شاعیرە دەکرێتە سەنتەر، کە ئەم حاڵەتە لە کەلتووری ڕۆژهەڵاتیدا بـە گشـتی و لە کەلتووری کوردیدا پێشتر جێگایەکی ئەوتۆ دیاری نەگرتووە لە ئەزموونە دیارەکانی ئەدەبی ئێمەدا.

شاعیر لە ئەزموونی پێشتریدا هەموو سروشـت و مێـژو و مرۆڤـی کـورد وەکـو یـەك ڕەنگ سەیردەکات و هەموویشـیان بـە هـەمان پێوانـە دەکاتـە ڕەگـەزی بەرهـەم هێنـانی شیعریەت و بەرهەم هێنانی جیهانبینی‌یەك کە پەیوەستە بە بوون و مێژووی کوردەوە کـە ئـەویش مێژووییـەکی کوژراوە. بـەڵام لـە قەسـیدەی ڕەنگدانـدا نـەك هـەموو ئـەو ڕەگەزانەی پێشتر کۆناکاتەوە بۆ بەرجەستەکردنی یـەك ڕوانـین، بـەڵکو دەیـەوێت هـەر ڕەگەزە بەسەربەخۆ ببینێت و بۆ هەر ڕەگەزەش ڕەنگێك بەرهەم بهێنێت کـە ئـەویش بـە مەبەسـتی بەرهـەم هێنـانی زیـاتر لـە عـەقڵێك و زیـاتر لـە ڕوانینێـك و زیـاتر لـە خوێندنەوەیەك و زیاتر لە بیرکردنەوەیەك و زیاتر لە هەڵوێستێکە.

بەڵام من بە گشت ڕەنگەکان
باخچەیەکم کرد بە دۆست و بە هاودەم و
هەزار باڵندەم هێنایە هەڵبەستمەوە و
هەزار ئاوازم پژانە ناو گوێمەوە
ئیتر ئەوسا.. هەموو زەمین.. بوو بە کەژاوەی تەماشا و
بوو بە ڕەنگدانی بەردەستم و خەیاڵیشم بوو بە فەزا و..
ئیتر ئەوسا.. من لێرەوە.. قاڕەی پێست ڕەش و
پێست زەردوو.. قاڕەی سپی و سەوز و سوورم
یەك یەك دووان.

کاتێ کە شاعیر هەموو ڕەنگەکان دەکاتە مەبەستی بینین، ئەوسا وەکو دادوەرێك هەموویان دەبینێ، خۆ ئەگەر بابەتیانە سەیریان بکات ئەوا باخچەیەك دەبینێ کە بە هەموویان ڕازاوەتەوە. لە بینینی هەموو ڕەنگەکاندا جۆراوجۆرێتی لە هەڵبەستەکانیدا فەراهەم دەبێت و ئاوازی جۆراوجۆریش دەپژێتە گوێچکەیەوە. بە مانایەکی تر شاعیر دەیەوێت بڵێت ئێستا لە ڕوانگەیەکی کراوەترەوە سەیری دنیا دەکەم و پێم وایە کرانەوەش بە ڕووی دەرەوەی خۆداو بینینی جۆراوجۆرێتی و جیاوازی دەبێتە بنەمای بەرهەم هێنانی فرەدەنگی و فرە بۆچوونی. لەو ئاقارەشدا شاعیر زیاتر لە پرسیارێك و زیاتر لە جیهانبینییەك و.. بەرهەم دێنێ.

ڕەنگە لە پشتی ئەم تێڕوانینەی شاعیرەوە سەرباری جۆرێك لە شۆڕبوونەوە بەناو خۆداو لە خۆپرسینەوەی شاعیر لە خۆی، هۆکارێکی دەرەکیش لەم هەڵوێستەدا دەوری تایبەتی خۆیی هەبێت کە ئەویش بەردەوام لە دەرەوەی دەقەکانی شێرکۆوە ئاڕاستە دەکرێت و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت سەرباری کارکردنی شێرکۆ لە پانتایی مێژووی کورددا، سەرباری وەستانی شێرکۆ بە درێژایی مێژوویی خۆی لە بەرەی گەلدا و لە ڕیزی شۆڕشگێڕترین بەرەی هەر قۆناغێکدا، بەڵام هێشتا زۆربەی کات وەکو شاعیری دەستەیەك یان لایەنێك حساب دەکرێت.. دەست کردن بەم حوکمدانە بەسەریدا دەشێ هۆکارێك بێت کە شێرکۆ وا لێ بکات بانگەشەی فرە دەنگی و فرە ڕەنگی خۆی بکات، یان لە ئاستێکی تردا بڵێت نەخێر من شاعیرێکی داخراوی بەشێك نیم بەڵکو من شاعیری زیاتر لە دەنگێك و زیاتر لە ڕەنگێك و زیاتر لە بینینێك و زیاتر لە عەقڵێکم، بەڵکو شاعیری نەتەوەیەکم بە هەموو ڕەنگ و دەنگەکانیەوە. لە ڕاستیشدا هەروایە شێرکۆ ئەو شاعیرەیە لە ئەزموونی شیعری خۆیدا ڕاستە لە بواری بەرهەم هێنانی گوتاری مانەوەی کوردیدا کاری کردووە بەڵام وەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردووە بۆ ئەو مەبەستە سەرجەم توخمەکانی سروشت و مێژوو مرۆڤی کوردی کردۆتە ڕەگەزی بنیادنانی ئەو گوتارە و لەو پرۆسەیەشدا هەموو پێکهاتەی سروشت و مێژوو و یادوەری ئێمە و بە خودی خۆیشمانەوە وەکو مرۆڤ بەبێ جیاوازی بووینەتە بنەمای شیعری شێرکۆ، هەربۆیە ئەگەر بە ئاڕاستەی هەڵوەشاندنەوە کار لەسەر دەقەکانی ئەم شاعیرە

بکرێت ئەوا بە ئاشکرا ئەو فرە ڕەگەزی و فرە ڕەهەندییە لە بنیادی دەقەکانیدا دەبینرێت. ئەگەرچی هەڵوێستگرتنی لەگەڵ بەشێك لە بزوتنەوەی کوردایەتیداو بە هێما کردنی شەهیدو سەروەرییەکانی ئەو بەشە زیاتر سیمای حیزبایەتیان لەسەر حسابی شاعیرێتی بە شێرکۆ بەخشیووە.

چیرۆکی ڕەنگ بووە چیرۆکی دیدەم
یەك یەکتری ئەخوێننەوە
منداڵی ڕەنگ.. بووە بە منداڵی وشەم
یەك لەناویەکدا ئەبارن و
یەك یەکتری ئەنووسنەوە.

ڕەنگ بە جۆرێك لە ڕوانینی شاعیردا جێگای گرتووە کە مەودای بینینی ئەویان داگیرکردووە، ئەویش تاکە ڕەنگێك نییە بەڵکو ڕەنگەکانن هەر لەوێوە بە ئاشکرا ناسنامەی ڕەنگەکان دەردەکەوێت کە بریتین لە ناسنامە و فیکر و عەقڵ و ڕوانینە جۆراوجۆر و جیاوازەکان. کەواتە لە ئاستی یەکەمدا شاعیر لەم دەقەدا زەمینە بۆ ئاخاوتن لە فرە دەنگی و فرە ڕەنگی ئامادە دەکات، لە ئاستی دووەمدا لەسەر ئامادەبوونی زەمینەی فرە دەنگی و فرە ڕەنگی فەزا بۆ دانانی ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکان بە یەکتریدا ئامادە دەکات. لێرەوە ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا ئەم وێنایەی کە شاعیر بۆ فرە دەنگی و فرە ڕەنگی و خوێندنەوەی یەکتری دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان دەیکێشێت لە واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمەدا بوونی هەیە یان بنەمای دەرکەوتنی لە ئارادایە؟ یان بە شێوەیەکی تر ئەو حاڵەتە تەنیا لە ڕوانینی خودی شاعیردا سەرهەڵدەدات و بەرەو فۆرمەلە بوون دەچێت؟ یان هەوڵێکە بۆ بەلاوەنانی ئەو حوکمانەی وەکو شاعیری تاکە حیزبێك بە سەریدا دەدرێت.

بێگومان ئەگەر وردبینانە و دوور لە وەهم و خۆ فریودان سەیری واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی و تەنانەت هەموو ڕۆژهەڵات بکەین هەموو ئەو قسەو باسانەی لەسەر فرە دەنگی و فرە ڕەنگی دەکرێن جگە لە کۆمەڵێ قسەی بێگەوهەر و بێ ناوەڕۆك کە وەکو دروشم لە لایەن دەسەڵات و سیستەمە سیاسییەکانەوە

بەرزکراونەتەوە بۆ ڕازاندنەوەی ڕووکەشی کۆمەڵگا هیچی تر نین، ئەمەش بەو مانایە نییە کە تاوانی تاکە کەسێك یان گروپێك یان بیرکردنەوە و عەقڵێکە، نەخێر ئەو حاڵەتە باری سروشتی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکانە بە ئێمەشەوە. زۆرجار بە ئاشکرا دەسەڵاتی ڕۆژهەڵاتی و لەناویدا دەسەڵاتی سیاسی کوردی باسی فرە دەنگی و فرە ڕەنگی دەکات و لە نموونە و شێوازی خەباتی نموونەیی دەدوێت بەڵام هەموو ئەو دروشم و قسانەش تەنیا بە مەبەستی بانگەشەکردنە بۆ خۆی وەکو نموونەی یەکەمی ئەو فرە دەنگی و فرە ڕەنگییەی کە بانگەشەی بۆ دەکات. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە ڕاستیدا لە واقیعی سیاسی و کەلتووریی ئێمەدا و لە سروشتی دەسەڵاتی ئێمەدا باری فرە دەنگی و فرە ڕەنگی بوونی نییە. ڕەنگە لە ئێستادا لەسەر ئاستی کوردستان چەندین ڕێکخراو و پارتی بەناو جۆراوجۆر هەبێت بەڵام لە ڕاستیدا لە گەوهەردا یەکن و لە شێوازی ڕوانین و پیادەکردنی ڕۆژانەی سیاسیاندا بە هەمان شێواز کاردەکەن ئیتر هەر ناوێکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردبێت، ئەو توندوتیژییەی کە ڕێکخراوێکی ئیسلامی توندڕەو مومارەسەی دەکات و لەبەرئەوەی جگە لە خۆی مافی بوون بە کەسی تر نادات، جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە بەناو عیلمانیەی کە بچوکترین ڕەخنە بەسە بۆ ئەوەی کە کەسی ڕەخنەگر بخاتە سەنگەری دوژمنانی خۆیەوە.

ئەمەی سەرەوەمان بۆ ئەوە هێنایەوە کە پێ لەسەر ئەوە دابگرین ژینگەی کۆمەڵایەتی ئێمە تاکو ئێستا ئەو ژینگەیەیە کە جێگای فرە دەنگی و فرە ڕەنگی نییە بەڵکو ژینگەی تاکە دەنگ و تاکە عەقڵ و تاکە ڕوانین و تاکە لێکدانەوەیە. کەواتە ئەوەی شێرکۆ لەم قەسیدەیەدا بانگەشەی بۆ دەکات لە واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمەدا بوونی نییە، بۆیە لەم حاڵەتەدا بەرەو دوو لێکدانەوەی تر دەچین یان شاعیر یۆتۆپیایەکی دروستکردووە و لەو یۆتۆپیایەشدا بە خەیاڵی شیعری فرە دەنگی و فرە ڕەنگی کە لە خاسێتە زیندووەکانی ئەو یۆتۆپیایەن دەخولقێنێ. بێگومان ئەمەیان لێکدانەوەیەکی گونجاوە لە ڕوانگەی شیعریەتەوە چونکە ئەوەی ئێستا دەشی وەکو جۆرە پێناسەیەك بۆ شیعر باسی لێوە بکرێت بریتییە لە دروستکردنی یۆتۆپیا بە

پشت بەستن بە کاری خەیاڵ و نەست. بۆیە دەشێ ئەوەی کە لێرەدا شاعیر باسی لێوە دەکات و وەکو زەمینەیەك بەرجەستەی دەکات کە تیایدا فرەدەنگی سیمای ئاشکرایە لەو واقیعەدا، تەنیا ئەو یۆتۆپیایە کە شاعیر بە خەیاڵ دروستی دەکات و دەشێ وەهایشی لێك بدەینەوە کە ئەوی شاعیر وەکو کەسێکی هەستیار گەیشتن بەو ئاستەی بیرکردنەوە کە فرە دەنگی و فرە ڕوانین و فرە لێکدانەوەیی پەسەند دەکات و مەبەستیەتی ببێتە باری ئاسایی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لە ژینگەی کۆمەڵایەتی ئێمەدا.. ئەو حاڵەتە لە باری نەستی ئەودا جێگای گرتبێت و ئێستا لە ڕێگای کارکردنی نەست و خەیاڵەوە ئەو ڕوانینە گواسترابێتەوە بۆ نێو دەقەکە و دروستکردنی ئەو یۆتۆپیایە لە سنووری دەقەکەدا لەژێر کاریگەری کارکردنی نەست و خەیاڵی داگیرکراوی شاعیردا بێت بەو ڕوانینە نوێ و هاوچەرخە.

دەشێ ڕاستەوخۆش وەهای لێك بدەینەوە کە ئەوەی شاعیر بانگەشەی بۆ دەکات لە بارەی فرە دەنگی و فرە ڕەنگیەوە، تەنیا وەکو حاڵەتێك لێك بدرێتەوە کە بارێکی تایبەتە بە خودی شاعیر و ئاستی بیرکردنەوەی لە ئێستادا و لە هەمان کاتیشدا وەکو ڕەتکردنەوەیەکی ئەو بۆچوونەی کە هەندێ جار لە دەرەوەڕا ئاڕاستەی شاعیر دەکرێت بەوەی کە گوایە شاعیر لە ئەزموونی دوورودرێژ و دەوڵەمەندی شیعری خۆیدا لە سنووری بەرهەم هێنانی تاکە گوتارێك دەرنەچووە کە ئەویش گوتاری مانەوەیە کە مەبەست لەوەش مانەوەی کوردە وەکو نەتەوەیەك.

بەهەرحاڵ گرنگی ئەم دەقە لە ڕوویەکەوە ئەوەیە کە زیاتر لە تاکە لێکدانەوەیەك هەڵدەگرێت کە ئەوەش هەم خاسێتی دەقی زیندووە هەم هاوشێوەیە لەگەڵ ناونیشانی قەسیدەکە کە "ڕەنگدانە" و شوێنی بەرهەم هێنانی ڕەنگەکان یان شوێنی دانانی ڕەنگەکانە کە ئەویش جۆرێك لە فرەیی نیشان دەدات، دیسان زیاد لە لێکدانەوەیەکی دەقەکە لەگەڵ ئەو فرە ڕەنگی و فرە دەنگیەدا یەك دەگرێتەوە کە شاعیر بانگەشەی بۆ دەکات، بە مانایەکی تر چ لە ناونیشان و چ ئاستەکانی تری دەقەکەش کاردەکەن بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی جیهانبینی پشتی دەقەکە.. کە بریتیە لە زەمینە ڕەخساندن بۆ بەرهەم هێنانی فرە دەنگی و فرە ڕەنگی.

منداڵی ڕەنگ.. بووە بە منداڵی وشەم
یەك لە ناو یەكدا ئەبارن و
یەك یەكتری ئەنووسنەوە

شاعیر پێی وایە كە ڕەنگەكان لەناو یەكدا ئەبارن، مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیە كە ڕوانینە جیاوازەكان، لەناو یەكتریدا دروست دەبن و سەرهەڵدەدەن بێگومان تا ئێستا ئەمە كارێكی ئاساییە، بەڵام لە دوای بوونی ڕوانینە جیاوازەكان پێكەوە ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، ئایا ئەو ڕوانینە جیاوازانە توانای پێكەوە ژیانیان هەیە؟ بەڵام بۆ ئەوەی ئەم پرسیارە لە ئاستی گوتراودا بەرز بكرێتەوە، دەقەكە ئەوەمان پێشكەش دەكات كە بە سروشتی ئەم ڕوانینە جیاوازانە نەك تەنیا دەتوانن پێكەوە بژین بەڵكو یەكتریش تەواو دەكەن و دەشێ بڵێین یەكتریش بەرهەم دێنن. بەڵام لێرە ئەگەر بمانەوێت بۆ هاوشێوەی ئەم بۆچوونە لە دەرەوەی دەقەكەدا بگەڕێین بێگومان نزمترین ئاستی ئەو تەبایی و قبوڵكردنەی یەكتری ڕوانینە جیاوازەكانمان بەرچاو ناكەوێت و دەتوانین بڵێین دیسان ئەوەی شاعیر دروستی كردووە و تیایدا چەندین ڕاو بۆچوونی جیاواز بوونیان هەیە و یەكتریش قبوڵ دەكەن و بگرە لەسەر بنەمای ئەو تێزە فیكرییەی كە پێی وایە تەنانەت دژەكانیش یەكتری تەواو دەكەن.. ڕوانینە جیاوازەكانمان پێشكەش دەكات.. ئەوە جگە لە یۆتۆپیایەك نەبێت كە لە شیعردا بەرهەم دێت ئەوە بە هیچ شێوەیەك لە واقیعدا بوونی نییە. لە پشتی ئەم ڕوانینەی شاعیرەوە ئاڕاستە جوڵەیەك ڕاوەستاوە بۆ گێڕانەوەی بەها ئەخلاقیەكان بە مەسەلەكانی جیاوازی یان بەخشینی بەهای ئەخلاقی بە مەسەلەكانی جیاوازی كە لەسەر واقیعی كۆمەڵایەتی و كەلتووری و سیاسی ئێمە و هەموو ڕۆژهەڵاتیش چەمكی جیاوازی وەكو چەمكێكی بێگیان و تەنیا لە سنووری قسەدا بوونی هەیە و ئەمەش سەندنەوەی گەوهەر و بەها ئەخلاقیەكانە لەو چەمكە، بە واتا جیاوازی لە ڕوانینی ڕۆژهەڵاتیانەوە بە پێی فەرهەنگ و كەلتوورە ڕۆژهەڵاتیەكان چەمكێكە لە دەرەوەی بەها و ئەخلاقە مرۆییەكان و هەر لە ئەنجامی ڕووتكردنەوەی ئەو زاراوەیەدا لە هەموو بەها گەوهەرییەكانی لەم ڕۆژهەڵاتەدا هەموو بنەماكانی دیموكراتی و

قبوڵکردنی ئەویتر بەر لە سەرهەڵدان و دەرکەوتنیان کوژراون. شاعیر لەسەر زەمینەی ئەم واقیعە ناجۆرە بۆ قبوڵکردنی هەر جیاوازییەك یۆتۆپیایەك دروست دەکات کە تیایدا ڕاو ڕوانین و بۆچوونە جیاوازەکان نەك هەر یەکتر قبوڵ دەکەن بەڵکو یەکتریش تەواو دەکەن کە ئەمەش لە واقیعی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ئێمەدا پێچەوانەکەی ڕاستە و دەرکەوتنی هەر جیاوازییەك بۆتە هۆی ئاژاوە و پێکدادان و کوشتنی بەشێك لە هەمان ئەو جەستەیەی کە ئەو جیاوازییەی بەرهەم هێناوە، ڕاستە لە دەستپێکی دەقەکەدا زەمینە بۆ ئەو فرە دەنگی و فرە ڕەنگی‌یە ئامادە دەکرێت، بەڵام دواتر ئەو زەمینەیە لە سنووری دەقەکەشدا هەرەس دێنێ.

پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە بنیادی پێکهێنەری دەقی ڕەنگدان لەگەڵ ئاڕاستەی ئەو تیمە سەرەکیەی کە دەقەکە لە ڕێگای بەرهەمهێنانی شیعریەتەوە دەیکاتە جیهانبینی خۆی یەك دەگرنەوە. واتە فرە ئاڕاستەیی و فرە لێکدانەوە و فرە وێنەیی و تابلۆی ڕەنگاوڕەنگ هەریەکە بە جۆرێك بەشداری دەکات لە بەرهەم هێنانی ئەو جیهانبینی‌یەدا.

شاعیر پێشەنگایەکمان لە تابلۆی جۆراوجۆر بۆ دەکاتەوە کە هەر تابلۆیەك ناسنامەیە بۆ ڕەنگێك یان بە مانایەکی تر بۆ بۆچوونێکی جیاواز لەوانی تر، ژمارەی تابلۆکان دوانزە تابلۆیە، ڕاستەوخۆ خەیاڵی لێکدانەوە بۆ ئەوە دەچێت ئایا ئەو دوانزە تابلۆیە دەشێ پەیوەندییان بە دوانزە مانگەکەی ساڵەوە هەبێت؟ ئایا ئەو دوانزە تابلۆیە لە پشتەوە مانای بوونی دوانزە ڕوانینی جیاواز هەڵدەگرن؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارانە هەرچی بێت ئەوا سەرجەم ئەو دوانزە تابلۆیە وەکو دوانزە ڕەنگ یان ڕوانین یان لێکدانەوەی جیاواز سەرچاوەکەیان خودی شاعیرە، واتە جیاوازییەکان لای ئەوەوە دەست پێدەکەن، ئەمەش ئەو گەڕانەوەیە بۆ نێو خودی شاعیر خۆی دەسەلێنێت کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد کە ئەمەش حاڵەتێکی تایبەتیە و لەنێو واقیعی ئێمەدا زەمینە بۆ بەرهەم هێنانی تاکو ئێستا فەراهەم نەبووە.

ئەو وەختانەی تەنیاییم و

جەستەی خەیاڵ لەگەڵ یەکتردا جووت ئەبن

هێندە نابا لەناو ژووری حەپەساوما
ڕەنگێك ئەزێ
نە ئەوەتا بڵێی ڕەنگی تەمتوومانە
لە بوولێڵی غەریبیدا و
نە ئەوەتا بڵێی شێوەی لە سەرابە و
یان كت و مت لە دووكەڵ و سوتماك ئەچێ
من نازانم ڕەنگێكە نزیك لەو ڕەنگەی
وەختێ كە ئاوی كانیەكەی عاشقان و
قریشكەكانی ژنان و
خۆڵی ئەنفال
تێكەڵ ئەكرێ!

شاعیر لە باری ئاسایدا كەمتر دەبێتە سەرچاوەی بەرهەم هێنانی ڕەنگە جیاوازەكان، بەڵام كاتێ تەنیا دەبێت زەمینە بۆ ئەو بەرهەم هێنانە دەڕەخسێت چونكە لە تەنیاییدا باری هەستكردن بە تەنیایی و خەیاڵ پێكەوە یەكدەگرنەوە، دەشێ لەو حاڵەتەدا جۆرێك لە گەڕانەوە بۆ ناو جەستەی خود ڕووبدات و ئاكام جۆرێك لە تێڕامان یان لێكدانەوە دروست ببێت لەو ساتەدایە كە لەنێو مێشكی شاعیردا، لەناو خودی شاعیردا ڕەنگێك لە دایك دەبێت بەڵام ناسنامەی تەواوەتی ئەو ڕەنگە ئاشكرا نییە بەڵكو تێكەڵاوێكە و چەند شێوازێكی شیاو بۆ لێكدانەوەی هەیە.. هەتا لە ئاكامدا شاعیر ناسنامەیەكی پێ دەبڕێت ئەویش لەسەر بنەمای كۆكردنەوەی چەند ڕەنگێك كە ئەوانیش لە جۆرە وەسفكردنێكدا خاسێتەكانیان دەردەكەوێت و پێكەوەش ڕەنگی كارەسات و تراژیدیا پێكدەهێنن، ڕەنگی تراژیدیایەكی تایبەت كە ئەویش بەشێكە لە مێژووە وێرانكراوو هەرەس پێهێنراوەكەی شاعیر.

من نازانم ڕەنگێكە نزیك لەو ڕەنگەی
وەختێ كە ئاوی كانیەكەی عاشقان و
قریشكەكانی ژنان و

**خۆڵی ئەنفال.. تێکەڵ ئەکرێ!**

تێکەڵاوکردنی ڕەنگی وێرانکردنی سێ ڕەگەزی زینـدووی مێـژووی ئێمـە، لـە ژووری حەپەساوی شاعیردا واتە لە چرکەساتەکانی تێڕامانیدا ڕەنگێکی تر لەلای ئەو بەرهەم دەهێنن، ڕەنگێك کە لـە سنووری وەسفکردندا دەمێنێتـەوە و نـازانین جگـە لـە ڕەنگـی کوشتنی مێژوو چ ناوێکی تری لێ بنێین. کەواتـە لێرەوە دیسان ئـەوەمان لـە لا ئاشکرا دەبێت کە سەرباری ئەوەی شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ ناو خودی خۆی بـەڵام دیسان لـەوێوە بۆ بەرهەم هێنانی هەر پرسیارێك یان بۆ بەرهـەم هێنـانی شـیعریەت دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو پانتاییـەی کـە لـە ئـەزموونی شـیعری پێشـتریدا کـاری تێـدا کـردووە و لـەوێدا ڕەگەزەکانی بەرهەم هێنـانی شـیعر وەردەگرێـت، کـە ئـەو پانتاییـەش مێـژووی وێرانـی ئێمـە و.. سروشـتی کوردسـتان و مرۆڤـی کوردە، شـاعیر بـۆ بەرجەسـتەکردنی ڕەنگـی تـابلۆی یەکـەم، ڕەنگـی وێرانبوونـی کـانی عاشـقان لـە کیمیـاوی بـاران کردنـدا و ڕەنگـی فریشـتەکانی ژنـان و ڕەنگـی خۆڵـی ئـەنفال کـراو تێکـەڵاو دەکات.. واتـە دیسـان چـەند وێنەیـەك لـە ڕابـردووی وێرانکراوی ئێمـە پێکـەوە کۆلاژ دەکات بـۆ بەرهـەم هێنـانی ڕەنگێکـی نـوێ، ڕەنگێـك کـە پـێی وایـە لـەناو ژووری سـەریدا دەژی.. ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت کـە ئـەم وەکـو شـاعیرێك چـەندێ بگەڕێنـەوە بـۆ نـاوەوەی خـۆی هێشـتا (دەرەوە) واتە مێژوو، سروشت و مرۆڤی کورد ئامادەبوونی خۆیـان هەیـە لـەلای و ئـەم وەکو کەسێتیش دەرەوەی خـودی خـۆی بووەتـە بەشـێك لـە بوونـی و تەنانـەت ئەگـەر بیشیەوێت بگەڕێتـەوە بـۆ نـاوەوەی خۆیـی و دەرەوە پشـتگوێ بخـات، ئـەوە بـە ئاشـکرا دەردەکەوێت کە دەرەوە لە نەستی ئەودا ئامادەبوونی هەیـە.. ئـەوەتا ئـەو ئامادەبوونـە لە کاتی بەرهەم هێنانی شیعردا بە ئاشکرا دەردەکەوێتەوە و خۆی دەردەبڕێت، بـە واتـا نـاتوانرێت، ئـەم وەکـو شـاعیر لـە مێـژووی ئێمـە پـەرت بکرێـت کـە ئـەویش مێـژووی کوژراوی نەتەوەیە.

ئەو ڕەنگەی کە ئەم لە کۆکردنـەوەی ڕەنگـی تراژیدیاکانی مێـژووی ئێمـە دروسـتی دەکات، ڕەنگێـك نیـیە جیـاواز لـەو ڕەنگـە باڵادەسـتەی کـە کۆنـترۆڵی ئاسـتی هەسـت و نەستی ئێمەی کردووە. ئەگەر شوناسیشمان بە ڕەنگ داو وەکو ڕوانینێك سەیرمان کرد

ئەوە بە ئاشكرا دەتوانین بڵێین پەیوەست بە بوون و مێژووی ئێمە ڕوانینێكی نوێ لە دایك نەبووە و بگرە شێوازی بیركردنەوەشمان ئەگەر سەرنجی مێژووی نیو سەدەی ڕابردوو بدەین لەسەر یەك هێڵ وەستاوە و جیاوازی تێدا دروست نەبووە.

بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا كاتێ شاعیر باسی ڕەتكردنەوەی یەك ڕەنگی و یەك دەنگیمان بۆ دەكات.. زەمینەی كۆمەڵایەتی و كەلتووریی ئێمە ئامادەیی هەیە بۆ قبوڵكردنی فرە ڕەنگی و فرە دەنگی؟ یان لە ئاستێكی تردا هەر قسەكردن و لێدوانێكی فرە ڕەنگی و فرە دەنگی لە ئاكامدا بەرەو تاك دەنگی و تاك ڕەنگی دەچێتەوە و زەمینەی كۆمەڵایەتی ئێمە زەمینەی تاكە دەنگ و تاكە ڕوانین و تاكە عەقڵ و تاكە بیركردنەوەیە یان جێگای جیاوازی و فرەیی تێدا دەبێتەوە؟

شاعیر لە گەڕانەوەیدا بۆ ناو خودی خۆی هەندێ لە نهێنییەكانی ئاشكرا دەكات، ئەگەرچی جۆرێك لە دژایەتیش لە نێوان ئەو حاڵەتانەدا دەبینرێت بەڵام ئەوەش لە ئاستێكی تردا مانای گەڕان لە دوای جیاوازی هەڵدەگرێت، لە تابلۆیەكدا وێنەی نەمری خۆی بەرجەستە دەكات و لە تابلۆیەكی بەرامبەریدا وێنەی ترس لە مردن دەكێشێت، واتە دووانەیەك لە نێوان ژیان دۆستی و ناچارێتی مردندا دەكێشێت، كە لە پشتی ئەو دووانەیەوە هێزی ئیرۆس و تاناتۆس ڕاوەستاون، ئەم وەكو هەر مرۆڤێ یان تەنانەت هەر زیندەوەرێ هەموو وێنەكان بۆ جوانتركردنی ژیان و لەژێر هێزی كاریگەری ژیان دۆستیدا دەكێشێت، بەڵام دوور لە توانا و دەسەڵاتی خۆی لە لایەكی ترەوە مەرگ هەڕەشەی لێدەكات و بە واقیعیش هەست بەو هەڕەشەیە دەكات كاتێ هەستكردن بە پیری بەرەو مەترسی كۆتایی دەبات.

لەوساتەوە عەشق لە من ئەخواتەوە
نە ئەو دەمم لێ هەڵئەگرێ و
نە من كۆتاییم بۆ هەیە!

ئەم و عەشق جووتەیەكن لێكتر جیا نابنەوە، بەڵام دەشێ ماناكانی عەشق لە فەرهەنگی شیعری شێركۆدا جیاوازبن لە عەشقێكی سادە، یان باشتر بڵێین تەنیا عەشقی ڕەگەزی بەرامبەر نەبێ، بەڵكو عەشقبوون لای ئەم ڕەهەندێكی فراوانتری

هەیە و پێش هەموو شتێ عەشقی ژیان و مرۆڤ و هەموو بەهاکانی جوانیـیە، عەشق دروستکەر و بەرهەمهێنی ئەو هێزە نهێنییەیە کە لەو ساتانەشدا دەیەوێت بگەڕێتـەوە بۆ ناو خودی خۆی کەچی پەیوەستی دەکاتەوە بە مێژوو، سروشـت و مرۆڤـی کوردەوە، واتە عەشق لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەی ئێمەدا ئـەو پەیوەندییـە بەهێزەیـە کـە خودی شـاعیر دەبەسـتێت بـە پێکهاتەیەکـەوە کـە هـەموو ئێمـە وەکـو مـرۆڤ و هـەموو ڕابردوومان و سەرتاپای ئەو سروشتەی کە نیشتمانی ئێمەیە بە هەموو ڕەگەزەکانیـەوە بەشـێکین لـەو پێکهاتەیـە. ئـەم لەبـەر ئـەوەی هـەم خـۆی عەشـقە، هـەم عەشـق لـەم دەخواتەوە، کەواتە لەگەڵ عەشـقدا هاوشوناسـیەك لـە نێوانیـاندا دروسـت دەبێـت و لـە هەمان کاتیشدا پێمـان دەڵێت لەبەرئـەوەی کـە ئـەم عاشـقە کەواتـە نـەمری بـە دەسـت دەهێنێت، ئەوەتا بە هیچ شتێك کۆتایی نایـەت و ئەمـەش جۆرێکـە لـە ئامـادەکردن بـۆ بەدەستهێنانی نەمری.. هەڵبەت شاعیر لە ڕووی نەستەوە دەشێ هەست بە گەیشتن بەو حاڵەتە بکات واتە گەیشتن بە حاڵەتی نەمری، یان ئاواتی بۆ بخوازێت.

بەڵام لە هەمان کاتدا وێنەیـەکی تـرس لـە مـردن و لـەناوچوون دەکێشێت و پێمـان دەڵێت سەرباری بەدەست هێنانی نەمری هەر هیچ نەبێت لە ڕووی مەعنەوییەوە بەڵام هێشتا مەترسیەکی گەورە هەڕەشـە لـەمی شـاعیر دەکـات، ئـەویش مەترسـی مردنـە کـە بێگومان بۆ شاعیرێکی وەکو شێرکۆ دەشێ مردن تەنیا مردنی جەستە بگرێتەوە ئەگینا لە ئەزموونی خۆیدا ئەوەندەی کارکردووە کە هاوشێوەی شاعیرانی وەکو نـالی و گۆران.. لە ڕووی مەعنەوییەوە بە زیندوویی بمێنێتەوە.

من ڕەنگێکی پایزەیی ژەنگارم و

وا خەریکە باڕێزەکەی عومر ئەمبا!

لای شاعیر مەترسـی مـردن بـە ئاشـکرا دەردەکـەوێت، کـە خـۆی دەشـووبهێنێت بـە ڕەنگی پایزەیی، چونکە ئاشکرایە ڕەنگی پایز یان وەرزی پـایز هێمایـە بـۆ غـەمگینی و کارەسات، لێرەوە پێشینەی کارەساتێك لەلای شـاعیر هەسـت پێدەکرێـت، کـە ئـەویش بـا بردنی عومرە، کەواتە لێرەوە هەستکردن بە کۆتایی و مردن ئاشکرا دەبێت، دەشێ هەر ئەو هەستکردنەش بێت کە لە لایەك وا لە شاعیر دەکات بگەڕێتـەوە بـۆ نـاوەوەی خـۆی

له لایەکی تریشەوە بەرەو هەستکردنێکی قوڵتری هەست بە نامۆیی کردنی ببات کە دەشێ لە نامۆبوونی پێشتری جیاواز بێت، نامۆبوونی پێشتر لە بەرامبەر مێژووی ویرانەی ئێمەدا بووە بەڵام نامۆبوونی ئەمجارەیان لە بەرامبەر هەستکردنی بە ویرانبوونی خودی شاعیر خۆیدایە. لە باری یەکەمدا و بۆ نامۆبوونی شاعیر لە بەرامبەر مێژووی ویرانی ئێمەدا ئەو هەموو ڕەگەزەکانی سروشت و مرۆڤ و مێژووی ئێمە دەکاتە بنەما بۆ دروستکردنەوەی جۆرە کەسێتێك بۆ ئەو مێژووە ویرانە هەتا ئەم هەست بە جۆرێك لە بوونی ڕابردوو، کەسێتی ئێمە بکات و حاڵەتی نامۆبوون بەرەو کۆتایی ببات، بەڵام لە باری دووەمدا کە نامۆبوونی شاعیرە بەرامبەر بە کۆتایی هاتنی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ناو خودی خۆیی و لەوێڕا دەیەوێت فرەیتی و جیاوازی نیشان بدات بەو هیوایەی زەمینەیەك بۆ قبوڵکردنی ئەوانی تر فەراهەم بکات و لەو ئاقارەشدا بارێك برەخسێ بۆ قبوڵکردنی ئەم وەکو شاعیر لە لایەن ئەوانی تریشەوە کە لەوێشەوە پێی وایە زەمینە بۆ نەمری ئەم دەستەبەر دەبێت.

هەتا ئێستایش

مەگەر ئاوێنە ڕەنگی عومری خۆم بیرخاتەوە

ئەگینا من لەو ڕەنگانەم وەکوو سەروو

بە تەنها هەر ئاوی سەوزی یەکەم عەشق و

یەکەم ماچم لەناو ڕۆحدا ماوەتەوە

من تەمەنم

پلوسکێکە.. لە گشت بەدەر

لە خوارەوە چەندە ساڵی لەبەر برژێ و لەبەر بڕوا

لە سەرەوە، لە ڕنوەکانی عەشقەوە، دوو ئەوەندە

ساڵی سەوز و ئاوی عومری

وەنەوشەیی ئەچێتە سەر

سەرباری هەستکردن بە مەترسی پیریتی بەڵام هێشتا شاعیر بە جۆرێك خۆی نیشان دەدات کە ئەو جۆرێك لە نەمری پێ بڕاوە و پێی وایە ئەوەی تەمەنی خۆی

بیردەخاتـەوە (ئاوێنەیـە) ئـەگینا ئـەو هەست بـە پـیرێتی و هـەڵچوونی تەمــەن ناكـات چونكە لە ناوەوە ڕۆحێكی زیندووی هەیەو ئەگەرچی لە ڕووكەشدا ڕوخسار و دیمـەنی بـە پـیرێتی دەربكـەون بـەڵام لـە نـاوەوەڕا هێشتا هێزەكانی ژیـان دۆسـتی زینـدوون و ئەوەش وایكردووە چەندێ تەمەنی هەڵبچێت ئەو هێزی ژیان دۆستیەی ناوەوەی ئـەمی داگیركردووە هـەر بـە زیندوویی دەیهێڵێنـەوەو تەنانــەت ئـاوی عومـر دەچێتـە سـەر تەمەنی. ڕاستە شاعیر ئەم وێنەیەمان بەمجۆرە بۆ دەكێشێت بەڵام ئـەو دووانەیـەی كـە دروستی كردووە لە نێوان هەستكردن بە پیرێتی و داكۆكی كردن لە گـەنجێتی خـۆی لـە پشتەوە مانای هەستكردنێكی ڕاستەقینە بە پیرێتی و بـە مەترسی مـردن هـەڵدەگرێت چونكە لە ڕووی سایكۆلۆژییەوە مرۆڤ كاتێ باسی مردن دەكات كە هەست بـە مـەترسی مردن بكات. لێرەوە لە بەرامبەر ئەو پرسیارەدا ڕادەوەستین، ئایا شاعیر هێزی داهێنـان و ئـەو سـامانە مەعنەوییـەی كـە داهێنـانی شـیعری دەوڵەمـەندی و ئیلتـیزامكردنی ئـەخلاقی دوورودرێـژی بـە مەسـەلەی نەتەوەكەیـەوە بـۆی دەسـتەبەر كـردووە و كردویەتیـە نـاوێكی، ئـەوتۆ كـە لـە مێـژووی شیعری كوردیـدا هەمیشـە بـە گەشـاوەیی بمێنێتـەوە نابێتـە هـۆی ئـەوەی هەست بـە نـەمری هـەتا هـەتایی بكات و ئـەوەش وای لێبكات لە مردنی جەستە نەترسێت، مادەم ئەو نەمری مەعنەوی بەدەست هێناوە؟

بەهەرحاڵ ئێمە وەڵامی ئەو پرسـیارە بـە كراوەیی بـەجێ دێڵین بـەڵام ئـەوەی كـە ئاشكرایە كاتێ شاعیر مەترسی هەڵچوونی تەمەن باس دەكات بەو ئاڕاسـتەیە هەڵوێست وەرناگرێت ئەگەرچی تەمەنیش بڕوات ئەم نەمری بـە دەست هێنـاوە، بـەڵكو دەڵێ بـا ساڵەكانی تەمەنیشم زیادبن لە لایەكی ترەوە تەمەنم درێژ دەبێت و مردن دوورە.

كە شەو داهات
لەناو دۆڵێكی وڵاتدا
لەهەر كوێیەك خۆت بتەوێ
ئەتوانی سێ ڕەنگ تێكەڵكەی
بە یەكەوەو لەناو یەكداو لەناو دۆڵدا
تێكیان هەڵدەی

شەوی مەرگ و
لمی سەحراو
زریکەی کۆچ
بە یەکەوە تا بەیانی بیانشێلی
ئەنجام ڕەنگێك دروست ئەبێ، ڕەنگێکی نوێ
پێی ئەڵێن: ڕەنگی ئەنفالی

شاعیر لە قەسیدەی ڕەنگداندا سەرباری ئەوەی کە دەیەوێت زەمینەیەك بۆ فرەێتی و جیاوازی بڕەخسێنێت، لەو ئاستەشدا چەندین تابلۆ دەکێشێت کە هەریەکەیان وێنەی ڕەنگێ، یان دەنگێ، یان ڕوانینێ یان بۆچوونێ یان تراژیدیایەکی نێو مێژوویی ئێمە، یان تابلۆی ترسێك لە بەرامبەر مردن دا بەرجەستە دەکات، ڕاستە ئەم لە سەرەتاوە بانگەشە بۆ فرەێتی و جیاوازی دەکات بەڵام ئەگەر ئاستی یەکەمی دەقەکە بەجێبهێڵین و شۆڕببینەوە بۆ ئاستی شاراوەی دەقەکە ئەوا پەردە لە ڕووی ئەو ڕاستی‌یە لادەبەین کە دیسان ڕۆح و گەوهەری هەموو تابلۆکان یەك سەرچاوەیان هەیە و ئەویش لەنێو مێژووی ئێمەوە سەرچاوە دەگرن، ئەو مێژووەی کە تەنیا یەك دەنگ و یەك ڕەنگ و یەك عەقڵ و یەك ڕوانین تیایدا دیاربووە و توانیوویەتی خۆی بسەلمێنێت ئەویش دەنگ و ڕەنگ و عەقڵ و ڕوانینی بکەری بارگەکراو لە شکستی کوردی‌یە. هەر لەژێر کاریگەری ئەو فاکتەرەشدایە کە کاتێ شاعیر بە نیازە پێشەنگایەك لە چەندین تابلۆی هەمەڕەنگ بکاتەوە و لە ڕاستیشدا پێشەنگاکەی لە دوانزە تابلۆ پێکدێت، دەبینین تابلۆی یەکەم ڕەنگی کیمیا باران و ڕەنگی ئەنفالی هەیە، واتە ڕەنگی تابلۆی یەکەم ڕەنگی مێژووی کوژراو و هەرەس پێهێنراوی ئێمەیە. ڕەنگی تابلۆی دوانزەهەم کە دوا تابلۆیە ڕەنگی ئەنفالی هەیە، دیسان ڕەنگی مێژووی کوژراو و هەرەس پێهێنراوی ئێمەی هەیە. واتە پێشەنگای ڕەنگەکانی شاعیر لە هەردوو جەمسەرەوە بە ڕەنگی ئەنفالی دەورە دراون کە ئەویش ڕەنگی مردن و لەناوچوون یان لەناوبردنە، ڕەنگی ئەو مێژووە و مرۆڤەکانی و سروشتەکەیەتی کە هەرسێکیان ڕەگەزە سەرەکیەکانی بەرهەم هێنانی شیعر بوون لای شێرکۆ. ئەمەش بۆ ئەو بۆچوونەمان دەبات کە شێرکۆ ئەو

شاعیرەیە لەهەر كوێیەك و لەهەر خاڵێكەوە دەست پێ بكات و بیەوێت بەهەر ئاڕاستەیەك بڕوات ئەوا بەرەو ئامانجێك كە وەكو قیبلەی ئەوی لێهاتووە دەجوڵێت ئەویش مێژووی ئێمە بە مێژوویەك كە لە ڕەنگی ئەنفالییەوە دەست پێدەكات و تاكو ئێستاش نوقمی نێو ئەو ڕەنگەیە. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت كە دەربازبوون لەو واقیعە تفتە كارێكی هەروا سانا نییە و وا پێدەچێت ئێمە مەحكومی ئەو وێرانبوونە بین كە دوانزە تابلۆی ڕەنگەكان بەرجەستەی دەكات و لە دەست پێكردنەوە بۆ كۆتایی ڕەنگی ئەنفالییە، ئەمەش بە جۆرێكی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە لە گەوهەردا ئەوەی لە پانتایی كۆمەڵایەتی و مێژوویی و كەلتووری ئێمەدا دیارو باڵادەستە تاكە ڕەنگ و تاكە دەنگ و تاكە ڕوانین و تاكە عەقڵە و ئێمە چەندێ بە دروشم باس لە فرەیی بكەین یان لە ڕوانینی تایبەتی خۆمانەوە هەوڵی بنیادنانی بدەین وەكو ئەوەی ڕەنگدان لە سەرەتاوە بانگەشەی بۆ دەكات، ئەوە ناتوانین بەسەر واقیعی باوی كۆمەڵگای خۆماندا زاڵ ببین و ڕوانینی خۆمانی بەسەردا بسەپێنین، بەڵكو بە پێچەوانەوە دەبێ گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتییەكان گۆڕانكاری لە سروشت و ئاڕاستەی ڕوانینی ئێمەدا دروست بكەن، ئەمەش دیسان ئەمانباتەوە بۆ لای ئەو بۆچوونەی كە ئەوەی شاعیر لە بارەی فرە ڕەنگی و فرە دەنگییەوە دەیەوێت دروستی بكات بریتییە لەو یۆتۆپیایەی كە ئەركی شیعرە بەرهەمی بهێنێت و هەر لەوێشەوە دەقی ڕەنگدان وەكو دەقێكی زیندوو خۆی پێشكەش دەكات بەوەی كە دەقێك نییە وێنەی ڕاستەقینەی واقیعمان وەكو خۆی بۆ بەرجەستە بكات.

لە لایەكی ترەوە سنووردانی ئەو پێشەنگایەی كە شاعیر پێشكەشمان دەكات بە ڕەنگی ئەنفال، هەم گێڕانەوەی ئێمەیە بۆ ناو یادەوەری پڕ لە تێكشكاندنی خۆمان كە لە نێوان دوو تابلۆی ڕەنگ ئەنفالیدا هەموو تابلۆكانی ترمان سنوور دراون، كە دەشێ ئەوەش مەدلولێكی مێژوویی سیاسی كەلتووری هەبێت و تابلۆی یەكەمی ڕەنگ ئەنفالی یەكەم ئەنفالی مێژووی ئێمە بێت لە سەردەمی پرۆسەی فەتحدا، دوا تابلۆی ڕەنگ ئەنفالیش ئەو ئەنفالە بێت كە ناسیۆنالیزمی عەرەب لە عێراقدا لە پێناوی سڕینەوەی ناسنامەی كوردیدا دژ بە مرۆڤ و سروشت و مێژووی كورد ئەنجامی دا، بەهەرحاڵ

لێرەوە جارێکی تر یەك ڕەنگی دەسەڵات تەئکید دەکاتـەوە و بـواری فـرە ڕەنگـی تەسـك دەکاتەوە.

لە دوای تابلۆی دوانزەهەمەوە کە ئەو تابلۆیە بەرجەسـتەی ڕەنگـی ئـەنفالی دەکات، ئیتر لەوێوە شاعیر پانتاییەکی فراوانی قەسیدەکەی بـە ڕەنگـی ئـەنفالی ڕەنـگ دەکات و لەو ئاقارەشدا دەیـەوێت وێنـەی جۆراوجۆر لـە مێـژووی نـوێی بـەر ئـەنفال کـەوتووی ئێمە بەرجەستە بکات، هەموو ئەو وێنانەش بە مەبەستی زیـاتر زەقکردنـەوەی ڕەنگـی ئەنفالە کە دەشـێ لـە پشـتی ئـەو زەقکردنـەوەی ڕەنگی ئەنفالیشـەوە چـەند ئامـانجێك ڕاوەستابن، کە ئەوانیش بریتین لە گێڕانەوەی ئێمـە بـۆ نێـو یـادەوەری پـڕ لـە شکسـتی خۆمان بە مەبەستی وەرگرتنی پەندێك لەو مێژووە وێرانـە، یـان دەشـێ زەقکردنـەوەی وێنەکانی ئەنفال بە مەبەستی زیـاتر دەرخسـتنی ڕووی دزێـوی ناسـیونالیزمی عـەرەبی بێـت کـە لـە ئـەنجامی پارێزگـاریکردن لـە یـەك ڕەنگـی و یـەك دەنگـی و لـە تاکـە ناسنامەیەك کە ناسنامەی عەرەبی‌یە لە مێژووی سەرهەڵدانیەوە هەوڵیداوە ئەوانی تـر بسڕێتەوە و لە ناویان ببات کە پرۆسـەی ئـەنفال بەرهـەمی ئـەو عەقڵەیـە کـە هـەموو جیاوازییەکان ڕەت دەکاتەوە. واتە شاعیر پێمان دەڵێت ئێمە لە ئەنجامی بـڕوا نـەبوونی ناسیۆنالیزمی عەرەبی‌یەوە بە فرە ڕەنگی و بە بوونـی جیـاوازی دووچـاری ئـەنفالکردن بووین، بە جۆرێـك کـە لـە بەرامبـەر تاکە ڕەنگی خۆبینینـی ناسـیۆنالیزمی عـەرەبیدا ئێمەش ڕەنگێکمان بەبەر بڕاوە کە ڕەنگی ئەنفالی‌یە واتـە تـاکڕەنگی و تـاکدەنگی ئێمـە لـە لایـەن ئـەویترەوە بەسـەرماندا سـەپێندراوە. کـە ئەمـــەش بۆچوونێکـە لـە بـەردەم پرسیاردا..

دەشێ لە ڕوویەکی تریشەوە وەهای لێکبدەینەوە کە گەڕانـەوەی شـاعیر بـۆ نـاوەوەی خۆیی و دەرکەوتنی هەست بە پیرێتی کردن و سەرهەڵدانی هەستی ترس لە مـردن لـە نـاوەوەی کەسـێتی ئـەمدا یـان باشـتر بڵێـین لـە نـاخیدا بووبێتـە هۆکـاری دروسـتکردنی فەزایەکی مەرگ ئامێز کە ئەم هاوشێوەییەك لە نێوان ناخی خۆیـی و مێـژووی ئێمـەی دوای ئەنفال دروست بکات، هەرچۆن ئەنفال هەموو جەستەی نەتەوەیی ئێمـەی بـەرەو جۆرێـك لـە وێرانـەیی بـرد، ئـەمیش هەسـتکردن بـە پـیرێتی و گەڕانـەوە بـۆ ڕامـان لـە

بەردەم ئەو هەستکردنەدا  لە نـاخیدا وێرانەیـەك بخوڵقێنێت كـە هاوشـێوەی وێرانـەی ئەنفال بێت.

تابلۆیەكی تر كە شاعیر لە  ڕەنگدانـدا دەیكێشـێت تـابلۆی ئـازاد هـەورامی شـەهید و گیتارە شەهیدەكەیەتی.

لەو دۆڵەدا

كە ڕەنگمان تیا ئەكرد بە دەنگ

دەنگیش بە قوڵپە قوڵپی ئاو

ڕەشمان تیا ئەكرد بە سەوز و

سووریش بە ڕێگاكانی چاو

لەو دۆڵەدا

گیتارەكەت دەم و لێوی ڕووبارێكی دیكەی ڕەنگ بوو

هەموو جارێ لەناو دەربەندی ڕۆحماندا پلە پلە و ملە ملە هەڵیئەكرد

گەڕانەوە بۆ یادەوەرییەكانی ڕۆژانی شاخ و ژیانی نێو پێشمەرگایەتی جارێكی تـر دەبێتـە بنەمایـەك بـۆ ئـەوەی وێنەیـەكی ترمـان بـۆ بەرجەسـتە بكـات، ئـەو وێنەیـەش وێنـەی ئـازاد هــەورامی شـەهید و گیتارەكـەی و ئاوازەكـانی و ژنــە بەجێماوەكەیـەتی. ئــەم وێنەیــە لــە لایــەك وەكــو تابلۆیــەك بــۆ ڕەنگدانەكــە بەرجەستە دەكرێت و لە لایەكی تریشەوە ئەو مانایە هەڵدەگرێت كە فرە دەنگی و فــرە ڕەنگــی لــە پشــتیەوە وەســتاوە، فەرماندەیــەكی سیاســی لــە ژیــانی پێشـمەرگەییدا لـە یـەك كـاتدا سیاسـەت دەكـات و مۆسـیقا لێدەدات و سـرودی بەرخوردانیش دەڵێتەوە. ئەمـە سـەرباری ئـەوەی كـە مۆسیقا بـۆ خـۆی دەبێتـە بنەمایەك بۆ فرە دەنگی و فرە ئاوازی چونكە ناشێت ئـەم پیـاوە بـە گیتارەكـەی تەنیا و بەس تەنیا یەك ئاواز بژەنێت.

ئەم گیتارەش هەر ئەوە نەبووە كە خۆی ئاوازی جۆراوجۆر بەرهەم  بهێنێت بـەڵكو لە ناخی ئەمانیشدا جۆرێك لـە ڕاهاتن بـۆ ئـەو فرەیتـی و فـرە دەنگیـە دەرەخسێنێ. ئەمەش دەمانباتەوە بۆ لای ئەو ڕاستیە كە مۆسیقا گیانی مـرۆڤ بـە بـەها جوانـەكان

ئاشت دەكاتەوە و حاڵەتی تێڕامان دروست دەكات و لە تێڕامانیشدا زەمینەی قبوڵ كردنی ئەوانی تر دەرەخسێت.

شاعیر وێنەی تراژیدیای ئەو كارەساتەشمان پێشكەش دەكات كە كۆتایی بەو ئاوازە جۆراوجۆرانە دەهێنێت كە لە گیتارەكەی شەهید ئازادەوە دەدران بە گوێی ئەماندا، خنكاندنی دەنگی گیتارەكەی شەهید ئازاد، تراژیدیای خنكاندنی دەنگە جیاوازەكانە، ئەو هێزەی ئەم دەنگەی كوشت، هەمان ئەو هێزەیە كە ڕەنگی ئەنفالی بە پانتاییەكی فراوانی مێژووی ئێمە بەخشی. واتە لێرەوە دەردەكەوێت ئەو هێزەی كە دەیەوێت مێژووی ئێمە سەرتاپا بە یەك ڕەنگ ڕەنگ بكات كە ڕەنگی ئەنفالییە، ئەو هێزەیە كە خۆی یەك ڕەنگی هەیە كە ئەویش هێزی ئەنفال هێنەرە كە ئەویش عەقڵ و ڕوانینی تاك ڕەهەندانەی ناسیۆنالیزمی عەرەبە. هەرچۆن خۆی تاكە ڕەنگێكی هەیە كە ئەویش ڕەنگی ڕەشی مەرگ بەخشە، دەیەوێت تاكە ڕەنگێكیش بە هەموو بوون و سروشت و مرۆڤ و مێژووی كورد ببەخشێت كە ڕەنگی فەتح و ڕەنگی ئەنفالییە.

شاعیر تابلۆیەكی تر بەرجەستە دەكات كە تابلۆی خۆیەتی لە چركەساتی ئاوارەییدا، لەوێوە دەیەوێت تابلۆی فرە ڕەنگمان بۆ بكێشێت، بەڵام هەر زوو ئەو خەونە بەتاڵ دەبێتەوە و جارێكی تر حاڵەتی هەست بە ئاوارەیی كردن دەیگێڕێتەوە بۆ ڕابردووی خۆی، لە ڕووی یادەوەرییەوە ئەگاتەوە بە مێژووی وێران و كوژراوی و ئەوسا دەگەڕێتەوە بۆ لای تاكە ڕەنگەكەی ئەو مێژووە كە ئەویش ڕەنگی ئەنفالییە واتە ڕەنگی كوژراوی مێژووی ئێمە.

من ئێستا لە گەشتی ناو دەنگدا
میوانی ناو بەفری نەرویجم
لە ڕێی كام ڕەنگەوە هاتم؟!
كۆچی ڕەنگێكی سەرابی پێشم كەوت و
منی گەیاندە نزیكی بارەگای خواو
لای بەتریقی قوتبی ژوورو
ڕەنگەكانی ناو نیشتمان بە دەستی یەكتر ئەكوژران

به شوێن سپیدا ئەگەڕام

..

بەیانیەکی تەماوی لە بۆشایی یەکەم باوێشکی زەریادا
گیرسامەوە.. هەڵبەستێکی کەڕولاڵ بووم
من نەعلەتی سەرهەڵگرتووی شاخ و داخ بووم
ئەموویست سەری لە نیشتماندا لێکەوتووم لە هەندەران بدۆزمەوە.
کەچی نە ئەوم دۆزیەوەو نە ئەو نەعلەتەم لێ بۆوە.

لە کاتێکدا کە ئەمی شاعیر لە ڕێی ڕەنگێکەوە بەرزدەبێتەوە بۆ نزیکی بارەگای خوا، دەیەوێت تابلۆی فرە ڕەنگمان بۆ بکێشێت، ڕەنگی جۆراوجۆر بەرهەم بهێنێت ئا لەو ساتەدا ڕەنگەکانی نیشتمان کە لە ڕاستیشدا هەریەك ڕەنگن سەرگەرمی خۆکوشتن بوون. ئەمەش سەرنجمان بەلای ئەو لێکدانەوەیەدا ڕادەکێشێت کە ئەمی شاعیر چەندێ دوور بکەوێتەوە، ئەوە هێشتا لە ڕووی یادەوەرییەوە لێرە پەرت ناکرێت، بە مانایەکی تر تەنیا لە ڕووی جەستەیەوە لێرە دوور دەبێت ئەگینا لە ڕووی یادەوەرییەوە لێرە دەژی، یان بە مانایەکی تر هەموو مێژووی وێرانکراوی ئێمە لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت یان لە ڕووی یادوەرییەوە دەگاتەوە بەو مێژووە تراژیدییە، کە ئەمەش دیسان مەحکوم بوون بە مانەوە بە تاکە ڕەنگێکەوە نیشان دەدات.

لەو چرکەساتەدا ئەم بە یادەوەری دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمان بەڵام لەو ساتەدا ڕەنگەکانی نیشتمان یەکتر دەکوژن، هەڵبەت گەڕان لە دوای ساتێکی دیاریکراوی مێژوویی بۆ ئەو یەکتر کوشتنەی ڕەنگەکان کە لەڕاستیدا خۆکوشتنی تاکە ڕەنگێکە بایەخێکی ئەوتۆی نییە. چونکە مێژووی دوورو درێژی وێرانکراوی ئێمە بەردەوام بارگەکراوە بە ڕووداوی خۆکوشتن و جەستەی نەتەوەیی ئێمە تەنانەت لە پێش شێوە گرتنی باری نەتەوەییشەوە هەمیشە لە حاڵەتی خۆکوژی بەردەوامدا بووە، ئەویش لە شەڕ و ناکۆکی نێوان خێڵ و عەشیرەتەکانەوە بۆ شەڕی نێوان میرنشینەکان و لەوێشەوە بۆ شەڕی نێوان حیزب و دەسەڵاتە ناوچەییەکان، کە هیچ کام لەمانەش نەبوون بە ڕەنگێك کە خاوەنی پێناسەی دیاریکراو و جیاواز لەوانی تر بووبن. ئەو

ململانێیانە لەبەرئەوە نـەبووە کـە هەریەکـە ڕوانـین و لێکدانـەوەی جیـاوازی هـەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە گەوهەردا یەك ڕوانین و یەك لێکدانەوەیان هەبووە و ئـەوەش وای لێکردوون لەبەرئەوەی هەریەکە خۆی بە تاکە ڕوانین و تاکە عەقڵی ڕەها زانیـووە، نـەتوانێت دان بـەوانی تـردا بنێـت -کـە خاسـێتی ئەویتریشـی نـەبووە- بـەڵکو هـەوڵی سڕینەوەی داوە.

ئەمی شاعیر لەو زەمینەوە کە زێدی خۆیەتی و ڕەنگەکان یەکتریان تیـا دەسـڕییەوە بەرەو ئەویّ دەڕوات، ئەویّی ڕۆژئاوا کە تیایدا فرە ڕەنگی و فرە دەنگی لە مێژە بووەتە بەشێك لە کەلتووری ئـەویّ.. ئـەم لـەو زەمینەیـەدا بـە ئاسانی جێگای نابێتـەوەو ئـەو ئامادەییـەی نییـە کـە لـە ڕووی ئـەو کـەلتوورەدا بوونـی خـۆی بسـەلمێنێت چونکـە ئـەم کوڕی زەمینەیەکە تاکو ئێستا جگە لە پاڵەوانی یـەك چـاو و مێشکی بـە یـەك ئاڕاسـتە بیرکـەرەوە و عـەقڵی تەسـك مـەوداو یـەك ئاڕاسـتە بـین و چـاوی یـەك ڕەنـگ بـین نـەیتوانیووە کەسـێتی جیـاواز بخولقێنێت، هـەر بۆیـە ئـەم لـەویّ کـە بـەم فەرهەنگـەی ئێمەوە گەیشتۆتە ئەو زەمینەیە دەبێتە بنیادەمێکی کەڕو لاڵ ئەوەتا خۆی دەڵێت:

هەڵبەستێکی کەڕولاڵ بووم

من نەعلەتی سەرهەڵگرتووی شاخ و داخ بووم.

ئـەم ڕوانینـە لای شـاعیر لـە سـەرەتای چوونـە دەرەوەیـەوە بـە ئاشـکرا هەسـتی پێدەکرێت کە ئەویش هەست کردنە بە نائامادەبوون لە بەرامبەر ئەوی ڕۆژئاوایدا. لـە هەڵبەستی (لـەنێو قەفەزێکـەوە و لـە پـەریزادە و گوڵەکـەی دوژمنـیو) دواتریـش لـە (دەربەندی پەپولە و مارو خاچ و ڕۆژمێری شاعیرێکدا) هـەمان ڕوانـین دەبینـرێت. کـە ئەم ڕوانینەش دەرئـەنجامی هەسـتکردنێکی مـەودا قوڵـە بـە حاڵـەتی نائامـادەبوون لـە بەرامبەر ئەوی تردا، دیارە لەم ڕوانینـە مـەودا فراوانەشـدا کـە لـە چـەندین بەرهـەمی شـاعیردا ڕەنگی داوەتـەوە جیـاوازی نێـوان دوو کۆمـەڵگا و، دوو مێـژوو، دوو جـۆرە لـە مرۆڤ دەردەکەوێت کە دەتوانین بڵێین ئەویش جیاوازی نێوان ئەوی خاوەن ناسـنامە و شارسـتانی و مێـژووی ئامادەبوونـە لەگـەڵ منـی بێناسـنامە و شارسـتانی داگـیرکراو و دابەشکراو و مێژووی وێرانکراو کوژراودا. شاعیر کوڕی ئەم زەمینە وێرانە و دابەشکراو

و بێناسنامەیە، بۆیە لەوێ دەبێتە هەڵبەستێکی کەڕو لاڵ و لەوێشدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئەم وەکو ئەندامێکی سەر بە مێژوویەکی وێران بە گومانەوە لە بوونی خۆی دەڕوانێت لەبەردەم ئەوی خاوەن مێژوودا. کاتێ مێژووی ئەم لە ئاستی ئەواندا هیچ ئامادەبوونێکی نییە، ئەمیش بەوپێیە ناتوانێت ئامادەبوونی هەبێت لە بەرامبەر ئەواندا و بگرە لەسەر زەمینەی شارستانی ئەوان ناتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت، ڕەنگە هەر ئەو حاڵەتی هەست کردن بە نەتوانینی خۆ سەلماندنە بێت لە لایەك شاعیر وا لێدەکات بگەڕێتەوە بۆ ئێرەی زێدو نیشتمانی خۆی کە ئەو گەڕانەوەیەش لە ڕووی یادەوەری و مەعنەوییەوە دەبێت و کاتێ بە جەستە لە ڕووی جوگرافیەوە لێرە دوورە بەلام لە ڕووی مەعنەوی و سایکۆلۆژییەوە لەسەر جوگرافیای نیشتمان دەژی، ئەو نیشتمانەی کە ئەو سەری خۆی لەوێدا لێکەوتووە کە مەبەست لە کەوتنی سەریش ونبوونی ناسنامەیە. ئەمێك کە لێرە ناسنامەی خۆیی وەکو ئەندامێکی ئەم کۆمەڵگایە لە دەستداوە کە مەبەست لەو ناسنامەیەش ناسنامەی نەتەوەییمانە، لەوێ ڕۆژئاوا دەیەوێت ئەو ناسنامەیە بدۆزێتەوە، یان بە لایەنی کەمەوە ڕەنگە وەکو شاعیرێك هەست بکات ئەوەی لە نیشتمان لە ڕووی ناسنامەوە ئەم بە دەستی نەهێناوە و تەنیا وەکو شاعیری سنوورێکی داخراو کە سنووری کۆمەڵگای کوردییە خۆی ناساندووە، ئێستا لەوێ ناسنامەکەی بگوازێتەوە بۆ ئاستێك کە لە ڕووی ئەوانی تردا ئامادەبوونی هەبێت و خۆی بسەلمێنێت بەلام تێدەگات ئەم مەحکومی دەستی کەلتوورێکە کە ئامادەبوونێکی ئەوتۆی نییە هەتا ئەم بە پشتی ئەو بگاتە ئاستی خۆسەلماندن. ئەم هەڵگری عەقڵ و کەلتووری شاخە، ئەو عەقڵ و کەلتوورەش لە ڕووی ئەوی شارستانیدا ڕەت دەکرێتەوە و نەفرەتی لێدەکرێت و بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانە بەرەو دواوە، بەرەو کەناری ڕۆژهەلات فڕێ دەدرێتەوە.

ئەم لەسەر زەمینەی ئەوێ نە ناسنامەی خۆی دەدۆزێتەوە نە عەقڵ و کەلتووری ئێرە ڕووت دەکرێتەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت مێژوو، ڕابردوو، کەلتوور ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە مێژووی تاکەکەسداو تاك بیەوێت یان نەیەوێت مەحکومە بە ملکەچ بوون بۆ یاساکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و دابونەریت و ناتوانێت بەبێ ڕەگ و ڕیشەیەکی

چەسپاو و مەودا قوڵ و بەبێ ئامـادەبوونێکی شارسـتانی خـاوەن ناسـنامە بوونـی خـۆی بسەلمێنێت. ئەمی شاعیر لەوێڕا نە دەتوانێت ببێتە خاوەنی شوناسی خۆی، شوناسێ کـە بەڵگەی خۆسەلماندن و ئامـادەبوون بێت، نـە دەتوانـێ لـە مێـژوو، ڕابـردو و فەرهـەنگی ئێرەی دەرباز بێت. ئەو فەرهەنگەی کە یەك دەنگ و یەك ڕەنگ و یەك عـەقڵ و یـەك ڕوانین داگیری کردووە. هەر ئەم هەستکردنەش دەشێ وا لە شاعیر بکات کە لە ئاستێکی تـردا بـەرەو نـاوەوەی خـۆی بگەڕێتـەوە و لـەوێڕا لــە دۆزینــەوەی ناسـنامە و لـە دوای ئامـادەبوون و لـە دوای خۆسـەلماندن بگـەڕێت، کـە دەشگەڕێتەوە بـۆ نـاوەوەی خـۆی وا دەبینێ کە ناوەوەی ئەویش هەمان شێوەی واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمە تاکە دەنگێ و تاکە ڕەنگێ و تاکە عەقڵێ و تاکە ڕوانینێ کۆنترۆڵی کردووە، دەشێ لـەوێڕا هەست بکات کە هۆکارێکی سـەرەکی لاوازی بنیـادی کۆمەڵایـەتی و کـەلتووری ئێمـە بـۆ خۆسـەلماندن و خۆگوزارشت کردن ئەو تاك ڕەهەندی بوونەیـە کـە ئێمـەی داگیرکردووە. بۆیـە لـەوێوە بانگەشە بۆ فرەیێتی دەکات و ئەویش لـە بەرهـەم هێنـانی چـەندین تـابلۆدا بەرجەسـتە دەکات بەڵام گەوهەری تابلۆکانیش هەمان گەوهـەرە، بـە واتایـەکی تـر هـەمان ڕەنگیـان هەیە کە لەم قەسیدەیەدا لە ڕەنگی ئەنفالیەوە دەست پێدەکات و بە ڕەنگی ئەنفالیش کۆتایی دێت، ئەو ڕەنگە ئەنفالیە ئەگەر ڕەنگی ئـەنفالی واقیعـی مێژوویی ئێمـە بێـت یان ڕەنگی ئاوارەیی شاعیر و هەسـت بـە ونبوونکردنـی بێـت لەسـەر زەمینـەی واقیعـی ڕۆژئـاوادا، یـان ڕەنگـی شـەهیدکردنی گیتارەکـەی شـەهید ئـازاد هـەورامی یـان ڕەنگـی وێرانکردنی ئازادییەکانی ژن بێت لە واقیعی ئێمەدا یان ڕەنگـی سـوتاندن و وێرانکـردن و کوشتن بێت.. سەرجەم لە گەوهەردا تاکە ڕەنگێکن کـە ئـەویش ڕەنگـی وێرانکردنـی مێژوویـی ئێمەیـە، ئـەو مێژووەی کـە تاکـە عـەقڵێك و تاکــە بیرکردنەوەیــەك و تاکـە لێکدانەوەیـەك تیـایدا باڵادەسـتەو کـار دەکـات، ئێمـەش وەکـو مرۆڤـی کۆمەڵگایـەك کـە کۆمەڵگای کوردییە بە گشتی مەحکومی دەستی ئەو تاك ڕەنگییەین و لە هەمان کاتدا خۆمان بەرهەم هێنــەری ئـەو تـاك ڕەنگیـیە و قوربـانی دەسـتی ئـەو تـاك ڕەنگییـەین. شاعیر لە چرکەساتی هەستکردن بـە مەترسـی ئـەو حاڵەتـەدا دەگەڕێتـەوە بـۆ نـاوەوەی خۆیـی و لـەوێڕا هـەوڵی بەرهـەم هێنـانی فـرە دەنگـی و فـرە ڕەنگـی دەدات و دەیـەوێت

زەمینـە بـۆ بوونـی جیاوازی و قبوڵکردنـی یـەکتری بڕەخسـێنێت چونکـە پـێی وایـە کۆبوونەوەی هەموو دەنگ و ڕەنگەکان و کۆبوونەوەی هەموو ئاڕاستە جـۆراو جۆرەکـان بـە جیـاوازی و تەنانــەت ناکۆکیەکانیشـیانەوە دەبێتـە بنـەما بـۆ خۆسـەلماندن و بـۆ سڕینەوەی ئەو ڕەنگە تەنیایەی کە ڕەنگی مێژوویی دوور و درێژی ئێمەیە کـە ئـەویش ڕەنگی ئەنفالیە واتە ڕەنگی کوشتنی بەردەوامی مێژووی ئێمە.

وەرنە ناو ڕەنگەکانم
دەنگ فێری یەك جۆری بیستن و ئاخاوتن و
بۆن فێری یەك بۆنکردن و
هەست فێری یەك هەستکردن و
ڕەنگ فێری یەك جۆر ڕوانین و یەك تەماشای
دنیای کردم
بەڵام ئاخر من تا ئێستا
ئاوەزێکم نـیە فێری هەڵکۆڵین و جیاکردنەوە و
لێك نەچوون و فرە هزر و
فرە فڕین و خوێندن و
ناو جودایی فرە ڕەنگەکانم بکات!
من یەك ڕەنگ و من یەك چاوم، من دەنگدانەوەی دەنگی دیم.
من سواری مێژووی گلان و سواربوونەوە و دیسانەوە هەر گلانم
نە ئەزموونم ڕەنگێ لە دوای خۆی جێدێڵێ و
نە هەواری ڕەنگەکانی سبەینێشم پێ ئەزانم!
من بۆ خۆم خاڵی شپرزەی نێوانێکم ناوی نـیە و
ڕەنگی نـیە و نەمردنم و نە ژیانم!

شـاعیر دەمانگێڕێتـەوە بـۆ نێـو واقیعـی کۆمەڵایـەتی و کـەلتووری کوردی و پــەردە لەسەر ڕووی ئــەو کـەلتوورە لادەبـات و لەوێشـەوە ناڕاسـتەوخۆ پێمـان دەڵێت ئێمـە لـە سایەی ئەو کەلتوورەدا پەروەردە بووین کە ئەویش کەلتوورێکە تەنیا یەك جۆر دەنـگ

و بۆن و هەست و ڕەنگی تێدایە، نەك تەنیا ئاستی عەقڵی و مەعریفی ئێمە بۆ تاك ڕەهەندی پەروەردە كراوە، بەڵكو هەستەكانیشمان بۆ یەك جۆر هەستكردن ئامادەكراون، ئەوەش بچوك كردنەوەی مرۆڤە بۆ ئاستی مەخلوقێك كە مەوداكانی هەستكردنی سنووردار دەكرێت.

لێرەوە كاریگەری واقیعی كۆمەڵایەتی و كەلتووری و مێژوویی لەسەر فۆرمەلەكردنی كەسێتی ئێمە دەردەكەوێت، كە كەسێتێكی داخراوی دیسپلین كراوە لە ڕووی هەستكردنەوە بۆ تاكە هەستێك، بە مانایەكی تر شاعیر دەیەوێت بڵێت ئێمە لە ڕووی پەروەردە و فەرهەنگیەوە ئامادە نەكراوین بۆ فرە هەستی چ هەستی بینین یان بیستن، یان بۆن كردن.. بەواتا ئەو بنەمایانەی كە پێویستن بۆ قبوڵكردنی فرەیێتی و جیاوازی لە كەلتووری ئێمەدا بوونیان نەبووە تا ئێستا، هەر ئەوەش ڕێگر بووە لەبەردەم دروستبوونی زیاتر لە عەقڵێك و زیاتر لە ڕوانینێك و زیاتر لە بیركردنەوە و بینینێك. ئەمی شاعیر پەردە لەسەر هۆكاری دروستبوونی ئەم جۆرە ڕوانینە لادەبات و پێی وایە هۆی سەرەكی نەبوونی عەقڵێكە كە توانای هەڵكۆڵین و جیاكردنەوە و بینینی جیاوازی و لێك نەچوونەكانی بكات.

لێرەوە جۆرێك لە ڕەخنەگرتن لەخۆ سەرهەڵدەدات كە ئەویش مەبەست ڕەخنەگرتن لە خودی شاعیر خۆی نییە، بەڵكو مەبەست ئەو واقیعە كۆمەڵایەتی و كەلتوورییە كە كەسێتی شاعیر و هەموو ئێمەی تیا بیناكراوە، كە واقیعێكە بە درێژایی مێژوو یەك عەقڵ كاری تێدا كردووە و بێگومان لە حاڵەتێكی وەهاشدا زەمینەی بینینی جیاوازی و تەنانەت هەستكردن بە بوونی جیاوازیش پێكنایەت. عەقڵیەتی تاك ڕەهەندی واقیعی ئێمە بە جۆرێك ڕایهێناوین كە تەنیا یەك حەقیقەت و یەك ڕەنگ و یەك دەنگ و یەك بیركردنەوە و یەك ئاڕاستەی ڕاست بۆ ژیان ببینین، كە بێگومان ئەمەش خاسێتی كۆمەڵگا داخراوەكانی وەكو ئێمەیە كە بە پێچەوانەی كۆمەڵگای كراوەوە كە بە ئەندازەی ئینسانەكان عەقڵ پێكدێت كە ئەو فرەیێتییەش لە پێكهاتنی عەقڵدا بەرهەمی ڕەهابوونی عەقڵە بۆ كاركردن، كە بێگومان لە كۆمەڵگای ئێمەدا مادەم ئازادی عەقڵ فەراهەم نەبووە، مانای وایە بواری بەرهەم هێنانی زیاتر لە

عــەقڵێکیش نەڕەخســاوە. کــە دیــارە لــە حاڵــەتێکی وەهاشـــدا تاکــە عــەقڵ توانـــای قوڵبوونــەوەو شۆڕبوونەوەی نىیــە بـۆ لێکدانــەوەی سروشـت و گەوهــەری دیاردەکــان و بەوپێیەش هیچ زەمینەیەك بۆ زیاتر لە تاکە لێکدانەوەیەك و زیاتر لە تاکە ڕوانینێـك پێکنایەت.

لە ئەنجامی گەیشتن بەو ئاستەی هەستکردندا، شاعیر سـەرباری ئـەوەی کـە پێشـتر باسی فـرە ڕەنگــی دەکـات و تـابلۆی هەمــەجۆر بەرجەســتە دەکـات و خـۆی دەبێتــە سەرچاوەی بەرهەم هێنانی ڕەنگەکان بەڵام دەگاتە ئەو ئاستەی کە دان بەوەدا بنێت کە ئـەم تـەنیا یـەك ڕەنگی هەیـە و یـەك بینینـی هەیـە و خــاوەنی دەنگــی ڕاســتەقینەی خۆیشی نىیە بەڵکو دەنگدانەوەی دەنگی ترە، لێرەوە گومانێك لـە بەرامبـەر ناسنامەی خـۆدا بەرزدەکاتــەوە، ئەگــەر ئــەم ڕوانینــە تەسـك بکەینــەوە بـۆ ســنووری شــاعیر و ئەزموونی شیعری ئەو ئایا دەشێ وەهای لێك بدەینـەوە کـە ئـەزموونی دوور و درێـژ و دەوڵەمەندی شیعری خۆی وەکو دەنگدانەوەی ئەزموونی ئەوانی تـر ببینێـت؟ بێگومـان دەشێ لە بەرامبەر ئەم پرسیارەدا وەڵامی ئەرێمان دەست نەکـەوێت، ئەگـەر ڕاسـتەوخۆ ئـەو پرســیارە چـارەنووس ســازە ســەبارەت بــە ئــەزموونی شــیعری ئــەم شــاعیرەمان ڕووبەڕووی خۆی بکەینەوە.

بۆیـە دەشێ لـە ئاستێکی فراوانـتردا لێکدانـەوەی ئـەو بۆچوونــە بکـەین و لــە سـنووری خودی شاعیرەوە بیگوازینـەوە بـۆ سنووری نەتـەوە و لـەوێدا لێکدانـەوەی ئـەوە بکـەین کــە ئێمــە خۆمــان خــاوەنی هیــچ دەنگێــك نــین بــەڵکو پاشــکەوتوی دەنگــی تریــن، ئیــتر ئــەو پاشکەوتنە بـە ویستی خۆمـان بێـت یـاخود زۆرەملێ بێـت، کـە بێگومـان لـە پشتی شـێوازی گوتنەکـەی شـاعیرەوە "مــن دەنگدانــەوەی دەنگــی تــرم" ئــەوە ئاشـکرا دەبێـت کـە ئێمــە لەبەرئەوەی خاوەنی ناسنامە و گەوهەر و ماهیەتی خۆسەلماندن نـین، لەبەرئـەوە بووینەتـە دەنگدانەوەی ئەوانی تر و بەبێ ئەوەی خۆمان هیـچ بەرهـەم بهێنین بـە دوای ئـەوانی تـردا دەڕۆین کە بێگومان لە حاڵەتێکی وەهاشدا لەبەر بێ ناسنامەیی خۆمان، خۆمـان ون دەکـەین و دەبینە سێبەری ئەویتر، کە دەشێ تەنانەت بۆ مێژووی ڕابردووی خۆمان لـەژێر دەسـەڵاتی داگیرکەراندا وەکو سێبەری ئەوانمان لێهاتبێت چ لە بیرکردنەوەو چ لە ڕەفتارکردندا.

ئـەمی شـاعیر لـەو چرکەسـاتەدا کـە باسـی فـرە ڕەنگیمـان بـۆ دەکـات و هـەروەك پێشـتریش گوتمـان ئـەوە دەشـێ ئـاواتێکی سـەرکوتکراوی شـاعیر بێـت و لـە نەسـتیدا دووچـاری چەپانـدن هـاتبێت و لـە خـەیاڵدا و لـە دروسـتکردنی یۆتۆپیـادا ئـەو فـرە ڕەنگی‌یە بەرجەستە بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا نەست ئەو ڕاستی‌یە حەشار نـادات کـە ئەم لە گەوهەردا نە بەرهەمهێنی فرە ڕەنگی و فـرە دەنگی‌یـە و نـە بـەو ئاڕاسـتەیەش کاردەکات کە ئەو فرەێتی‌یە بەرهەم بێت، چونکە لەناو هەموو ڕەنگەکاندا دەگەڕێتـەوە بـۆ بەرجەسـتەکردنی تاکە ڕەنگێك کـە ڕەنگی ئەنفالی‌یـە ئـەویش ڕەنگـی وێرانـەیی مێـژووی ئێمەیـە، هـەروەها لـەنێو هـەموو دەنگەکاندا ئـەو دواجـار بانگەشـە بـۆ تاکـە ڕەنگێـك دەکات کـە دوای هەرەسی هـەموو ڕەنگەکان بـە تـەنیا ماوەتـەوە.. بەهـەرحاڵ ئەمە لێرەدا بەجێ دەهێڵم دواتر دەگەڕێمەوە سەری.

ئەم پێی وایە بە درێژایی مێژوو ئـەم لـە نێـوان بـەرەو سـەرکەوتن و شکسـتدا بووە یان بە وتەیەکی تر لە بازنەیەکی داخراودا دەخولێتەوە بازنەی ڕابوونـەوە و هەرەس، ئەمەش وای لێکردووە کە لە بارێکدا جێگیر نەبێت و فۆرمێکی پەیوەسـت بە خۆی وەرنەگرێت، هەر ئەوەش بۆتە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی کە لە مێـژووی خۆیدا هیچ شتێکی ئەوتۆ بـەجێ نـەهێڵێت کـە ببێتـە بنـەما بـۆ دەسـتەبەرکردنی پێناسەیەکی دیار، تەنانەت ئەم حاڵەتە هەر کاری لە ڕابردووی و ئێستای نەکردووە بەڵکو ئایندەشی خستۆتە بەردەم گومانەوە و نازانێت سبەینێی بە چ جۆر و بە چ شێوەیەك دەبێت.

ئەمی شاعیر پێناسەیەکی واقیعیانەی ئێمە دەکات لە حاڵەتی شلۆقی ئێستاماندا و پێی وایـە بوونمـان لـە ئێسـتادا (کـە پێـم وایـە زیـاتر مەبەسـت دەسـەڵاتی ئێسـتای کوردی‌یـە) بوونێکـی بێناسنامەیە چونکە هیـچ نـاوێکی لێنـانرێت بارێکـە ناخرێتـە سنووری هیچ پۆلێن کردنێکەوەو لە نێوان بوون و نەبووندایە کە دەشێ لـە پشتی ئـەم بۆچوونەشەوە ترس لە شکست و هەرەس ڕاوەستابێت.

من بۆ خۆم خاڵی شپرزەی نێوانێکم ناوی نی‌یە و
ڕەنگی نی‌یە و نە مردنم و نە ژیانم!

ئەگەر لێکدانەوەی باری مێژوویی دوور و درێژی ئێمە بکرێت ئەوە نە ئەوەتا بە تەواوی بوونمان سڕابێتەوە و هیچ ئامادەبوونێکمان نەمابێت، نە ئەوەتا گەیشتبینە ئاستی خۆسەلماندن و ئامادەبوونێکی ئەوتۆمان هەبێت کە تیایدا توانیبێتمان ناسنامەی خۆمان بە دەست بهێنین، بەواتا نە ئەوەیە مردوو بین نە زیندوو بین. بەڵکو لە نێوان مەرگ و ژیاندا ڕاوەستاوین ئەمەش سیمای بوونی کوردە لە مێژووی وێرانکراوی دوور و درێژیدا.

لێرەوە شێرکۆ تراژیدیای مێژوویەکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بارکراوە لە شکست و کاتێ ئەم پەردە لە ڕووی باری نائامادەو ناکردەیی خۆی لادەبات، لە خودی خۆی وەکو تاکە کەس نادوێت بەڵکو هەموو مێژووی ئێمە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە کە ئەویش مێژوویەکی شکست و وێرانکراوە، پەیبردن بە وێرانەی دەرەوە شاعیر وا لێدەکات بگەڕێتەوە بۆ ناوەوەی خۆی بەڵام لە ئەزموونی شیعری ئەمدا دیوارێك لە نێوان ناوەوە و دەرەوەیدا نادۆزرێتەوە بۆیە هەموو (من)ێك لای شێرکۆ بریتییە لە (من)ی نەتەوە، هەموو پەردەلادانێك و ئاشکراکردنێکی شکستەکانی (من) لە ئاستێکی تردا پەردە لادان و ئاشکراکردنی شکستەکانی نەتەوەیە کە ئەویش شکستی مێژووی دوور و درێژی ئێمەیە. لە پرۆژەی شیعری شێرکۆدا بەردەوام ئاراستەی کەرنەڤالی یەکگرتنەوە لە نێوان خوداو نەتەوەدا ئامادەبوونی هەیە و هەر گریان و لاواندنەوەیەکی خود بەسەر مێژووی شکستی خۆیدا دەبێتە لاواندنەوە و گریانی نەتەوە بۆ مێژووی وێرانکراوی دوور و درێژی. لێرەوە پرۆسەی گەڕانەوەی شاعیر بۆ ناوەوەی خۆی دەبێتە پرۆژەیەکی شکست خوارد و هەر لەوێشەوە بنەمای هەرەسهێنانی بەرهەم هێنانی فرە ڕەنگی بەرجەستە دەبێت و کارکردنی ئەم لە سنووری ئەو ڕەهەندەدا دەمێنێتەوە کە سنوورەکانی هاوتەریبە لەگەڵ بنەماکانی گوتاری نەتەوەیی ئێمەدا کە ئەویش گوتاری مانەوەیە.

لە ڕەنگدان دا شاعیر دەگاتە ئەوێی دەرەوەی کوردستان، بەڵام سەرزەمینێك نادۆزێتەوە بۆ ئاسودەیی چونکە لای ئەو چەقی گەردوون زێدو نیشتمانی خۆیەتی، لای ئەو یەك سروشت ئیلهام بەخشە کە سروشتی کوردستانە، یەك زمان توانای هەڵگرتنی

خەم و ئازار و بینینەکانی ئەوی هەیە کە زمانی کوردی‌یە، لە یەك شوێندا هەست بە بوونی خۆی دەکات ئەویش سەرزەمینی ئێرەیە.. ئەو پابەندی مێژوویەکی شکستە کە لێی نابێتەوە ئەویش مێژووی ئێمەیە، گەردوون لای ئەو و بۆ ئامادەبوونی ئەو لە یەك شوێندا زەمینە بۆ فەراهەم بوونی مانای بوون دەرەخسێنێت کە ئەویش نیشتمانەکەیەتی بە مانایەکی تر هەموو ئاراستە جوڵەیەك بە گوێرەی ئەم بەرەو ناوەندێکە ئەویش ئەو ناوەندەیە کە تیایدا سەرباری شکستی مێژووەکەی هەست بە بوونی خۆی دەکات تێیدا، ئەو ناوەندەش کوردستانە، سەرجەم ئەو جوڵەو ئاراستەیەی کە بەرەو چەقی گەردوونی لە ڕوانگەی خۆیەوە کێشی دەکەن یەك ئاراستە جوڵەیە کە ئەویش یەك ڕەنگ بە خۆی دەگرێت، ئاراستەی بەرەو تایبەتمەندبوونی خودو ڕەگ داکوتانی لەسەر ئەو زەمینەی کە تیایدا هەست بە جۆرێك لە بوون دەکات کە بوونە لەسەر مێژوویەکی وێران کە تاکە ڕەنگی ئەو مێژووەش ڕەنگی ئەنفالی‌یە. ئەمی شاعیر چ لەسەر زێدو لە چەقی گەردوونی خۆیدا بێت چ لە دەرەوەی زێدو چەقی گەردوونی خۆی یەك ڕەنگ داگیری دەکات کە ئەویش نامۆییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەستی نامۆیی لای ئەم هەستکردنە بە شکستی مێژوو، هەستکردنە بە نائامادەبوون.

لەم سەفەرە درێژەدا، ئای کە تەنیایە ڕەنگی من
لە وێستگەکانی دنیادا هەر خۆی پێشوازی لە خۆی و
هەر دەستی خۆی ماڵئاوایی لە دەستەکانی خۆی ئەکات!

ئایا باس لە کام سەفەر دەکات؟ دەشێ دوو لێکدانەوە بۆ ئەو سەفەرە بکەین کە ئەو مەبەستیەتی، یەکێکیان سەفەری خودی شاعیر بە دەرەوەی زێدو نیشتمانی خۆی کە ئەویش ڕاستەوخۆ مانای ئاوارەیی و هەست بە نامۆیی کردن هەڵدەگرێت، لە ساتەوەختی ئەو جۆرە هەستکردنەدا سەفەر کۆتایی نایەت، دووەم لێکدانەوەش کە زیاتر گونجاوە سەفەری دوورو درێژی ئێمەیە لە مێژوودا کە لەو سەفەرەدا ئێمە یەك ڕەنگمان هەبووە ئەویش ڕەنگی شکست و وێرانەییە و لەسەر ئاستی مێژو و شارستانێتی دنیا ئەوەندەی ئامادەبوون نەبووە هەتا ئەوانی تر بیناسن و نەك دان بە بوونیدا بنێن بەڵکو هەست بە بوونی بکەن، ئەم حاڵەتی نائامادەبوونەش وای

لێکردووه کە تەنیا هەر خۆی خۆی بناسێت و هەر خۆی خۆی بدوێنێت، بە مانایەکی تر ئەم لە سەفەری مێژوودا لە جیاتی بوون بە بکەر و بوون بە خاوەنی گوتراوی ئاشکرا بەردەوام ناکردە بووە و لە حاڵەتی مۆنۆلۆگی بەردەوامدا بووە، ئەم حاڵەتی مۆنۆلۆگە بەردەوامە دەشێ لەگەڵ گەڕانەوە بۆ ناوەوەی خوددا هاوشێوە بێت، بەڵام ئەگەر لە ڕوویەکی ترەوە سەیر بکەین بە گشتی (من) یان (ئێمە) لە ئەزموونی دوورو درێژی ئێمەدا بوویەکی خەون بین بووە، بوویەك کە هەمیشە لە مۆنۆلۆگدایە، واتە بوویەك کە هەمیشە خۆی دەدوێنێ، لەو خۆدواندنەشدا دەشێ بگەڕێتەوە بۆ سەر شکستی یادەوەری کۆن و باری ئامادەی شکستی ئێستای و ئەو وێرانە مێژوویییە بدوێنێت، هەر لەوێشەوە پێشنیاری جیاوازی و فرە دەنگی و فرە ڕەنگی بکات بەڵام بەبێ ئەوەی بۆ خۆی ئامادەبوونی بەرهەم هێنانی ئەو جیاوازی و فرە دەنگی و فرە ڕەنگی‌یەی هەبێت، ئەم پێکهاتەیە کە ناتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت ئیتر چۆن دەتوانێت بەبێ خۆسەلماندن جیاوازی دروست بکات و ئاڕاستەی ناچوون یەك و فرە ڕەنگی بەرهەم بهێنێت.. گەیشتن بە حاڵەتی پەیبردن بە نەتوانینی گۆڕینی واقیعی شکست بۆ واقیعی خۆ دروست کردنەوە ڕاستەوخۆ شاعیر دەگێڕێتەوە بۆ ئەو هەلۆیستەی کە هەموو ئاخاوتنەکانی لەسەر بەرهەم هێنانی فرە ڕەنگی و جیاوازی یان بوون بە ڕەنگدان بەلاوە بنێت و هەموو ئاڕاستە و ڕوانین و بینین و لێکدانەوەکان لای ئەو هیچ بەهایەکیان نەمێنێت ئەگەرچی پێشتر لەوە دەدوێت گەورەیی بۆ ڕەنگێکی گەورە ئەوەیە کە دان بە ڕەنگێکی بچوکدا بنێت، بەڵام ئەمجارە بانگەشە بۆ تاکە ڕەنگ و تاکە دەنگ و تاکە بوون دەکات و ئەویش ڕەنگی خۆی و دەنگی خۆیی و مێژووی خۆیەتی. ئەم ڕوانینەش زیاتر لە کاتێکدا بانگەشەی بۆ دەکرێت کە دەیەوێت ڕەنگەکان بناسێنێت و لەو ئاقارەشدا تاکە ڕەنگێ کە لای ئەو پێناسەی هەبێت هەر ڕەنگی خۆیەتی چونکە کاتێ شکستی ڕەنگەکان بووە بە ڕەنگی، ئەو تاکە ڕەنگ بووە کە درێژەی بە مێژووی ڕەنگداوە.

کە من هاتم ڕەنگ نەمابوو..

دەنگ نەمابوو.. من لە ڕووشدا و لە رمزوەی کارەساتدا و

له هێلكەی خڕكە بەردەوە سەرم جووقاو
هاتمە دەرێ و و بووم بە ڕەنگێكی شیرین و
بووم بە پەیژەكانی هەتاو
لە سەردەمی ڕەنگی نوێداو
لە چاخی ڕەنگی یاخیدا
من یەكەم ڕەنگ بووم كە لە دوای هەرەسی هەموو ڕەنگەكان
لە دوای گلانی ئەستێرە و لە دوای هەڵاتنی دار و
دوای ڕاكردنی دارستان
هەستامەوە و سەركەوتمە سەر ملەی ڕەدەو
سەری خۆمكرد بە مانگەشەو
بۆ هەمووتان
ئاخر من بە ڕەنگی مەرگم
مۆمی سەرو ملی چیای كوژاوەم داگیرساندەوە و
دیسانەوە ڕەنگی خەوتووم لە شەقام و گۆڕەپاندا
هەستانەوە!

ئەمە دەنگی ڕەنگێكە مێژووی خۆی دەگێڕێتەوە و خۆیی و گەوهەر و ماهیەت و ڕوانینی نمایش دەكات و باس لە بكەری خۆی دەكات و لەو سەروبەندەشدا نەك هەر دان نانێت بە ڕەنگەكانی تردا بەڵكو دەیەوێت بیسەلمێنێت كە كاتێ ئەم دەركەوتووە و لەم وێرانەیەی مێژووی ئێمەدا یەكەم تروسكەی هەڵكردووە و یەكەم ڕەنگی داگیرساندووە هیچ ڕەنگ و دەنگ و مێژوویەكی تر بوونی نەبووە.

ئەمەش بۆ خۆی جۆرە ڕوانینێكە كە سڕینەوەی ئەوانی تر و نەتوانینی دانانی بەوانی تر لە دوایەوە ڕاوەستاوە. ئەمەش ئەو دەنگەیە كە لە واقیعی سیاسی و مێژوویی پڕ لە شكستی ئێمەدا حیزبی كوردی بەردەوام بانگەشەی بۆ دەكات و لە هەر چركە ساتێكیشدا دەگەڕێتەوە بۆ باسی سەروەرییەكانی و بۆ بەردەوام دووبارەكردنەوەی ژمارەی شەهیدەكانی و باسكردنی بەها پیرۆزەكانی، بێگومان ئەو

عەقڵیەتەی لە دوای ئەم جۆرە ئیشکردنەوەیە عەقڵێتێکە کە زەمینەی قبوڵکردنی ئەویتری نییە، واتە یەك ڕەنگ لای ئەو مافی بوونی هەیە کە ئەویش ڕەنگی خۆیەتی، کەواتە لێرەوە بە ئاشکرا ئەو زەمینە سیاسی و مێژوویی و کەلتوورییە دەردەکەوێت کە شاعیر دەیەوێت بیکاتە ڕەنگدان یان سەرچاوەی بەرهەم هێنانی ڕەنگەکان، کە دیارە ئەو زەمینەیە تاکو ئێستا ئەو عەقڵیەتەی تیا باڵادەست نەبووە کە زیاتر لە ڕەنگێ قبولْ بکات. هەر لێرەوەیە کە شاعیر لە دەرەوەڕا هەست بە نەبوونی زەمینەی ئەو فرە ڕەنگییە دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ ناوەوەی خۆی و دەیەوێت ناوەوەی خۆی بکاتە زەمینەی فرە ڕەنگی و سەرچاوەی بەرهەم هێنانی ڕەنگەکان، بەلام لەوێش ڕا نەست و خەیالْ بەشداری دەکەن لە بەرهەم هێنانی قەسیدەکەدا و وێنەی ڕاستەقینەی سەر ئاستی نەستی شاعیر دەگوازنەوە بۆ نێو دەقەکە، ئەو وێنەیەی کە واقیعی سیاسی و مێژوویی لە نەستی نەك شاعیردا بە تەنها بەڵکو لەسەر نەستی بەشی هەرە زۆری مرۆڤی کورددا جێگیری کردووە ئەویش وێنەی تەنیا ڕەنگ و دەنگی خۆم بوونی هەیە و لە دەرەوەی ئەو هیچی تر نابینم.

کاتێ شێرکۆ لە گەڕانەوەیدا بۆ گێڕانەوەی مێژووی خۆی کە وەك گوتمان لای ئەو هەمیشە (من) دەنگی دەستەجەمی بوونە لە کۆمەڵگای کوردیدا، مێژووی بەشێك لە کورد یان ڕەنگێك دەگێڕێتەوە، بەلام لەو گێڕانەوەیەدا سەرباری پەردە لادانی تەواوەتی لە ڕووی چرکەساتەکانی شکست و نائامادەبوونی هەمیشەیی کەچی هێشتا لەسەر ئەو زەمینە وێرانەیە بانگەشە بۆ جۆرێك لە بوون دەکات لە سنووری مێژووی خۆماندا و لەو ئاقارەشدا ئەو بوونەی کە ئەم بانگەشەی بۆ دەکات و خۆی نوێنەرێتی وای دەخاتە ڕوو کە تاکە بوون و تاکە هێزی جوڵە دروستکەر بووە.. ئەمەش وەك لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد یان بەرهەمی نەستە کە بەو جۆرە وێنەکانی سەر ڕووی خۆی فڕێ دەداتە نێو پێکهاتەی دەقەکەوە.

یان شێرکۆ لە بەرجەستەکردنی ئەو حاڵەتەدا جۆرێك لە ڕەخنەگرتن لەو عەقڵیەتە دەکاتە ئامانج و پێمان دەڵێت تاکو ئێستا ئەمە سروشتی ڕوانین و بیرکردنەوەی ئێمەیە و بەمجۆرە دەڕوانینە ئەوی دەرەوەی خۆمان و تەنیا یەك

ئاڕاسته بۆ بیرکردنـەوه و بـۆ ژیـان و بـۆ لێکدانـەوه پەسـەند دەکـەین کـه ئـەویش ئـەو ئاڕاسـتەیه کـه خۆمـان بڕوامـان پێیــەتی و بەڕاسـتی دەزانــین و پێمـان وایــه هــەموو حەقیقەتێك لای ئەو ئاڕاسته بیرکردنەوەو ئەو جۆره ڕوانینەیه، بـه مانایـەکی تـر لـه پشتی ئەم دەربڕینـەی شیعرەکەوه نـەگوتراوێك هەیـه کـه ئـەویش ئەوەیـه کـه دەڵێت ئێمـه تـاکو ئێستا بـەو جۆره لـه جیاوازی و فرەیـتی دەڕوانـین و هـەرچی لـه دەرەوەی خۆمان بێت به هەڵه و ناتەواو و ناڕەواو دژی حەقیقەتی دەزانین، واته ئەم ڕوانینه له ئاسـتی نـەگوتراودا لایـەنگری تاکـه حەقیقـەت و تاکـه ڕاسـتی دەکـات و ئــەویش حەقیقـەتی (مـن) و ڕاستی ڕوانـین و لێکدانـەوه و بیرکردنـەوەی منـه، کـه ئـەوەش بـه تەواوەتی یەك ڕەنگی و یەك دەنگی بەرجەسته دەکات و زەمینەیەك بۆ فـره ڕەنگـی و بەرهەم هێنانی فره ڕەنگی و بوون به ڕەنگدان ناهێڵێتـەوه. ئەمـەش دیسان زەمینـەی ئەو پرۆژەیەی که شاعیر بۆ بەرهەم هێنانی جیاوازیـەکان و پەسـەندکردنی زیـاتر لـه ڕەنگێك زیاتر لـه تاکـه عـەقڵ و تاکـه ڕوانـین و تاکـه لێکدانەوەیـەك پێشنیاری دەکات هەرەس دەهێنێت، لێرەشەوه پەرده لەسەر ڕووی شاراوەی مێژووی شکستی ئێمه ئاشکرا دەبێت که مێژوویەك بووه هـەرگیز زیـاتر لـه تاکـه عـەقڵێك و تاکـه ڕوانینێـك و تاکـه لێکدانەوەیـەك تیـایدا ئامـادەبوونی نـەبووه و هـەرگیز لـه تاکـه بکـەرێك زیـاتر تیـایدا ئامادەبوونی نەبووه سەرباری سنووردارێکی توانای ئەو بکەرەش، بۆیه هەرکه هەرەسـی هێناوه یان دووچاری شکست بووه چیتر هـێزێك نـەماوه جێگای بگرێتـەوه و، هەرەسـی یەك به دوای یەکی مێژووی دوورو درێژی ئێمه دەگەڕێتەوه بۆ نەبوونی دەنگی جیاواز و بوونی زیاتر له بکەرێك و بوونی زیاتر له عەقڵێك.

سـەرجەم ئـەو تابلۆیانـەی کـه شـاعیر بـه مەبەسـتی بەرهـەم هێنـانی فـره ڕەنگـی دەیانکێشێت له گەوهەردا یەك ڕەنگن و یـەك ماهیـەتیان هەیـه. لێرەوه دەشـێ شـاعیر وەکو سەرچاوەی بەرهەمهێنی فره ڕەنگی بەراورد بکەین بـه مێـژووی کـورد، هـەرچۆن مێـژووی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و کـەلتووری ئێمــه لــه درێــژەی خۆیــدا نــەیتوانیووه ڕوانینـی جیـاواز، لێکدانـەوەی جیـاواز، عـەقڵی جیـاواز بەرهـەم بـهێنێت و ئەگـەر بـه ڕووکەشیش ئەو جیاوازانه بینرابێت ئەوه له گەوهەر و ماهیەتدا هـەمان شت بـوون و

جیاواز نەبوون لە یەکتری، شاعیریش سەرجەم ئەو ڕەنگانەی بەرهەمی دێنێت، ئەو ڕەنگدانەی دروستی دەکات، ئەو تابلۆیانەی بەرهەمیان دێنێت، ئەو پێشەنگایانەی دەیانکاتەوە.. هەموویان یەك ڕەنگ و یەك گەوهەر و یەك ئاڕاستەیان هەیە، کە ڕەنگی ئەنفال و گەوهەری شکست و ئاڕاستەی لێکدانەوەی تەنیا هەر خۆم هەم کۆنترۆڵی هەموو ئاست و ئاڕاستەیەکی جوڵەیان دەکات و لە نێوان دوو جەمسەری مێژوویەکدا کۆدەبنەوە، مێژووی شکستی دوورو درێژو، مێژووی سەرهەڵدانەوە و ڕابوونەوە و شۆڕش، کە ئەویش مێژووی تاکە حیزبێکە لە کوردستاندا کە کاتێ ئەو دێت کەسی تر لەسەر گۆڕەپانی کوردستان بوونی نییە و هەرەس بە هەرەس دەهێنێت. واتە شاعیر چەندێ بانگەشە بۆ فرە ڕەنگی و فرە ڕەهەندی لێکدانەوە دەکات بەڵام ئاکام لەژێر سایەی تاکە ڕەنگێك و لە سنووری ڕوانینی تا سەر ئێسقان تاك ڕەهەندانەدا دەردەکەوێتەوە کە ناتوانێت لەو دیووی تاکە مێژوویەکەوە کە مێژووی تاکە ڕەنگێکە لە واقیعی فراوانی کۆمەڵایەتی ئێمەدا هیچ مێژوویەکی تر و هیچ ڕەنگێکی تر ببینێت، کە بێگومان ئێمە هەرچەندە خۆمان دەورمان هەیە لە خوڵقاندنی ئەو واقیعە داخراوەدا بەڵام لە هەمان کاتدا قوربانی دەستی ئەو واقیعەیشین.

کاتێ شاعیر هەست بە شکستی پرۆژەکەی دەکات بۆ بەرهەم هێنانی زیاتر لە ڕەنگێ و بوونی بە ڕەنگدان، هەست بە ناکردەیی خۆی دەکات و لەوێڕا جۆرێك لە ترس دەبێتە تاکە وێنەی دیار لە لای و ئەویش وێنەی مردنە، وێنەیەك کە پێشتر سەرباری هەست بە شکستی بەردەوام و هەستکردن بە وێرانەیی مێژوو لای شێرکۆ هەستی مردن نەبۆتە خاسێتێکی هەستپێکراو. بەڵام لە قەسیدەی ڕەنگداندا کارکردنی بەردەوامی شێرکۆ بەسەر مێژووی وێران و کوژراوی ئێمە وەکو نەتەوە لە ڕووی ئاشکرای دەقەکەدا حاڵەتی دەستەجەمی بوون بە جێ دەهێڵێ و بەرەو تایبەتمەند بوون دەچێت و لەبری ئەوەی مێژووی کورد ببێتە سەنتەری ئاخاوتن مێژووی خودی بایۆلۆژی شاعیر دەبێتە سەنتەری ئاخاوتن کاتێ هەست دەکات لەسەر مێژووی وێرانەی ئێمە هیچی بۆ ناگۆڕێت، دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی تایبەتی خۆی و لەو ئاقارەشدا کاتێ مێژووی نەتەوە لە بەردەم مەترسی وێرانبووندا بێت، ئەوا مێژووی تاکە کەسیش لەو

مەترسیە دەرباز نابێت، ئەمە سەرباری گەڕانەوەی بۆ نێو سنووری مێژووی تایبەتی خۆی کە لەوێشدا جۆرێك لە وێرانەیی هەست پێدەکات کە ئەویش هەستکردنیەتی بە هەڵچوونی تەمەن، لەم حاڵەتەشدا مەترسی مردن دەبێتە فەزایەکی دیار و دەسەڵات بەسەر بەشی کۆتایی قەسیدەکەدا دەکات لێرەشەوە دیسان یەك ڕەنگ کۆنترۆڵی هەموو گەردوون دەکات لە ڕوانینی شاعیرەوە کە ئەویش ڕەنگی مردنە، کە ئەو ڕەنگەش هێمایە بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو ڕەنگەکانی تر و سەپاندنی یەك ڕەنگی. لە پشتی ئەم بۆچوونەوە جۆرێك لە مەیلی مەرگ دۆستی ئاشکرا دەبێت. کە ئەو مەیلەش لەگەڵ بەرەو کۆتایی هاتنی قەسیدەکەدا یەك دەگرێتەوە، چونکە لە قەسیدەکاندا لە سەرەتاوە زەمینە بۆ بەرهەم هێنانی فرە ڕەنگی ئامادە دەکرێت، لە سنووری دەقەکەدا فرە ڕەنگی مانای واتا بە ژیان بەخشین هەڵدەگرێت، چەندین تابلۆ بەرهەم دەهێنرێت بە مەبەستی نیشاندانی فرە ڕەنگی، بەڵام ئەنجام یەك ڕەنگ دەبێتە فەزای باڵادەست و هەموو تابلۆکان داگیردەکات کە ئەویش ڕەنگی ئەنفالیە، ڕەنگی ئەنفالیش ڕەنگی مێژووی وێران و کوژراوی ئێمەیە، ئەو ڕەنگەی کە بۆتە سیمای هەموومان، سیمای بوون و ژیان و کەلتوورمان، پاشان شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ یادەوەری ڕابردووی خۆی و مێژووی قۆناغە دیارەکانی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، کە لەوێشدا مێژووی ئەم لە نێوان مێژووی تایبەتی خۆی و مێژووی ئەو بەشەی بزوتنەوەی کورد کە ئەم بەرهەم هێنی ئەدەبی یەکەمیەتی.. یەکدەگرێتەوە و لەم حاڵەتەشدا ئەگەرچی شاعیر بانگەشە بۆ فرەیێتی دەکات بەڵام نەستی ناتوانێت ڕاستیەکان حەشار بدات و ڕاستەوخۆ لە سنووری دەقەکەدا یان لەسەر ئاستی زمانی دەقەکە مێژووی ڕابردووی خۆی وەکو تاکە ڕەنگ و تاکە دەنگ و تاکە عەقڵ بەرجەستە دەکات و ئەمەش بە ئاشکرا شکستی ئەو پرۆژەیە بەرجەستە دەکات کە شاعیر لە سەرەتاوە بانگەشەی بۆ دەکات. بە مانایەکی تر سەرجەم ئەو ڕێگایانەی کە شاعیر لە ڕەنگدان دا بە مەبەستی نیشاندانی دروستبوونی ئەو عەقڵە دەیانگرێتەبەر کە بانگەشە بۆ فرە ڕەنگی بکات، هەموویان بەرەو یەك ئامانج ئاڕاستە دەبەستن کە ئەویش بانگەشە کردنە بۆ تاك ڕەنگی، ئەوەش دەیسەلمێنێت کە ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوورییەی کە شاعیر ئەو

بانگەشەیەی تێدا دەکات هیچ ئامادەبوونێکی نیە بۆ دروستبوونی فرە ڕەنگی و فرە دەنگی.

لە لایەکی ترەوە قەسیدەی ڕەنگدان بەرجەستەی عەقڵی باو و باڵادەستی کوردی دەکات، ئەو عەقڵەی کە حیزب و دەسەڵاتی کوردی بەرهەم هێناوە، ئەویش عەقڵێکە لە دەرەوەی خۆی نە هیچ عەقڵێکی تر دەبینێت نە دان بە هیچ بوونێك لە دەرەوەی خۆیدا دەنێت، هەر ئەو عەقڵەشە کە مایەی نەتوانینی گوێگرتن لە یەکتری و بوار ناکاتەوە بۆ ڕەخساندنی زەمینەی دایەلۆك یەکتر قبوڵکردن، قەیرانی یەکتر قبوڵ نەکردنیش یەکەم هۆکاری سەرەکی کوشتنی زەمینەی دروستبوونی یەکێتی و یەکبوونە لە مێژووی کورددا، کە وێرانەیی، ئەو مێژووە لە ئەنجامی نەتوانینی بەرهەم هێنانی هێزێکدا بووە کە پارێزگاری لە مانەوەی خودی کورد بکات، دروستنەبوونی ئەو هێزەش لە ئەنجامی نەتوانینی پەسەندکردنی یەکتری ئێمەدا بووە، کە ئەویش دەرئەنجامی تاك عەقڵی و تاك ڕوانینی و تاك لێکدانەوەدایە کە ئەو عەقڵەش یەك بکەر دەبینێ کە خۆیەتی.

لە کاتێکدا مێژووی کوژراو و وێرانکراوی کورد ناشێت بە تاکە هێزێك و تاکە عەقڵێك و.. زیندوو بکرێتەوە، بەڵکو پرۆژەیەکی هەمەلایەنە دەتوانێت ئەوە بگەیەنێتە ئەنجام کە ئەویش پرۆژەی پێشنیارکراوی سەرەتای قەسیدەی ڕەنگدانە، واتە پرۆژەی دانان بە فرە ڕەنگی و فرە دەنگی و فرە ئاراستەیی عەقڵ و ڕوانین و لێکدانەوەدا و کارکردنی هەموو ئەو جیاوازانە هەریەکە لە ڕوانگەی خۆیەوە بۆ تەواوکردنی پرۆژەی هەمەلایەنەی گۆڕینی تاکە ڕەنگی مێژووی ئێمە کە ڕەنگی ئەنفال و ڕەنگی وێرانبوونە، بۆ ڕەنگە جۆراوجۆرەکان، بۆ ڕەنگە جیاوازەکان کە هەموویان پێکەوە دەتوانن مانا بە بوون و بە زیندەگانی و بە ژیان ببەخشن و بەبێ ئەو فرەیێتییە و زەمینە بۆ ڕەخساندنی نە عەقڵ ئازاد دەبێت بۆ کارکردن، نە بیرکردنەوەی ئازاد دروست دەبێت، نە لێکدانەوە مانایەك دەبەخشێت.. نە بوونیش مانایەکی ئەوتۆی دەبێت، شێرکۆ لەم قەسیدەیەدا داوای بەرهەم هێنانی فرە دەنگی و فرە ڕەنگی و فرە عەقڵی و فرە لێکدانەوەیی دەکات لەو ڕوانگەیەوە کە تەنیا فرەیی

بـوون دەتوانێـت زەمینـە بـۆ گۆڕینــی مێـژووی وێرانـی ئێمـە بڕەخسـێنێت و بـەرەو ڕابوونـەوە و ڕێنسانس ئاڕاسـتەی بکات، بـەڵام کاتـێ لـە بنیادنـانی پرۆژەیـەکی لـەم جۆرەش بێئومێد دەبێت، لە بەردەم مەترسییەکی تردا ڕادەوەستێت، مەترسـی مـردن، واتە وێرانبوونی تەواوەتی.

ئەی ڕەنگی مەرگ!

تۆ لەوێ بەو خۆم دێم بۆ لات

تۆ دوا ڕەنگی و لە هەموو ڕەنگێ تۆختری و

لە هەموو ڕەنگێ ڕاستتری و تەنها ڕەنگی شلوێ نابی و

چەند کۆنیش بیت هەر تازەیت و تەنها ڕەنگی

گومانێ گەرات تیا نەخات

تاقە ڕەنگێ کە هەموومان بە یەکسانی دائەپۆشێ و

تاقە ڕەنگی کە چوون یەك و بێ جیاوازی

تۆ لە خۆتمان هەڵئەکێشی..

شاعیر دوای هەوڵدان بۆ بەرهەم هێنانی ڕەنگە جیاوازەکان و دوای بەرهـەم هێنـانی چەندین تابلۆ و بەرجەستەکردنی چەندین وێنە و گێڕانـەوەی چـەندین یـادەوەری کـە هەموویان هێڵێکی نادیار پێکیانەوە دەبەستێت کە ئەویش هاوشێوە بوونـی هەموویانـە لە گەڕانەوە بۆ یـەك ڕەنگیـاندا، کـە ئـەویش ڕەنگـی ئەنفالیـە، واتـە ڕەنگـی وێرانـەیی مێژووی ئێمە. کاتێ شاعیر لەو حەقیقەتە تێدەگات کە ئـەو لـە هـەر کوێـوە دەسـت پـێ بکات و هەر پرۆژەیەك بۆ خوێندنەوەی ئەویتر بنیاد بنێت، ئەو کارەی ئەو لە سنووری خۆی دەرناچێت چونکە واقیعـی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و کـەلتووری ئێمـە تـاکو ئێسـتا لەبەر کەموکورتی لە گەوهەر و ماهیەتی خۆیدا، لەبـەر گومـانکردنی لـە بوونـی خـۆی، لەبـەر بوونـی ترسـێکی خنکێنـەر لـە بەرامبـەر هـەر ڕاو بیرکردنەوەیـەکی جیـاوازدا.. نـاتوانێت یـان ڕێگـا نـادات زەمینـەی خوێندنـەوەی ئـەویتر بڕەخسـێ کـە ئـــەوەش دەرئـەنجامی ئاشـکرای کـەموکورتی گەوهەریـە لـە ماهیـەتی عـەقڵی کوردیـدا.. لـە ئەنجامی تێگەیشتن لەم بارە ناتەواوەی عەقڵی کوردیـدا شـاعیر ئومێـدی بـەوە نـامێنێت

لەو واقیعەدا هیچ گۆڕانکارییەکی بۆ دروست بکرێت، بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەوەی خۆی، لەوێشدا واتە لە سنووری بوونی تایبەتی جیهانی ناوەوەیدا، هەستی ناکردەیی و هەستی مانەوە لەو بارە نادروستەدا لە بەردەم مەترسی مردندا ئامادەی دەکات و ئەم خۆی کاتێ دەزانێت ناتوانێت لە ڕەنگێ زیاتر بەرهەم بهێنێت و پرۆژەی فرە ڕەنگییەکەی کە بانگەشەی بۆ دەکات هەرەس دێنێت.. دەگەڕێتەوە بۆ ئامێزی تاکە ڕەنگێك کە وەکو ڕەنگێکی موتڵەق و وەك حەقیقەت لێی دەڕوانێت کە ئەویش ڕەنگی مردنە. یان دەشێ ئەم کاتێ دەگاتە ئەوەی کە ناشێت ڕەنگی جیاواز بەرهەم بێنێت، ڕاستەوخۆ هەموو ڕەنگەکان ڕەت بکاتەوە و وای بۆ بچێت یەك ڕەنگی مانای مردن هەڵدەگرێت و لە ئەنجامی نەتوانینی بەرهەم هێنانی زیاتر لە ڕەنگێکدا پێی وابێت بوون هیچ مانایەکی نییە ئەگەر تاکە ڕەنگی و تاکە دەنگی و تاکە عەقڵ تیایدا کۆنترۆڵ و دیسپلینی هەموو جوڵەیەك بکات و لە ئەنجامی ئەو هەستکردنەشدا بگاتە ئەوەی یەك ڕەنگی مانای مردنە، بانگ کردنی مەرگ، لەسەر هەمان ئیقاعی بانگەشەکردنە بۆ فرە ڕەنگی. لێرەوە دەگەینە ئەو ئاستەی کە وای لێکبدەینەوە کاتێ ئەم لە پرۆژەی بەرهەم هێنانی فرە ڕەنگیدا هەست بە شکست دەکات، پێی وایە بوونی هیچ مانایەك نابەخشێت لەم واقیعەدا و ئەوکاتە جیاوازی لە نێوان ژیان و مردندا نامێنێت بۆیە داوا لە ڕەنگی مەرگ دەکات کە بواری بۆ بکاتەوە هەتا ئەم خۆی بدات بە دەستەوە. تەنانەت پێی وایە ڕەنگی مردن لە هەموو ڕەنگەکان ڕاسترە، ئەمەش بە ئاشکرا خۆدانەوە دەستی تاك ڕەنگییەکی موتڵەقە ئەو تاك ڕەنگییەی کە ئەم لە سەرەتای قەسیدەی ڕەنگدانەوە پرۆژەی هەرەس پێهێنانی دادەنا. ئەم پێی وایە تەنیا لە سایەی ئەو ڕەنگەدا هەموومان یەکسان دەبین، ئەمەش ئەو مانایە هەڵدەگرێت کە لەم ژیانەدا پرۆژەکانی یەکسانی هیچ ئومێدێکی بە ئاکام گەیشتنیان نییە، بۆیە دەبێ چاوەڕوانی ئەو ڕەنگەی یەکسانی بین کە مردن وەکو یەك بە هەموومانی دەبەخشێت. لێرەوە لە پشتی ئەم ڕوانینەوە شکستی ژیان دۆستی لە بەردەم مەرگ دۆستیدا ئاشکرا دەبێت کە ئەویش دەرئەنجامی هەست بە شکست کردنە لە بەردەم جێبەجێکردنی پرۆژەی گۆڕانکاری و بەرهەم هێنانی فرە دەنگی و فرە ڕەنگیدا. واتە کاتێ بوار نەبێت

بۆ ئەوەی لە دەنگیّ زیاتر و لە ڕەنگیّ زیاتر ئامادەبوونیان هەبێت، کاتیّ زەمینەی خوێندنەوەی ئەویتر و دانان بەویتردا بوونی نەبێت و هەر پرۆژەیەکیش کە بۆ گەیشتن بەو مەبەستە پێشنیار بکرێت هەرەس بهێنێت بەواتا خنکاندنی هەموو دەنگەکانی تر و کوشتنی هەموو ڕەنگەکانی تر.. لە زەمینەیەکی وەهادا نەك خودی پرۆژەی گۆڕانکاری هەرەس دەهێنێت بەڵکو داواکارەکانیشی مادەم ئەوەی دەیانەوێت نابێت بە دەنگ و لە سنووری نەگوتراودا دەمێنێتەوە، واتا بە جۆرێك لە جۆرەکان دەکوژرێن چونکە بێدەنگ کردن بۆ خۆی جۆرێکە لە مردن ئەو مردنەی شێرکۆ لە کۆتایی قەسیدەکەدا بانگەشەی بۆ دەکات.

مردنێکی ناچاریە، مردنێك کە هەستکردن بە شکست و ناکردەیی بەرهەم هێنیەتی. دەشیّ ئەو مردنەش لە لایەك مردنی تاکەکەسی خۆی بێت و لێکدانەوەیەکی ئایدیالیانەی بۆ بکەین بەوەی کە هەڵچوونی تەمەن دەوری ئەوەی هەبێت لەسەر خودی شاعیر کە ئێستا مەترسی مردن بەرەو ئەو جۆرە هەستکردنەی بردبێت و چیتر وەها لە ژیانی خۆی بڕوانێت کە ئەو بوونەیە فەراهەمی دەکات کە لە ڕۆحی داهێنانەکانیدایە.

ئەی ڕەنگی مەرگ
منیش ئێستا بەر لەوەی بێیت، هەر هەمان خەو
لە کەژاوەی پایزێکی پڕ پەپوولەی ڕەنگی خۆم و هەر هەمان خەو
لەناو هەورێکی سەر سپی کوردستاندا ئەبینمەوە
هەتا زەمانێکی درێژ لەسەر شەقامی داهاتووی زمانەکەم
ئەبمە هەیکەلی ڕاوەستاو، زەردەخەنەم ڕوو لە شاخ و
جانتاکەم هەر لە بن باڵدا..

دەشیّ ئەم مەرگ جەستەی ببات بەڵام هەتا زمانی کوردی زیندوو بیّ ئەم شاسوارێکی فەرهەنگی ئەم زمانەیە و لەوێڕا بە نەمری دەمێنێتەوە و وەکو هەیکەلێك هەمیشە ئامادەبوونی لە فەرهەنگی ئێمەدا دەپارێزێت.

دەشێ ئەو مردنەی کە ئەم بانگەشەی بۆ دەکات، مردنی ئێمە بێت مادەم توانای ئەوەمان نییە فرە ڕەنگی و فرە دەنگی لەسەر زەمینەی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووریمان جێگا بکەینەوە، مادەم ناتوانین زیاتر لە عەقڵێك و زیاتر لە تاکە ڕوانینێك و تاکە لێکدانەوەیەك بەرهەم بهێنین کەواتە تاکە ڕەنگێ دەبێتە فەزای بەردەوامی بوونمان و تاکە ڕەنگێ لای ئێمە ئامادەبوونی دەبێت ئەویش ڕەنگی شکست و وێرانەیی مێژووی دوور و درێژمانە کە هەمان ڕەنگی ئەو مەرگەیە کە شاعیر لە کۆتایی ڕەنگداندا داوای دەکات.

## ونبوونی پرۆژەی گۆڕانکاری لە شیعری
## ( چیمان گۆڕی ) لەتیف هەڵمەت دا

زۆری دەقی ئـەدەبی ئێمـە لەبـەر لاوازی بـاری ڕەخنـە و لێکۆڵینـەوەی کـوردی کـە بڵاودەبێتـەوە بێئـەوەی ببێتـە جێگـەی سـەرنج دەڕوات و لەبیردەچێتـەوە، کە هـەندێ جـار زۆر دەقـی زینـدووش بـەم جـۆرە ون دەبـن بـە تایبـەتی لـە بـاری بڵاوکردنــەوەی ئێستادا. یەکێك لەو شاعیرانەی کە خاوەنی بەرهەمێکی زۆرە و لەبەر هەر هۆیەك بێت وەکو پێویست ئەزموونی ئەم شاعیرە قسەی لەسەر نەکراوە، دەقەکانی لەتیف تێکەڵاون لە دەقی زیندوو داهێنەرانە لەگەڵ دەقی لاواز و مردو کە هەندێکیان ئاستی شیعریەت تیایاندا زۆر لاوازە، هەروەك لە بەرامبەر ئەمانەدا هەندێ دەقی شیعری جوان و خاوەن پرسیاری گرنگی هەیە. بەهەرحاڵ تاکو ئێستا دەقەکانی ئەم شاعیرە بە یەك چاو سەیر دەکرێـن و جیـاوازی لـە نێـوان ئـەو دوو ئاسـتەی بەرهەمـەکانیدا نـەکراوە. هـەندێ لـە بەرهەمەکانی بە ناوی ڕەخنەوە بەڵام لە دەرەوەی توێژینەوە و شیکردنەوەی دەقەکانی یـان وەسـفکراون یـان هێـرش کراوەتـە سـەریان کـە ئـەوەش نـە خزمـەتی شیعری ئــەم شاعیرەیان کردووە، نە توانیویشیانە لە دوای جیهانبینی شیعری ئەو بگەڕێن.

یەکێك لەو شیعرانەی لـەتیف هەڵمـەت کـە لـە کۆمەڵـە شـیعری (پرچـی ئـەو کچـە ڕەشمــاڵی گــەرمیان و کوێســتانە)دا بڵاوبۆتــەوە، شــیعری (چیمــان گــۆڕی)یــە، کــە بەرجەسـتەی حاڵـەتێکی جێگیر دەکات لـە بوونـی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و مێژوویـی ئێمەدا لەو ڕوانگەیەوە کە ئاخاوتنی بابەتێك دەکات سیاسەتی باوی کوردی و دەسەڵاتی کوردی بە هەموو جۆرێك هەوڵدەدات بەو ڕووکەشـەی ئـەو بـۆ شـاردنەوەی حەقیقـەتی شتەکان باسی دەکات، ڕێگا لە ئاشکرا بوونـی ماهیـەت و گەوهـەری شـتەکان بگرێـت، بـە واتایەکی دی لەتیف هەڵمەت لەم شـیعرەدا لـەوە دەدوێـت داخـۆ ئێمـە توانیومانـە هیـچ گۆڕانکارییەك لە گەوهەری شتەکاندا بکەین یاخود تەنیا ڕووکەشی شتەکانمان گۆڕیووە کـە ئـەوەش لـە ئاسـتێکی تـردا سـەرنجمان بـۆ جۆرێـك لـە ڕەخنـەگرتن لـە واقیعـی بـاو ڕادەکێشێت.

ئەمە سەرباری ئەوەی گومانمان بەرامبەر بەو بەهایانە لادروست دەکات کە ئێمە وەکو جۆرێك لە حەقیقەت لێیان دەڕوانین و هەروەها کارەکانی ئێمە ڕووبەڕووی پرسیارێکی گەوهەری دەکاتەوە. پرسیار لەوەی ئایا چی دەگەیەنێت کە کارەکانی ئێمە تەنیا ڕووکەشیان گۆڕی بێت و نەگەیشتبێتە ئەو ئاستەی کە هیچ گۆڕانکارییەك لە گەوهەری شتەکاندا دروست بکەن؟ بە مانایەکی تر بوونی ئێمە وەکو بکەر دەخاتە بەردەم گومانەوە، گومان لە ماهیەتی بکەرێك کە نەیتوانیووە ڕووداو دروست بکات، چونکە گۆڕانکاری لە گەوهەری شتەکاندا بریتی‌یە لە ڕووداوێك کە دەبێت بکەرێك لە پشتی‌یەوە بێت:

هەر چیمان وت.. هەرچی دەڵێین درۆیە

ژەنگ و درزی پردەکانی

نێوانمانی

پێ سواغ دەدەین وەکو بۆیە..

گۆڕانی چی.. چیمان گۆڕی

شاعیر هەر ئەوە نی‌یە کە گومان لە چالاکی‌یەکانی ڕابردوومان بکات بەڵکو بەرامبەر بەوەی کە بۆ ئایندەش چاوەڕوان دەکرێت، گومانمان لا دروست دەکات، گومانی ئەوەی کە نەك هەر لە ئایندەشدا گۆڕانمان بۆ دروست ناکرێت بەڵکو ئەوەی دەیشیلێین جێگای گومانە چونکە لە بنەڕەتدا ئێمە پرۆژەی گۆڕانکاریمان نی‌یە هەتا بە پێی ئەو پرۆژەیە لە پێناوی گۆڕانکاریدا کاربکەین، بەڵکو هەوڵدەدەین گەوهەری شتەکان وەکو خۆی بمێنێتەوە و تەنیا ڕووکەشیان جوان و ڕەونەقدار بکەین. ئەم بۆچوونەش نەك بۆ ساتەوەختی لە دایکبوونی دەقەکە بەڵکو بۆ ئێستاش ڕاستە لە واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمەدا، بۆ نموونە لە کاتێکدا کۆمەڵی ئێمە لە گەوهەردا لە بارێکی دواکەوتوویی و خێڵایەتی دوور لە هەموو بنەماکانی شارستانی و ژیانی هاوچەرخ دەژی لە ڕووی عەقڵ و گەشەکردنەوە کەچی بە ڕووکەش باسی دیموکراسی و چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی دەکەین لە کاتێکدا ئەوەی خۆی بە هەڵگری پەیامی دیموکراسی و چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی دەزانێت تەنیا بۆ ڕەونەقدار کردنی ڕووە دزێوەکانی

دەسەڵاتەکەی ئەو چەمکە بەکاردێنێ و لە بنەڕەتەوە نە خۆی لێی تێگەیشتووە نە دەشیەوێت کۆمەڵگای ئێمە ببێتە کۆمەڵگای مەدەنی چونکە لەو گۆڕانکارییەدا خودی ئەو دەدۆڕێت ئەگەرچی بە پێی پرنسیپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کاربکرێت و هەرکەس بە پێی توانا و لێهاتوویی پایەو جێگای پێ بدرێت، بە واتا ئەو دروشم و قسە و بەڵێنانەی کە دەسەڵات لە بارەی مەدەنیەت و دیموکراتی و باشکردنی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی خەڵکەوە بانگەشەی بۆ دەکات هەمان شێوەی ئەو بۆیەیە کە کانزا و ڕووە ژەنگاوی و درز بردووەکانی پێ دەڕازێنینەوە. هەرچۆن ئەو کانزا و ڕووانە گەوهەرەکەیان هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نایەت تەنیا دیمەنی دەرەوەیان جوان دەکرێت. ئەوەش لە ڕوانگەی تێڕوانینی شاعیرەوە هیچ بەهایەکی نییە. ئەوەی ئێمەش بە گۆڕانی دەزانین تەنیا ڕووکەشەو گەوهەر و ماهیەت هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە.

لێرەدا شاعیر خۆی بە جیاواز لە دەسەڵات سەیر ناکات بەڵکو خۆیشی دەخاتە ڕیزی ئەوەوە کاتێ بە ڕاناوی کەسی یەکەمی کۆ واتە بە (ئێمە) دەدوێت. ئەمەش لە ئاستێکی تردا پێمان دەڵێت ئێمە وەکو کۆمەڵگایەك هەموومان بەرپرسیارین لە ناکردەیی خۆمان بە دەسەڵات و کۆمەڵەوە، یان دەرئەنجامی ئەو تێڕوانینەیە لای ئێمە کە لەبەرئەوەی هەموو شتەکان بە دەسەڵات و کۆمەڵەوە، بە حیزب و خەڵکەوە، بە توێژ و چینە کۆمەڵایەتیەکانیشەوە تێکەڵ و پێکەڵن و هیچ کام لەو پێکهاتانە بەشێوەیەکی ئەوتۆ پێکنەهاتوون کە سیمای دامەزراوی سەربەخۆیان هەبێت، بۆیە بەردەوام ئەو تێکەڵاو کردنە لە دەربڕین و هەڵوێست نواندنیشدا لای ئێمە حاڵەتێکی ئامادەیە و هەر لەو تێڕوانینەشەوەیە کە شاعیر خۆیشی دەکات بە بەشداری ئەو ئیدیعاکردنەی کە بۆ گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە و لە گەوهەریشدا گۆڕانکاری ناکرێت و تەنیا جوانکردنی ڕووکەشی دەرەوەیە.

مەڵێن وشەو ڕەنگمان گۆڕی
کێش و سەرواو دەنگمان گۆڕی
چیمان گۆڕی؟
ڕواڵەتی ژیانمان گۆڕی.

ئەم بە لایەوە گرنگ نییە کە وشە و ڕەنگ بگۆڕین یاخود کێش و سەرواو دەنگ بگۆڕین. شاعیر لێرەدا ژیان دەشوبهێنێ بە شیعر، ئەگەر شیعری کۆن بە جۆرە وشە و ڕەنگ و کێش و سەروایەك نووسرابێت، ئێستا ئێمە لە نووسینی شیعردا ئەو خاسێتانەمان گۆڕی بێت، بەڵام نەمانتوانیبێت جیهانبینییەکی نوێ، پرسیاری نوێ، تێڕوانینی نوێ لە پشتی گۆڕینی زمان و کێش و سەرواوە پێشکەش بکەین، مانای وایە جگە لە ڕووکەش هیچمان نەگۆڕیووە، هەڵبەت گۆڕینی ڕووکەش بە تەنیا هیچ مانایەکی نییە ئەگەر بێت و لەگەڵ ڕووکەشدا گەوهەر و ناوەڕۆکیش نەگۆڕێت، هەرچەند دەشێ گۆڕانکارییەکانی ناوەوە لەگەڵ خۆیاندا ڕووکەشیش بگۆڕن، چونکە بۆ نموونە ئەگەر کۆمەڵگا لە ناوەوەڕا گەشە بکات و پەرە بسەنێت، ئەوا لەگەڵ ئەوەدا سیمای دەرەوەشی گۆڕانی بەسەردا دێت.

دیارە ئەم لێکچواندنە لە نێوان شیعر و واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمەدا دیسان دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونەی هەرچۆن تەنیا گۆڕینی زمان و کێش و سەروای شیعر بەس نییە بۆ ئەوەی ئێمە بڵێین گۆڕانکاری و نوێ بوونەوەمان ئەنجامداوە، بە هەمان شێوە ڕەونەقدارکردنی ڕووکەشی کۆمەڵگای ئێمە بە بێ گۆڕانکاری لە گەوهەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا هیچ ناگەیەنێت، هەروەك خۆی لە سنووری دەقەکەدا وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، واتە پرسیار "چیمان گۆڕی؟". وەڵامەکەش تەنیا ئەوەیە ڕواڵەت واتە ڕووکەشی ژیانمان گۆڕیووە. کە بێگومان گۆڕینی ڕووکەش بە تەنیا و بەبێ گۆڕانکاری لە گەوهەر و ناوەڕۆکدا شتێکی ئەوتۆ دروست ناکات، ئێمە ئەو حەقیقەتە دیالکتیکیەمان لە لا ئاشکرایە کە گۆڕانی دیووی دەرەوە ناتوانێت کاریگەری لەسەر ناوەوە هەبێت، بەڵام هەر گۆڕانکارییەك لە گەوهەر و ناوەڕۆکدا ڕوودەدات لەگەڵ خۆیدا ڕووکەشیش دەگۆڕێت، لێرەشەوە دەشێ هەموو ئەو تێڕوانینانە ڕووبەڕووی گومان ببنەوە کە پێیان وایە دەکرێت بەبێ گەشە و پەرەسەندنی ناوخۆیی لە خودی کۆمەڵگای کوردیدا، ئەم کۆمەڵگایە هەنگاوی بەرەو پێشەوە بنێت و خاسێتی کۆمەڵگایەکی پەرەسەندو وەربگرێت و لەوێوە هەنگاوی بەرەو بە مەدەنی بوون و قبوڵکردنی دیموکراسی بچێت.

چيمان شۆری..؟

شۆرينی چی چيمان شۆری؟

گۆڕينی چی چيمان گۆڕی..

چ بيرێكی كۆنمان پسان

قەڵای كام زۆردارمان ڕمان..؟

لە كاتێكدا كە ئێمە نەمانتوانيبێت هيچ گۆڕانكارييەكی گەوهەری ئەنجام بدەين بە واتا نەمانتوانيووە هەوڵی گۆڕانكاری لـە بـيروبۆچوون و چـەمك و بـەها كـۆن و تەقليديەكانيشدا بدەين، لە كاتێكدا كە شاعير پرسـيار لـە دوای پرسـيار لـە بـارەی ئەو شتانەوە دەكات كە ئێمە گۆڕيومانن بەڵام هـەر خۆيشی وەڵامـی پرسـيارەكانی دەداتـەوەو پێمـان دەڵێـت جگـە لــە ڕووكــەش نــەمانتوانيووە هيــچ بگۆڕيــن، نــە توانيومانە بيرێكی كۆن بڕوخێنين، نە قەڵايـەكی زۆرداری، لـە كـاتێكدا كـە هـەموو دەزگا كۆمەڵايەتيەكانی ڕابردوو وەكو خۆيان مابنەوە، لـە كـاتێكدا نـەمانتوانيبێت ئەو كارە بكەين بە واتا ئێمە هەڵگری پرۆژەی گۆڕانكاری نين، بەڵكو لە ڕووكەشـدا كاردەكـەين و لـە جيـاتی پـرۆژەی هەمەلايەنـە بـۆ ڕووخـاندنی بـەهاو چەمكـە جێگيرەكـان و بنيادنـانی بـەهاو چـەمكی نـوێ لە شـوێنياندا خۆمــان بــە هــەندێ ڕيفۆرمـی زۆر كـەم بـەهاوە خـەريك كـردووە و وايشـی دەردەخـــەين كــە هــەڵگری پرۆژەی گۆڕانكاری هەمەلايەنەين.

شـاعير لـەوەش بەئاگايـە كـە ئێمـە لـە جيـاتی ئـەوەی لـە ڕێگـای كـارو پراكتيكـەوە ئامادەبوونی خۆمان بسەلمێنين و ڕووداو دروست بكەين، تەنيا قسە دەكەين، لە كـاتێكدا هيچ گۆڕانكارييەك تەنيا بە قسـە دروسـت نـابێت، بـەڵكو گۆڕانكـاری بـەكار ئـەنجامدان دەبێـت و وەك دەشـزانين بكـەری كـوردی تـاكو ئێسـتا بكـەرێكی لاوازە لـە ڕووی كـار ئەنجامدانەوە، خۆ ئەگەر كارێكيش ئەنجام بدات ئەوا بـە ئاسـانی نـاتوانێت ئـەو كـارەی بگوازێتەوە بۆ ئاستی ڕووداو، بۆيە زۆربەی كات وەكو بكەرێكی نـاكردە يـان وەرگـر يـان وەسفكراو دەردەكەوێت ئەمەش خاسێتی پاڵەوانی كوردیـيە يـان بـە شـێوەيەكی گشـتی خاسێتی كەسێتی كوردیيە.

شاعیر پێی وایە بکەرێك دەبێتە هەڵگری پەیامی گۆڕانکاری کە هەڵگری پەیامێکی زیندوو بێت، هێزی بزوێنەری ئەو بکەرەش دەبێ خۆشەویستی بێت، خۆشەویستی لێرەدا وەکو چەمکێکی گشتی باسکراوە کە دەشێ مەبەست لە خۆشەویستی بڕوابوون بێت بەهەر پەیام و بیرو چەمکە بۆچوونێك کە بتوانێت لەوە تێبگات ژیان لە هەر چرکە ساتێکدا سەیری بکەیت پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە لە باری ئێستایەوە بۆ بارێکی باشتر.

من زوو وتم: خۆشەویستی لە خوێنماندا نەماوە

من زوو وتم: کاتژمێری دەستی گشتمان وەستاوە.

ئەم پێمان دەڵێت لە مێژە هەستی کردووە کە پاڵنەری گۆڕانکاری لە بوونی ئێمەدا مردووە، بۆیە چیتر کات هیچ بەهایەکی نەماوە، کات ئەو دەمە دەلالەتی خۆیی هەیە کە لەسەر زەمینەیەکی دیاریکراودا یان باشتر بڵێین لەسەر (شوێن) بکەرێك هەبێت لە ڕووی جوڵاندنییەوە پەی بە ڕۆیشتنی کات ببرێت، یان ڕووداو دروست بکات، لە کاتێکدا کە (ئێمە)ی بکەری دەقەکە نەتوانین جگە لە ڕووکەش هیچی تر بگۆڕین کەواتە کات لە ڕوانگەی ئیشکردنی ئێمەوە وەستاوە. دەلالەتی کات لێرەدا مێژوویەکی بەرفراوانترە کە بریتی‌یە لە مێژووی ئێمە وەکو نەتەوەیەك کە توانای دروستکردنی هیچ ڕووداوێکی ئەوتۆمان نی‌یە کە بیسەلمێنێت کات بۆ ئێمە کاتێکە لە جوڵەی خۆیدایە و نەوەستاوە. یان لە ڕووی جوڵەوە دەربکەوێت کە پاڵنەری جوڵە دروستکەر لە بوونی ئێمەدا زیندووە، شاعیر لێرەدا خۆی جیادەکاتەوە لە ئێمە لەو ڕوانگەیەوە کە ئەو لە زوەوە ئاگاداربووە لەوەی کە پاڵنەری جوڵەو گۆڕان لە بوونی ئێمەدا مردووە یان دەشێ لە بنەڕەتدا بوونی نەبووبێت.

کاتێ کۆمەڵگایەك خۆشەویستی لە بوونیدا سڕابێتەوە، مانای وایە لە بنەماکانی زیندەگانی و ژیان ڕووتکراوەتەوە، واتە مەرگخوازی بۆتە ئاڕاستەی دیار بۆ هەر جوڵەیەکی چاوەڕوانکراوی. بە مانایەکی تر تاناتۆس دەسەڵاتی بەسەردا کردووە و پانتاییەك بۆ جوڵەی ئیرۆس یان بۆ ژیانخوازی نەماوەتەوە. هەروەك لە لایەکی ترەوە سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە خۆشەویستی مێژوو دروست دەکات لە کاتێکدا ئێمە

خۆشەویستی لە خوێنماندا سڕابێتەوە، واتە هێزی دروستکردنی مێژوومان هەرەسی هێناوە.. مێژوو لە گۆڕانکاریدا دروست دەبێت، هەر لێرەوە دەگەڕێینەوە بۆ پێکەوە گرێدانی ئەو بنەمایانەی کە پەیوەستن بە گەوهەری گۆڕانکارییەوەو بەبێ بوونی گۆڕانکاری لە ئاستە قوڵەکاندا یان باشتر بڵێین لە گەوهەردا ناتوانرێت هیچ شتێکی نوێ بەرهەم بهێنرێت. ئەگەر خۆشەویستی مردبێت لە بوونی ئێمەدا بڕوامان بەو تێڕوانینەش بێت کە خۆشەویستی پاڵنەری دروستکردنی جوڵەو گۆڕانکارییە بەوپێیە ئێمە توانای گۆڕانکاریمان نییە. مێژووی خاوەن ناسنامەش بریتییە لە تۆمارکردنی ساتەکانی گۆڕانکاری و ڕووداو دروستکردن کە لە سیاقی ئەم دەقەدا و لە ئاستی نەگوتراودا مەبەست لە دروستکردنی شارستانێت و گەیشتنە بە ئاستی بوون.

چونکە ئێمە تامەزرۆی بۆنی بەهارنین
چونکە ئێمە دڵسۆزنین
دڵداری خۆر و نەورۆز نین
نەمانتوانی تاکو ئێستاش ناتوانین
تاقە هەڵبەستێك بنووسین
ئەو هەڵبەستەی بوومەلەرزە دەخاتە ژێر دەکی زەمین
دنیایە تازە دێنێتە کایە
گەلێ گەورەترە لەم دنیایە..

شاعیر هۆکاری ئەوەش دیاری دەکات کە بۆچی ئێمە نەمانتوانیووە گۆڕانکاری دروست بکەین، ئەو پێی وایە عیشقی بەهار و دڵسۆزی و پەرۆشی خۆر و نەورۆزو.. تاد. پاڵنەرن بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری، لەبەرئەوەی ئێمە ئەو خاسێتانەمان نییە بۆیە نە لە ڕابردوودا توانیوومانە گۆڕانکاری دروست بکەین، نە لە ئێستاشدا دەتوانین ڕووداوێکی ئەوتۆ دروست بکەین کە واقیعی تاڵ و ناپەسەندی ئێستا بگۆڕین بۆ واقیعێکی پەسەند، یان وەکو بکەرێك ببینە هەڵگری پرۆژەی کردارێکی ئەوتۆ کە ئەم دنیایەی ئێستا بگۆڕین بە دنیایەکی جوانتر و پڕماناتر و پەرەسەندوتر و گەورەتر لەم دنیایەی ئێستا تیایداین.

لێرەوە دەردەکەوێت کە شاعیر ئەم دنیایەی ئێستای ئێمە ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە دنیایەکی بچووك و کەم بەهایە و لە ئاستی ژیانێکی شەرەفمەندانەیدا نابینێت، بۆیە لە پشتی ئەم دەقەوە ئەو جیهانبینی‌یە ئامادەیە کە داوای گۆڕینی ئەم دنیایە دەکات بە دنیایەکی تر، چونکە پێی وایە ئەم دنیایە ڕووی ڕاستەقینەی شاراوەیە و گەوهەرەکەی نمایش نەکراوە، هەمان شێوەی ئەو ڕووە ژەنگاوییەیە کە بۆیاخ بکرێت بۆ شاردنەوەی ژەنگ و ناشیرینی و تەنانەت درزەکانی ئەو ڕووە.. بە هەمان جۆر ئێمەش تاکو ئێستا لەبەر لاوازیمان لە ئاستی دروستکردنی ڕووداودا کە لێرەدا مەبەستمان ڕووداوە بە مەبەستی گۆڕانکاری نەمانتوانیووە ببینە خاوەنی پرۆژەی گۆڕانکاری، بە واتایەکی تر ئێمە تاکو ئێستا نەمانتوانیووە گۆڕانکاری لەسەر ئاستی ژیان بکەین کە لێرەدا مەبەستمان کۆمەڵگای خۆمان و گۆڕانکاری‌یە لە ژیانی ئەم کۆمەڵگایەدا.

شاعیر لە پشتی ئەم دەقەوە داوای ئەو گۆڕانکارییانە دەکات کە دەبێتە هۆی بنیادنانی دنیایەك کە لەم دنیایەی ئێستا جیاوازبێت بۆ ئێمە. هەڵبەت دەبێ ئەو جیاواز بوونەش بە ئاڕاستەی بەرەو چاکتر لەوەی ئێستا بێت واتە گۆڕان لە ئێستاوە بەرەو ئایندەیەکی گەشتر.

ئەگەر سەرنجی بنیادی هونەری ئەم دەقە بدەین یان لە ڕوانگەی شیعریەتەوە لێی بڕوانین دەتوانین بڵێین لە هەندێ شوێندا زمانی ڕاستەوخۆ باڵادەستە کە ئەوەش لە ئاستێکی تردا بۆتە هۆی لاوازی بەرهەم هێنانی شیعریەت، تەنانەت پەیڕەوکردنی سەروا بە ئاشکرا لە دەقەکەدا دەبینرێت، دیارە ئەوەش لەسەر حسابی بنیادی هونەری یان شیعریەتی دەقەکەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دەقە لە ڕووی ئەو پرسیارانەی هەڵیگرتووە تاکو ئێستا پارێزگاری لە بوونی خۆی دەکات و ئەگەرچی مێژووی نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی حەفتاکان بەڵام بەرجەستەی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری ئێمە دەکات لەوساوە بۆ ئێستا، ئەم دەقە نەك هەر شاهیدە بەسەر واقیعی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەوە لە ساڵانی حەفتاکاندا بەڵکو شاهیدێکی زیندووی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێستاشمانە، ئەمەش لە لایەك چەق بەستنی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ئێمە دەردەخات، لە لایەکی ترەوە زیندوێتی ئەو

پرسیارانە دەردەخـات کـە وەکـو پرسـیاری زینـدووی درێژخایـەن لـە ڕووی کاتـەوە ئـەم دەقـە هــەڵیگرتوون. هــەروەکو ئــەوەش ئاشـکرا دەکـات کـە ئێمــە لەبــەر نــەتوانینی دروستکردنی گۆڕانکاری ئاشکرا لە مێژووی خۆماندا ئەو پرسـیارانەی کـە پـەیوەندییان بە گۆڕانکارییەوە هەیە  وەکو پرسـیاری هەمیشـەیی و ئـەزەلی لـە ژیـانی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و مـەعریفی ئێمـەدا دەردەکـەون. بەهـەرحاڵ پرسـیارەکانی ئێمـە لـە مێـژووی خۆماندا تاکو ئێستا بە ئاشکرا ئەو پرسیارانەن کە پەیوەستن بە دروستکردنی مێژوو و شارستانێت و ئەویش لە گۆڕانکارییەوە بەرهەم دێت.

بـە مانایـەکی تـر زیندوێتـی پرسیارەکانی ئـەم دەقـە لـە زیندوێتـی پرسـیارەکانیدا دەردەکەوێت. ئەم دەقە گوزارشتێکی بەردەوام و جدی لە  ژیـانی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و مێژوویی ماوەیەکی دوور و درێژی کۆمەڵگای ئێمە دەکات کە کۆمەڵگایەکی  داخـراو و چـەق بەسـتووە لـەو ڕوانگەیـەوە کـە توانـای ئـەوتۆی بـۆ گۆڕانکـاری گـەورە نـیـە، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ کە مێژوو دروست بکات و شارستانێت لە ئەنجامی گواسـتنەوە لـە ئێستاوە بۆ قۆناغێکی تـر بەرهـەم بێـت،. لـەتیف لـە هەڵوێستی ڕەخنەگرتندایــە لـە بنیـادی کۆمەڵایـەتی کۆمــەڵگای کـوردی کـە ئامـادەبوونی گۆڕانکـاری لـە گەوهـەر و ماهیەتدا نـیـە، هەروەها ڕەخنە لە خودی ئێمە دەگرێت کە تـاکو ساتەوەختی بەرهـەم هێنـانی دەقەکـە نـەمانتووانیووە ببینــە بکـەری ڕووداو دروسـتکەر لەسـەر زەمینــەی کۆمەڵایـەتی خۆمـان واتـە ئـەم دەقـە بەرجەسـتەی زەمینەیـەك دەکـات کـە پـرۆژەی/ کانونی یەکەمی/ ٢٠٠٠ گۆڕانکاری تیایدا نادیارە.

# گەڕانەوە بۆ نێو خەیاڵەکانی بوون
# ( لەوێ لە خۆرگیرانی کۆڵانەکە )ی
# ڕەفیق سابیردا

-١-

(لەوێ لە خۆرگیرانی کۆڵانەکەی)دا یەکێکە لە شیعرەکانی ڕەفیق سابیر کە لە سالّی ١٩٩٢دا نووسیوویەتی، واتە بەرهەمی دوای وەرزە بەردینە و بەشێکی تر لەو شیعرانەی شاعیرە کە تیایاندا ڕەفیق وەکو یەکێك لە بەرهەم هێنەرەکانی گوتاری نەتەوەیی کورد کە پێشتر بە گوتاری مانەوە ناومان بردووە بە تەواوەتی جێگای خۆیی گرتووە و بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ڕەگەز و پایەکانی کورد شیعر بەرهەم دێنێ، بە واتایەکی تر مرۆڤی کورد مێژووی شکستی ئەم مرۆڤە وەکو کۆمەڵگا و سروشتی زێدی ئەم مرۆڤە کە سروشتی کوردستانە بە هەموو جوانی و دزێوییەکانیەوە، بە هەموو شکست و هەستانەوەکانیەوە.. بوونەتە ڕەگەزی بەرهەم هێنانی شیعر و شیعریەت لای ڕەفیق سابیر. هەر لێرەوە دەشێ بڵێین ڕەفیق لەنێو ڕووبەرێکی دیاریکراودا کاردەکات بە مەبەستی ئامادەکردنەوەی ڕەگەزەکانی نێو ئەو ڕووبەرە بە مەبەستی بەخشینی ناسنامە پێیان کە لە ئاکامی ئەوەشدا ئەو دەیەوێت ناسنامە بە خودی ئەو مرۆڤە ببەخشێت کە کوردە، ناسنامە بە مێژووەکەی ببەخشێت ئەویش لە ئەنجامی بوون بە بکەری خودی مرۆڤەکەدا، بکەرێك کە ڕووداوی خاوەن ناسنامە دروست بکات، ڕووداوێك کە ئامادەبوونی بۆ دەستەبەر بکات و مێژووی شکست یان مێژووی کوژراو بگۆڕێت بۆ مێژووی دروستکردن و بنیادنان بۆ مێژووی زیندووبوونەوە و ڕابوونەوە کە ئەویش ئامادەبوون لەسەر ئاستی ناوخۆ و لە سنووری خۆیدا و ئامادەبوونی لەسەر ئاستی دەرەوەی خۆیشی بێنێتە ئاراوە.

شیعری ڕەفیق دەشێ لەسەر ئاستی یەکەمی زمان وەکو شیعری سیاسی یان ئاشکرا دەربکەوێت بەڵام کاتێ شۆڕدەبێتەوە بۆ ئاستی قوڵی دەقەکانی جیهانێکی مەودا فراوانتر و تێڕوانینی قوڵتر دەدۆزێتەوە، دەشێ هەست بەوە بکرێت کە بەرهەمهێنانی

شیعر لای ڕەفیق سابیر لە ئەزموونی دوایی ئەودا بە تایبەتی دوای وازهێنانی لە حیزبی شیوعی جۆرێك لە دروشم و پێداگرتن لەسەر مەسەلە نەتەوەییەکانی کورد بالآدەست بێت کە ئەوەش بە جۆرێکی وەها لێك بدرێتەوە لەسەر حسابی بەرهەم هێنانی شیعریەتە بەلآم لە ڕاستیدا ڕەفیق لەو بوارەدا بە باشی دەتوانێت شیعریەت بەرهەم بهێنێت بە جۆرێك کە لە پێشەنگی ئەو شاعیرانەی ئێمە کە دەتوانن لە سیاسەت، لە مێژوو شیعریەت بەرهەم بهێنن. بۆیە ئەزموونی شیعری ڕەفیق لەگەڵ ئەزموونی هەندێ لە شاعیرانی تردا کە لەو بوارەدا تایبەتمەندی خۆیان هەیە و دەشێ بڵێین ئەزموونی ئەم شاعیرەش تاکو ئێستا لە ناوەندی ڕۆشنبیری ئێمەدا ئەگەرچی جێگای دیاری گرتووە بەلآم وەکو پێویست ئاخاوتن لەسەر ئەزموونی شیعری و جیهانبینی شیعری ئەو نەکراوە.. ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێم جگە لەو ئاخاوتنانەی ئێمە لەسەر گوتاری شیعری ڕەفیق لە چەند وتارێکدا و جگە لەو لێکۆڵینەوەی کە لە کتێبی "گەڕان بەدوای ناسنامەدا" کردوومانە هەوڵێکی ئەوتۆی دیار نەدراوە بۆ دیاریکردنی شوێنی ئەم شاعیرە لەسەر جوگرافیایی شیعری کوردی لە سی ساڵی ڕابردوودا.

-٢-

بنیادی پێکهێنەری ئەم شیعرە بە شێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای چەند دووانەیەك بنیادنراوە کە بریتین لە دووانەی (ئێرە/ ئەوێ، سروشت/ شارستانێت، ئامادەبوون/ ونبوون، ڕابوونەوە/ مردن، مێژووی ئامادە/ مێژووی کوژراو، نیشتمان/ مەنفا، بوون/ نەبوون، ئێستا/ ڕابردوو) کە تێکڕا توخمەکانی پێکهێنەری دەقەکە بۆ بنیادنانی ئەم دووانانە کاردەکەن و ئەنجامیش جیهانبینی شیعرەکە بە سڕینەوەی یەکێك لە جەمسەرەکانی ئەو دووانانە کۆتایی دێت و سەرجەم تاکە حاڵەتێك بالآدەست دەبێت کە ئەویش حاڵەتی (بوون)ە لە ساتەوەختی ئێستادا و لەسەر خاکی نیشتمان، واتە ساتەوەختی بەدەستهێنانی ناسنامە دێتە ئاراوە.

لە نێوان دوو بۆشاییدا تاوێرێك لە کەناری ڕۆحدا دەچێنێت
بە دوای –با-دا بەسەر ڕووباردا ڕادەکەیت

تۆ ئەستێرەیەکی خزیوویت
مەدارەکەت ڕاوت دەنێت، ڕاوت دەنێت
بەنێو ئێوارەدا شۆڕ دەبیتەوە
لە هەرێمی بەستەڵەکدا، بە تاڵە تیشك
تابلۆی مانگێکی قوپاو، مانگێکی شکاو
لەسەر ئاو دەکێشیت
بە ڕووی شەپۆلێکی شلوێدا دەقیرێنیت
-منم پشکۆ!

لە دووانەی (ئێرە/ ئەوێ)دا لە ئاستی بینراوی دەقەکەدا تەنیا جیاوازی نێوان دوو پانتایی جوگرافیا دەبینرێت، بەلام لە پشتی ئەم لێکدانەوە سادەیەوە دەلالەتی (ئێرە/ ئەوێ) قوڵتر دەبێتەوە و سنووری ئاسایی شوێن بەجێ دەهێڵێ و دەبێتە شوێن بە دەلالەتێکی پڕ ماناترەوە کە تا چەندێ تیایدا (بوون) فەراهەم دەبێت، بە واتا شوێن دەبێتە ئەو زەمینەیە کە بوونی تێدا دەستەبەر دەبێت و هەوڵی ڕووداو دروستکردن بە مەبەستی بەدەست هێنانی ناسنامە دەگاتە ئەنجام. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (ئێرە/ ئەوێ) لە دەقەکەدا وەکو زەمینەیەکی پەیوەست بە ئامادەبوونی (من) وەکو خودی بکەری شیعرەکە کە دواتر دەبێت بە (نەتەوە) قسەیان لەسەر دەکرێت. بکەر کە لە شیعرەکەدا لە سنووری فەزای دەقەکەدا وەستاوە و بە ڕاناوی کەسی دووەم خۆی نیشان دەدات و خۆی پێشکەش دەکات، کە وێنەی خۆی لە بارێکی سایکۆلۆژی ناجێگیردا پێشکەش دەکات و بە ئاشکرا لە بەردەم گومانێکدا ڕاوەستاوە گومانی بەردەم شکستی هەمیشەیی و گومانی ڕامان لە مێژوویەکی بێناسنامە. بەواتە ئەم کەسێتێکی ناجێگیرە لەو وێنەیەی کە خۆی بۆ خۆیی دەکێشێت و وای نیشان دەدات لە نێوان دوو بۆشایدا پێکهاتەیەکی بێگیان دەچێنێت، واتە لە نێوان ئێرەو ئەوێدا هەردوو لایش هەر بە بۆشایی دەبینێت چونکە ئەم بکەرێکە نە لێرە توانیوویەتی ڕووداو دروست بکات نە لەوێش دەتوانێ بوونی خۆی بسەلمێنێت. بە واتا ئەم لە حاڵەتی ونبووندایە بە جۆرێك کە وەکو کەسێتێکی بێ بەرنامە بە دوای مەسەلەیەکدا دەڕوات کە بەدەست هێنانی لە سنووری وەهمدایە. کاتێ دەڵێ بە دوای (با)دا بەسەر ڕووباردا ڕادەکەیت.

لێرەوە ناسنامەی ئەو کەسێتە ئاشکرا دەبێت کە کەسێتێکی ونبووە، کەسێتێکی بێبەرنامەیە، کەسێتێکە نازانێت لە کوێوە دەست پێ بکات و بۆ کوێ بچێت، ئەو کەسێتەش ئەگەر لە ئاستی یەکەمدا خودی شاعیر بێت و ئۆتۆبایۆگرافیای خۆی بنووسێتەوە کە چۆن لە نێوان ئێرەو ئەوێدا دابەش بووە و نە لەوێ دەتوانێ بوونی خۆی بسەلمێنێت نە لێرە دەتوانێ ئارام بگرێت، ئەوا لە ئاستێکی تردا سنووری ئەو کەسێتە فراوانتر دەبێت و دەبێتە نەتەوە کە لە نێوان (ڕابردوو ئێستادا) نەیتوانیووە مانا بە هیچ کام لەو دوو کاتە ببەخشێت چونکە کات کاتێ مانای هەیە کە ڕووداوی تێدا دروست بکرێت بەڵام بە گوێرەی ئەوی بکەری نەتەوە هەردوو کاتەکە چ لە ئاستی ئێرەدا، چ لە ڕوانینی ئەوێوە مانایەکی نیە بەڵکو چ کات و شوێن بە گوێرەی ئەوی بکەری شیعرەکە چ وەکو تاکە کەس و چ وەکو ئێمە کە مەبەست نەتەوەیە وەکو بۆشایی ماوەتەوە و هیچ ئامادەبوونێکی تێدا تۆمار نەکراوە.

ئەوی بکەری شیعرەکە خۆی دەدوێت بەڵام بە ناوی کەسی دووەمی تاکەوە خۆی پێشکەش دەکات یان بە جۆرێکی تر بڵێین خۆی دەدوێنێت، شێوازی دواندنەکەی ڕاستەوخۆ ناجێگیری باری دەروونی ئەو دەردەخات، دەشێ ئەوەش لە ئەنجامی هەستکردنیدا بێت بە جۆرێك لە ونبوون کە ئەویش دەرئەنجام و بەرهەمی بێناسنامەیی ئەو دەگەیەنێت. ئەم خۆی وەکو ئەستێرەیەکی خزیوو دەبینێت واتە بوویەکی پەرتکراو لە زێدو نیشتمانی خۆی، کە تەنانەت وا پێدەچێت هیچ ڕەگ و ڕیشەیەکی ئەوتۆی نەبێت بۆ جێگیرکردن و بەستنەوەی بە شوێنێکەوە کە زێدی ئەوە. هەر لەوێشەوە هەست بەوە دەکات کە لە بەردەمی مەترسی ونبووندایە چونکە پێی وایە کە نەك ئەم هەر لە زەمینەی خۆی پەرتبووە بەڵکو وای بۆ دەچێت کە ئەو زەمینەیە ئەم نەگرێتە خۆی و بگرە فڕێی دەداتە دەرەوەی سنووری خۆیەوە کە ئەوەش دووچاری ونبوونێکی خنکێنەری دەکات. ئەگەر کاتێ ئەم فڕێ بدرێتە ئەو دیووی سنووری زێدو نیشتمانی خۆیەوە دەشێ بە ڕایەڵێکی بەهێزی ڕۆحی و سایکۆلۆژی بەو نیشتمانەوە ببەسترێت و ئەوەش بە جۆرێك هەستکردن بە بوونی لە لا فەراهەم بکات هەر هیچ نەبێت لەژێر کاریگەری یادەوەری ڕابردوویدا کە پەیوەستبووە

بە زێدی خۆیەوە، بەڵام کاتێ ئەو هەست بکات کە زێدو نیشتمان بەرەو دەرەوەی خۆیان پاڵی بنێن ئەوا مانای وایە ئەو ڕایەڵە ڕۆحی و سایکۆلۆژییەش بوونی نامێنێت.. لێرەوە ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا بۆچی بکەری ئەم شیعرە دەگاتە ئەو ئاستەی هەستکردن کە پێی وابێت نیشتمان جارێکی تر ئەو ناگرێتە خۆی؟ ئایا ئەم ڕوانینە تەنیا لە سنووری خەیاڵدا بوونی هەیە یان لە واقیعدا دەسەلمێنرێت؟ ئایا ئەگەر ئەم بۆچوونە لە سەر زەمینەی واقیع سەلمێنرا یان جێبەجێ کرا، ناسنامەی یەکێك لە ئەوی بکەر یان ئەمی نیشتمان ناکەوێتە بەردەم پرسیارەوە؟ پرسیار لەوەی ئایا بۆچی نیشتمان ئەو فڕێ دەداتە دەرەوە؟ ئایا نیشتمان ماهیەتی نیشتمانی ونکردووە یان ئەو خاسێتی نیشتمانپەروەری ونکردووە و نیشتمان بە نەوەی خۆیی نازانێت.؟

بەهەرحاڵ دەشێ زۆر هۆکار وەها لەو بکەن کە نەتوانێت بێتەوە سەر زێدی خۆی بەڵام نیشتمان ناگاتە ئەو ئاستەی بەو بڵێت تۆ پەیوەندیت بە منەوە نییە، بە تایبەتی ئەگەر وەکو واقیع سەیری نیشتمانەکەی ئەو بکەین هێشتا خاسێتی سروشتی هەیە و نەك ئەو بەڵکو هەموو ئەوانی تریش چۆن لە ئامێزی سروشتدا بوون، دەتوانن بە هەمان شێوە لە ئامێزی نیشتمانەکەی ئەمدا بن چونکە هێشتا خاسێتی نیشتمانپەروەریش لای هاونیشتمانیانی سەر زێدی ئەو نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی پەرەسەندن کە تەنانەت بەوانی تر بڵێن ئێرە جێگای ئێوەی تێدا نابێتەوە، ئیتر ئایا چۆن نیشتمان ئەم فڕێ دەداتە دەرەوەی خۆی؟

بکەری شیعرەکە کە بە ئاشکرا وەکو گێڕەرەوە خۆی پێشکەش دەکات و لەوی گوێگر دەدوێت بەڵام لەڕاستیدا گێڕەرەوەو گوێگر هەر هەمان کەسێتن کە بکەری شیعرەکەیە و لە ئاستێکی تریشدا خودی شاعیرە. هەر لە دەستپێکی شیعرەکەدا وەکو بوویەکی بێناسنامە خۆی پێشکەش دەکات کە لە نێوانی (ئێرە/ ئەوێ)دا ونبووە. ئەو شاعیر لەوێوە واتە لە دەرەوەی جوگرافیای خۆیەتی و شیعرەکە لە دەرەوە بەرهەم دێت، لە کات و شوێنێکدا کە ئەو تیایدا هەست بە بوون ناکات، ئەگەرچی بە جۆرێکیش خۆی وەکو ئەستێرەیەکی لە مەدار دەرچوو پێشکەش دەکات بەڵام لە ڕێگای خەیاڵەوە کە ئەویش لە بەرهەم هێنانی دەقەکەدا بەرجەستە دەبێت دەگەڕێتەوە بۆ ئێرە، لە

یاریکردنی نێو توخمە پێکهێنەرەکانی دەقەکەوە واتە بە ڕایەڵی زماندا دەگەڕێتەوە بۆ (ئێرە) بۆ زێد و نیشتمانێك کە پێی وایە ئەم فڕی دراوەتە دەرەوەی مەداری ئەو، ئەگەرچی شێوەی ئەو فڕێدانە لە ئاستی زمانی دەقەکەدا ئەوە نیشان دەدات کە نیشتمان (ئەو)ی ناوێت.. دیارە ئەوەش جێگای پرسیارە وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد.

بکەری شیعرەکە کاتێ لەوێ هەست بەوە دەکات کە فڕێ دراوەتە دەرەوە و لەوێشدا هەست بە بوونی خۆی ناکات و بەڵکو لەوەش تێدەگات کە ناتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت، زیاتر بێزاری دایدەگرێت چونکە لێرە لەگەڵ (کۆ)دا پێکەوە وەکو نەتەوە هەستی بە ئامادەبوون دەکرد بەڵام لەوێ وەکو تاك هەست دەکات ناتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت چونکە ئەم وەکو کەسێکی ڕۆژهەڵاتی ناتوانێت لە بەرامبەر شارستانێتی و کەلتووری ئامادەی ئەوێدا بوونی خۆی هەبێت چونکە ئەو پایانەی نییە کە ئەو ئامادەبوونەی بۆ دەستەبەر بکەن.

ئێستا ئەم لە بەردەمی کەلتوور و شارستانێتییەکدا ڕاوەستاوە زۆر جیاوازن لە کەلتوور و شارستانێتی ئەم و ناتوانێت بە ئامادەبوونی ئێستای خۆی و بە پشتی کەلتوور و شارستانێتی تایبەتی خۆی لەوێ لەسەر ئەو زەمینەی ئەوێ ناتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت و بگرە ناگاتە ئەو ئاستەش هەست بە بوونی خۆی بکات چونکە لەسەر زەمینەی ئەوێ ناتوانێت بە وەهم بانگەشە بۆ بوونی خۆی بکات بەڵکو لەوێڕا ئامادەبوونی پراکتیکی سەلمێنەری بوونە.

لەوێ ئەم هەست بە بوون ناکات هەر ئەوەش دەیگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە هەست بەوە بکات ئەم وەکو ئەستێرەیەك وایە لە مەداری خۆی دەرچووبێت، چونکە ئەم لە زەمینەیەکی نیمچە سروشتییەوە گواستراوەتەوە بۆ زەمینەیەك کە لە ڕووی پەرەسەندن و پێشکەوتن و بەرهەم هێنانی شارستانییەوە زۆر جیاوازە لە زێدو نیشتمانەکەی ئەو، بۆیە لێرەوە شوێنی ئەم لە نێوان ئێرەو ئەوێدا دەشێ لە شێوەی دووانەیەکی تردا ئاخاوتن بکرێت کە ئەویش دووانەی (سروشت/ شارستانی)یە. ئەم لە جوگرافیایەکی پەراوێزی ڕۆژهەڵاتەوە کە تاکو ئێستا ئەگەر وەکو کۆمەڵگاش سەیر بکرێت ئەوا زیاتر خاسێتی کۆمەڵگایەکی سەرەتایی هەیە کە کۆمەڵگای سەرەتاییش بە

کۆمـەڵگای نێـو سروشـت دەناسـرێت دەگوازرێتـەوە بـۆ (ئـەوێ) واتــە بـۆ نێـو پانتــایی شارستانێتی ڕۆژئاوا. ئەم ڕۆژهەڵاتی بێ ناسنامە لەسەر زەمینەی ئامادەی ئەوێ توانـای خۆ سەلماندن و تەنانەت خۆ نمایش کردنیشی نی‌یە چونکـە ئـەو بنەمایانـەی نی‌یـە کـە ئـەوەی بـۆ دەسـتەبەر بکـەن، بۆیـە لـەوێوە لـەنێو زەمینـەی ڕۆژئـاواوە وەکـو ڕۆحێکـی ڕۆژهـەڵاتی بـێزار لـە هـەموو ڕەگـەز و کـەلتوور و دامـەزراوێکی کۆمـەڵگای ڕۆژئـاوا بــە خەیاڵ لە ڕووی یادەوەرییەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ نێـو سروشـتی ئـێرە، بـۆ نێـو کۆمـەڵگای سەرەتایی ئێرە، دەشێ لەوێوە بە جۆرێـك لـە پەشـیمانیەوە یـان ئـاوات بـۆ خواسـتنەوە سـەیری ئـێرە بکات و وا خـۆی ببینێـت کـە ئەسـتێرەیەکی خزیـووە و لەوێشـەوە هــەر پەیوەستە بە توخمەکانی سروشتەوە کە مەبەست سروشتی ئێرە و ناتوانێت ئاشنایەتی لەگەڵ توخمەکانی دنیای شارستانێتی و تەکنۆلۆژیای ڕۆژئاوادا دروست بکات.

ئەو لە ساتەوەختی ئێوارە و لە هەرێمی بەستەڵەکدا تابلۆی مانگی قوپاو لەسەر ئاو دەکێشێت هەتا دەگاتە ئەوەی بڵێت:

گەڵا زیزەکان پایز جێ دێڵن

جەستەی شەکەتیش دارستانی ڕۆح

هەمان ونبوونە

لێرەدا دەلالەتی هەڵوێستی بکـەری شیعرەکە لـە پانتـایی جوگرافیـا و شارسـتانێتی (ئەوێ)دا ئاشکرا دەبێت کە توانـای هیـچ ڕووبـەڕوو بوونەوەیـەکی نی‌یـە، بـەڵکو لـەنێو خودی ئەو شارسـتانێتی‌یەدا دەیـەوێت وەکـو ڕۆژهەڵاتیـەکی ڕۆمانسـی کـە هێشـتا پـێ‌ی نەناوەتە نێو کۆمەڵگاوە و بگرە لە قۆناغی سـەرەتایی و بـاری سـادەی سروشـتدا دەژی.. هـەر دەیـەوێت لـەنێو ئـەو سروشـتەدا بمێنێتـەوە بـۆ ئـەو مەبەسـتەش سـەرجەم ئـەو توخمانـەی کە مامەڵـەیان لەگـەڵدا دەکـات توخمــەکانی سروشــتن. سروشــتێ کــە لــە بەرامبەر سەلماندنی (بوون)ی ئەودا بێ هەڵوێست و بێ پەیوەندین. بکەری شیعرەکە لە دووانـەی (ئـێرە/ ئـەوێ)دا دەیـەوێت بگەڕێتـەوە بـۆ (ئـێرە) کاتـێ (ئـەوێ) پانتاییەکـە تیایدا ناتوانێت پراکتیکی خودی خۆی بکات، بـەڵام هـەر لـەوێوە کاتێ دەگەڕێتـەوە بـۆ ئێرە و لە شێوەیەکی گشتی تردا سەرنج دەدات هەست بە جۆرێك لـە ونبـوون دەکـات و

ونبوون دەبێتە حاڵەتێکی گشتی تر و تەنها ئەوێ یان ئێرە ناگرێتەوە بەڵکو دەبێتە ونبوون لە هەردوولا ئەویش لەبەرئەوەی لە هیچ زەمینەیەکدا هەست بە بوونی خۆی ناکات و ناتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت بەواتە شوێن پەیوەست بە بوونی پانتاییەکە ونبوونی فەراهەم کردووە. ونبوون لەوێ پەیوەستە بە خودی بکەرەوە کە ناتوانێت لە ڕووی شارستانێتی ئەوێ خۆی بسەلمێنێت بۆیە هەست بە پرۆسەیەکی فڕێدان بۆ پەراوێز دەکات کە ئەویش پەراوێزی مێژووە، بێگومان ئەم لە بنەڕەتدا بەرهەمی پەراوێزە. چونکە ئەگەر مەدار بە جێگای سروشتی ئەو دابنرێت ئەوا خزان لەو مەدارە دەرچوونە لە جێگای سروشتی کە ئەویش هێندەی تر فڕێدانە بۆ دەرەوەی زەمینەی بوون، دەشێ لە لایەکی تریشەوە مەدار وەکو (ناوەند) واتە ڕۆژئاوای شارستانی دابنرێت و دەرچوون لە مەدار کەوتنە دەرەوەی ئەو شارستانێتە بێت.

کاتێ بکەری شیعرەکە لەوێوە دەگەڕێتەوە بۆ ئێرە و ورد دەبێتەوە، گەڕانەوە لە مەداری خەیاڵدا دەبینێ، ئێرە بریتییە لە قەوارەیەکی وەهمی، مێژوویەکی وەهمی، جەستەیەکی بێ ناسنامە، پانتاییەك لەسەر مێژووی ناساندن نەیتوانیووە خۆی دەربخات. لێرەوە کاریگەری ونبوونی ئێرە کە ونبوونێکی گشتییە و بریتییە لە ونبوونی (نەتەوە)، بۆیە فاکتەرێکی ئامادە لە کەسێتی بکەری شیعرەکەدا و لە ڕووی نەستەوە حاڵەتی هەست بە نزمی کردنی لا دروست کردووە و ناتوانێت وەکو کەسێتێکی خاوەن ماهیەت خۆی بنوێنێ. لە لایەکی تریشەوە (بکەری شیعرەکە) واتە (من) نوێنەری نەتەوەیەکی ونبووی بێناسنامەی فڕێدراو بۆ دەرەوەی مێژوو ستەمە هەروا بە ئاسانی بتوانێت لە ڕووی شارستانی ئامادە و خاوەن ناسنامە و مێژووی (ئەوێ)دا هیچ ئامادەبوونێکی هەبێت بۆیە لەوێ هەردوو جەمسەری ونبوون یەك دەگرنەوە و ونبوون دەبێتە حاڵەتێك بە تەواوی پانتایی ڕۆحی و پراکتیکی فیزیکی بکەر دەگرێتەوە.

لە نێوانی دوو مەداردا ئاسۆیەکیت ڕوو
وەکو ساوای
یەکسانە ڕووت و چەسپاو!

گەروی شاران و تریفە شلۆییەکان تێت ئالآون

ڕوخسارت لە خۆر گیران- لە خۆڵباران

لە خاکێکی دێمەکار دەچیت

تۆ لە شەوە قەترانیەکاندا هەڵۆت فێرە باڵەفڕێ و

ڕووبارت فێرە خۆشڕۆیی دەکرد..

بکەری شیعرەکە (لەوێ)وە لە ساتەوەختی ئێستادا چەند جارێك دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، کاتێ لە سنووری خەیاڵدا دەگاتەوە بەو مێژووەی پێشتر ئەگەر بشێ لە ڕووی ئامادەبوونەوە ناوی مێژووی لێ بنرێت، ئەوا هەست بە جۆرە خۆشیەك دەکات چونکە پێی وایە ڕابردوو ساتەوەختی پراکتیك و هەوڵدانی سەلماندنی خودی خۆی بووە بە پێچەوانەی ئێستاوە کە هەست دەکات سەردەمی ونبوون و سڕینەوەی بوون و ناسنامەیەتی. ئەم لە نێوانی دوو مەداردا واتە لە نێوان ئێرە و ئەوێ یان ڕابردوو، ئێستادا یان لە نێوان شارستانێتی و سەرەتایی بووندا وەکو ئاسۆیەك سەیری خۆی دەکات بەڵام ئایا ئەو ئاسۆیە کامەیە و شوناسی چیە؟ هەر ڕاستەوخۆ بە دوای ئەم ناساندنەدا شوناسی تەواوەتی ئەو کە مەبەست خۆیەتی پێشکەش دەکات کە ڕوخساری لە خۆرگیران و خۆڵباران و لە خاکێکی دێمەکار دەچێت واتە ئومێدی زیندووبوونەوە و ڕابوونەوەی نییە. ئەگەرچی لە ڕابردوودا ئەم بکەرێکی ڕووداو دروستکەر بووە و هەڵۆی فێرە باڵەفڕێ و ڕووباری فێری خۆشڕۆیی کردووە. بەڵام ئایا ئەم لە ڕابردوودا ئەو بکەرە بووە بە تایبەتی ئەگەر لە سنووری تاکە کەسەوە بیگوازینەوە بۆ سنووری نەتەوە.. ئەوا دەشێ ئەوەی لێرەدا بەرجەستەکراوە جۆرێك لە یۆتۆپیا بێت.

بکەری شیعرەکە باسی ڕابردووی خۆی دەکات، کە وای نیشان دەدات کە لە ڕابردوودا ئەم خاوەنی ناسنامە بووە و لە ترسناکترین ساتەوەختدا توانیوویەتی بکەرێتی خۆی بسەلمێنێت کاتی هەڵۆ فێری فڕین دەکات بەڵام دیارە ئەم کردارەیە لە بەرامبەر گومانێکدا ڕامان دەگرێت گومانی ئەوەی ئایا (هەڵۆ) خۆی خاسێتی فڕینی لە دەستداوە یان هەر نەیبووە یان ئەوەتا هەڵۆ فڕینێکی ئەوتۆی نەزانیووە و ئەم فێری دەکات.. ئایا دەشێ دەلالەتێکی تر بۆ ئەم بۆچوونە و بۆچوونی دوای ئەوەش (ڕووبارت

فێری خۆش ڕۆیی دەکرد) بدۆزرێتەوە جگە لەوەی کە بەلگەهێنانەوەیە بۆ سەلماندنی توانای بکەرێتی ئەم لە ڕابردوودا. دیارە ئەو پرسیارەش سەرهەلدەدات ئایا لە ڕابردوودا ئەم لەو ئاستەدا بووە کە وەکو بکەرێکی ڕووداو دروستکەری ئەوتۆ باس بکرێت؟ ئەگەر بکەرێکی لەو جۆرە بوایە ئامادەبوونێکی ئەوتۆی لە ڕابردوودا دەبوو کە جۆرێك لە شارستانی بەرهەم بهێنێت بە جۆرێك کە بە لایەنی کەمەوە لە ڕووی مەعنەوییەوە بە گەڕانەوە بۆ ئەو یادەوەریە لە ئێستاشدا هەستی بە بوونی بکردایە و بەو جۆرە فڕێ نەدرایەتە ئەو دیوی مەداری خۆیەوە.

لێرەوە ئەگەر بکەری شیعرەکە خودی شاعیر بێت، ئەوا بە تەواوەتی پەیوەستبوونی ئەو بە ڕابردووەوە ئاشکرا دەبێت کە لە شێوەی دووانەی (ئێستا/ ڕابردوو)دا دەردەکەوێت، لە ئێستای ونبوون و بێ پراکتیکیەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوسای چالاکی و پراکتیك کردن، ئەوسایەك کە تیایدا لێرە لەسەر خاکی نیشتمان، نیشتمانی لە چوارلاوە ڕۆح داگیرکراو بوونی هەبووە یان هەستی بە بوون کردووە کە بێگومان دەشێ ئەو هەستکردنەش تەنیا جۆرێك لە قەناعەت هێنان بوو بێت لەو ڕوانگەیەوە کە نەیتوانیبێت پرسیار لە ماهیەتی بوون بکات بەلام کاتێ دەکەوێتە ئەو دیوو سنووری نیشتمانەوە یان ئاشکراتر بلێین لە ڕۆژئاوا بە جۆرێك تێدەگات کە بوون بەو شێوە سادەیەی پێشتر ئەم هەستی پێکردووە هیچ مانایەکی نیە لە کاتێکدا نیشتمان خاوەنی تاکە ناسنامەیەك نەبێت و لە بەهای ڕاستەقینەی نیشتمان دامالرابێت و کرابێتە پاشکۆی نیشتمانی ئەوانی تر.

بەلام لەو ساتەدا کە بوون بە پێی ئەم تێڕوانینەی سەرەوە گەوهەرێکی ئەوتۆی نەبووە، ئەم نەوەیەکی نوێی بۆ ڕابوونەوەو شۆڕش هانداوە و فێری فڕین و خۆشڕۆیی کردون، ئەم لەو ساتەدا عەودالی شۆڕش و بزافی نەتەوە بووە، بەلام ئێستا (لەوێ) لەنێو گێژاوی ئالۆزی شارستانێتی ڕۆژئاوادا تەنانەت هەست بە بوونی خۆیشی ناکات و جەستەیەکی بێناسنامەی فڕێدراوە بۆ دەرەوەی ناوەندی ئەو شارستانێتە و بگرە توانای چوونە نێو سنوورەکانیشی نیە، چونکە ڕۆژهەلاتییەکی بێ کەینوونەیە و لەوەش زیاتر ئەندامی نەتەوەیەکی پەراوێزخراو و بێ ناسنامەی وەکو کوردە، کەواتە

لە ئێستادا و لە گەیشتن بەو حاڵەتەی هەستکردندا دەگات بەو بۆچوونەی کە ڕابردوو ساتەوەختی خۆ سەلماندن و کارکردن و چالاکی و ئامادەبوون بووە بە گوێرەی ئەم، لێرەوە پەیوەست بە کەسێتی ئەم بکەرە (ونبوون/ وننەبوون)، (ئامادەبوون/ ئامادەنەبوون) هاوشانن لەگەڵ دووانەی (ئێرە/ ئەوێ)دا بە گوێرەی کەسێتی ئەم بکەرە کە دەشێ لە سنوورێکی فراوانتردا بە کەسێتی نەتەوە یان کەسێتی ڕۆژهەڵاتی لێکبدرێتەوە.

(ئەوێ) زەمینەی ونبوون و ئامادە نەبوونە، (ئێرە)ش زەمینەی بوون و ئامادەبوونە گەرچی ئەو بوون و ئامادەبوونە ناسنامەیەکی ناوچەیی و سنوورداری هەبێت واتە تەنیا لە پانتایی جوگرافیای نیشتماندا توانای خۆسەلماندنی هەبێت، بەڵام لێرەشەوە لە ئاستی نەگوتراودا لێکدانەوەیەکی تر خۆی ئاشکرا دەکات ئایا ناسنامەی نیشتمان و نەتەوە لەسەر ئاستی خۆ و لە بەرامبەر ئەوانی تردا لە کوێدایە؟ ئایا لە ئاستی ئەوانی تردا (ئێرە) کە مەبەست نەتەوە و نیشتمانە ناسنامەی هەیە؟ ئایا خاوەنی بوونە؟

دیسان لە پەراوێزی دووانەی (ئێرە/ ئەوێ)، (ئێستا/ ڕابردوو)دا گەڕانەوەیەکی ڕۆحی یان مەعنەوی وەکو خەسڵەتی هەموو مێژووی ڕۆژهەڵات دروست دەبێت کە گەڕانەوەیە بۆ نێو سروشتی سەردەمی منداڵی، کە مەبەست منداڵییە لە دوو ڕووەوە. منداڵی وەکو ئەو ساتەوەختەی ژیان کە خودی بکەری شیعرەکە نەیتوانیوە وەکو تافی منداڵی منداڵێتی خۆیی تێدا پراکتیک بکات، زەمینەی ئەو تافەش وەکو شوێن لە واقیعدا یەکەم زێدی ئەمە واتە شوێنی لەدایکبوونی، ئەو پانتاییە جوگرافیەی کە یەکەمین بیرەوەرییەکانی ئەمی تێدا تۆمارکراوە، ئێستا لە کاتی نووسینی شیعرەکەدا ئەو ڕووبەرە کە زێدی ئەمە جوگرافیایەکی بێ ناسنامە و وێرانەیە، تەنانەت ئەمیش نایناسێتەوە، هەموو خاسێت و سیماکانی کە بنەمای ناساندنی بوون سڕاونەتەوە، ئەم جێگایە نە خۆی وەکو جوگرافیایەك دەناسرێتەوە نە ئەوی بەرهەمی خۆی کە بکەری شیعرەکەیە دەناسێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ناسنامەی ئەمی بکەر و ئەو جوگرافیایەی کە ئەو بە (ئێرە) ناوی دەبات پێکەوە بەندن و هیچ کامیشیان ناشێت بەبێ ئەویتریان نە ببێتە خاوەنی ناسنامە نە توانای ناسینەوەی هەبێت.

بەڵام ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە سەیر بکەین کە (ئەم) لەسەر جوگرافیای خۆی هەست بە جۆرێك لە بوون دەكات ئەوا ئەو بوونە سنووردارە و ئەگەر نەتوانرێت بەرەو حاڵەتی بڵندتر و گشتی تر ببرێت و (بوون) بگوازرێتەوە بۆ ئامادەبوون لە ئاستی ئەوانی تردا ئەوا مانایەکی ئەوتۆی نابێت.

بکەری شیعرەکە کە خودی شاعیرە لەوێ دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی بۆ قەڵادزێ و دەگاتەوە بە سەردەمی منداڵی خۆی

عەوداڵی چی بوویت؟

عەوداڵی چی نەبوویت؟!

کاتێ لە چوار لاوە گیانتیان بنکۆڵ دەکرد

تۆ بۆ ڕوخساری خۆت دەگەڕایت؟!

ئەو ڕوخسارە بێ نەوایەی هەر ڕواڵەتەی

لە وڵاتێکدا

لە ئێستگای شەمەندەفەر و بەندەر و

مەیخانەی شارێکدا پەڕەوازە بوون!

تۆ بە دوای منداڵیتدا وێڵ بوویت؟

کە لەوێ..

لەنێو خۆڵی کۆڵانە کوژراوەکانی

قەڵادزێدا

باوەشت بۆ گرتەوە و نەی ناسیتەوەو..

ئەم مێژووی خۆی دەبەستێت بە مێژووی نیشتمانەکەیەوە و لەو کاتەدا کە نیشتمان بەسەر وڵاتانی تردا دابەشکراوە و هەر لایەك بە جۆرێك ڕۆحی نیشتمان دەمژێت ئەم بە دوای ناسینەوەی خۆیدا دەگەڕێت، بە واتا دەیەوێت بەهەر شێوەیەك هەیە ببێتە خاوەنی ناسنامەی خۆی لە کاتێکدا وەکو (کەسێتی) کە دەشێ مەبەست کەسێتی شاعیر خۆی بێت پەرت بووە و لە هەمان کاتدا لە گەڕاندایە، گەڕان بە دوای ساتەوەختێکدا کە بە بۆچوونی خۆی بوونی تێدا بووبێت، بۆ ئەو مەبەستەش

دەگەڕێتــەوە بــۆ ســاتەوەختی مندالّــی، بــۆ ئــەو جوگرافیایــەی کــە مندالّێتــی تێــدا بەسەربردووە کە ئەویش کۆلانەکانی قەلادزێیە بەلام کۆلانەکان کوژراون. ئایا کوشتنی کۆلانــەکان چ مانایــەك هــەلّدەگرن؟ دەشێ مەبەست نــەبوونی ناســنامە بێــت بــۆ ئــەو سەرزەمینەی کە نیشتمانی ئەوی شاعیرە، یان مەبەست وێرانکردنی ئەو نیشتمانە بێت بــە گشــتی یــان وێرانکردنــی خــودی قــەلادزێ بێــت بــۆ چــەند جارێك لــە لایــەن ئــەوی داگیرکەرەوە کە هەموو ئەمانەش پێکەوە دەلالەتی کوشــتنی مێــژووی بکــەری شیعرەکە هەلّدەگرن کە مێژووی ئێمەیە.

کۆلانەکان ئــەم ناناســنەوە، ئەمــەش ئــەوە دەگەیــەنێت لــە لایــەك کۆلانــەکان توانــای ناسینەوەیان نــیە، لە لایەکی ترەوە ئەم خاوەنی سیمایەکی دیــار و جێگیر نــیە هــەتا بناسرێتەوە کە ئــەوەش دیســان لاوازی پایــە و بنــەماکانی بــوون بــە خــاوەنی ناســنامەی دیــاریکراو دەنووێنێت، بــە تایبــەتی کەســێتێك ئەگــەر لەســەر زێــدو جوگرافیــای خــۆی نەناسرێتەوە.. ئایا دەتوانێت بەو حالّەتەوە لــە دەرەوەی زێــدو جوگرافیــای خــۆی خــۆی نمــایش بکــات و بوونــی خــۆی بســەلمێنێت؟ بێگومــان نــەخێر. دیــارە لــە گەوهــــەردا هەســتکردن بــەو حالّەتی نائامادەبوونەیــە کــە (لــەوێ)وە دەیگێڕێتــەوە بــۆ (ئــێرە) کــە ئەویش بە هیوای گەیشتن بە جۆرێك لە بوون ئەم (لــەوێ)وە بــە ئومێدی گەیشــتن بــە حالّەتی هەستکردن بە بوون دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی، هەر هیچ نەبێت بۆ ئەوەی لە ڕووی دەرونیەوە لێرە لەسەر بنەمای ئامادەبوونی سنوورداری خۆی لەســەر جوگرافیــای نیشتمان جۆرە ئارامیەك بە دەست بهێنێت، واتە ئەوەی دەبێتە پالّنەری گەڕانەوەی بۆ ئێرە ئەگەرچی ئەو گەڕانەوەیە گەڕانەوەیەکی مەعنەوی بێت واتە گەڕانــەوە بێت بۆ یادەوەری ڕابردوویــەك کــە (لێرە) لــەنێو کۆلانــە کوژراوەکــاندا هەســتی بــە جۆرێــك لــە بوون کردبێت.

بکــەری شــیعرەکە لــە لایــەك لــە ســاتەوەختی هەســتکردن بــە ئامادەنەبوونــــەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەك کە لــە ســنوورێکی دیــاریکراودا هەســتی بــە بــوون کــردووە تیایدا، لە لایەکی تریشــەوە گەڕانــەوەی ئــەم کەســێتە ئــەو جوولّەیــە کــە لــە نێــوان دوو جەمسەری (شارستانی/ سروشت)دا دروست دەبێت. ئەم لە قولایی شارستانی ڕۆژئــاواوە

دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان بۆ پەراوێزی ڕۆژهەلات، بۆ نێو کۆمەلگای سەرەتایی، واتە لێرەدا ناسنامەی بکەری شیعرەکە ناسنامەی سروشتی کەسێتی کۆمەلگای پەراوێز یان سەرەتاییە کە ئەو بنەمایانەی نییە لە (ئەویٚ)ی شارستانێتیدا جێگای خۆی بکاتەوە. هەر لێرەوە دەشیٚ پەیوەندی (ئەویٚ/ ئێرە) وەکو پەیوەندی نێوان (شار/ لادیٚ) یان (شار/ سروشت) لێکبدرێتەوە کە چۆن مرۆڤ مەیلی گەڕانەوەی هەیە بۆ لادیٚ یان بۆ سروشت کە مەبەست لەوەش گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی سادەیی و ساکاری، بۆ ژیانی سەرەتایی، بۆ سەردەمی خاوێنی و بیٚ خەوشی.

گەڕانەوەی ئەم کەسێتە (لەویٚ)وە بۆ (ئێرە)، گەڕانەوەیە لەنێو پەیوەندی ئالۆزی شاراوە لەنێو شارستانێتەوە بۆ نێو ژیانی سادەی ئێرە کە بەراورد بە ئەویٚ پەرەسەندو دەشیٚ وەکو سروشت سەیری ئێرە بکرێت، چونکە ئەو زەمینەی کە بکەری شیعرەکە بۆی دەگەڕێتەوە لە ڕووی پەرەسەندنی کۆمەلایەتییەوە هێشتا دەشیٚ وەکو کۆمەلگای سەرەتایی سەیربکرێت کە هێشتا لە قۆناغی قسەکردندایە و نووسین نەبۆتە خاسێتی دیار تیایدا کە بە قۆناغی تۆمارکردن ناودەبرێت کە مەبەست لەمەش قۆناغی پێش مێژووە یان ساتەوەختی دەرەوەی مێژووە. کەواتە بکەری شیعرەکە لە پانتایی مێژوویەکی دیارو ناسراوەوە کە (مادە) توخمی سەرەکی و بنەمای کار و جولەو بڕیارەو عەقلٚ ڕێکخەری شتەکانە دەگەڕێتەوە بۆ زەمینەیەك کە تیایدا خەیالٚ و وەهم و غەیبانیەت کاردەکەن و عەقلٚ غائیبە واتە گەڕانەوەی ئەم کەسێتە گەڕانەوەیە لە کۆمەلگای ماتریالی و عەقلانی ڕۆژئاواوە بۆ کۆمەلگای ڕۆحانی و غەیبانی ڕۆژهەلات.

تۆ ناسنامەی هەرێمێکیت خواکانی
لە ژمارە نایەن
ڕوخساری ئاسۆیەکی درز بردوویت
ئاسۆیەکی ڕووت، کاتیٚ
لە ڕووی لێشاوی گومڕاییدا پاشەکشی دەکات
من مێژووی بروسکە وێلەکانی شار دەنووسمەوە
کەچی ولات تابوتێکە

به جەستەی شەکەتم تەنگە
من کتێبێ هەتا بۆ نەوەیەك کە خەون
بە مەنفاوە دەبینێ دەگرمەوە
کەچی مەنفا بەرماڵێکە نوێژەکانم دەنێژێت.

ئەم خۆی وەکو ناسنامەی ئەم هەرێمە پێشکەش دەکات کە پێی وایە ئەم هەرێمە ژمارەیەکی بێپایان خاوەنی هەیە، بەڵام کامانەن ئەو خاوەنانە و ئەو هەرێمە کوێیە؟ دیسان ئەم وەکو ئاسۆیەك خۆی پێشکەش دەکات بەڵام ئاسۆیەکی ناتەواو، ئاسۆیەك کە لە بەردەم شەپۆلی گومڕاییدا یان تاریکیدا هەرەس دێنێ. ئەم پێی وایە مێژوویەك دەنووسێتەوە کە مێژووی بروسکە وێڵەکانی شارە، لەم کاتەدا وڵات بووەتە تابووتێك بە جەستەی ئەم تەنگە.. ئەگەر لەو دەلالەتانە بگەڕێین کە لە پشتی ئەم ئاستەی زمانی دەقەکەوەن ئەوا دەشێ بڵێین مەبەست لەو هەرێمە ئێرەیە واتە زێدو نیشتمانی ئەم، کە هەریەکە لە داگیرکەرانی ئەم وڵاتە بە جۆرێك خۆی بە خاوەنی ئەم وڵاتە دەزانێت.. ئەمیش ناتوانێت ئەو ئومێدە بێت کە پێمان بڵێت لە ئایندەی نزیکدا خامە خۆی ببێتە تاکە خوای سەر ئەم هەرێمە و ئەو هەموو ژمارەی تر بسڕێتەوە یان کۆتایی بە مێژووی ئەو هەموو خوایە بهێنێت، دەشێ مەبەست لەو ژمارە بێپایانەی خواکان سەرجەم ئەو حیزب و دەسەڵات و خێڵ و عەشیرەتانە بێت کە لەسەر زێدی ئەم هەریەکەیان خۆی بە فەرمانڕەوای جوگرافیایەکی سنووردار دەزانێت و لە ئاستێکی نەگوتراویشدا دەڵێت هۆی مانەوەی نیشتمان بەو شێوە بێ ناسنامەییەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەموو دەسەڵات و پێکهاتە پەرش و بڵاوە ناوچەییانە کە ئاسۆیی سبەینێش بە هۆی ئەو حاڵەتانەوە پەرت و بڵاوو لێك هەڵوەشاوەیە بە جۆرێك کە بنەمای یەکبوون و یەکگرتنەوەی ئیفلیج کردووە و ناتوانێت لە بەردەم هێرشی دڕندانەی ئەواندا خۆی ڕابگرێت، هەر بۆیە وڵات وەکو تابوتێکی لێدێت کاتێ ئەم دەیەوێت مێژووی خۆبەدەستەوە نەدان و یاخیبوون بنووسێتەوە.. وڵات جێگای بوونی ئەمی تێدا نامێنێتەوە. هەر ئەمەش وای لێدەکات کە مەنفا هەڵبژێرێت، واتە هەڵبژاردنی مەنفا واتە (ئەوێ) بە گوێرەی ئەم ناچارییە، بەڵام لەوێشەوە کە ئەم

خۆی لە ئامێزی مەنفادایە و پێشبینی بۆ نەوەیەك دەكات كە خەون بە مەنفاوە دەبینن ئەم خۆی مەنفا ڕۆحی دەكوژێت كە ئەویش كوشتنی مەعنەوییە واتە كوشتنی هەست كردن بە ئامادەبوون كوشتنی مێژوو، داماڵینی ئەم لە هەموو بنەماكانی بوون.

لە دوا بەشی شیعرەكەدا چەند دووانەیەكی تر دروست دەبن كە بریتین لە دووانەكانی (ڕابوونەوە/ مردن)، (نیشتمان/ مەنفا) (بوون/ نەبوون)، (یەكبوون، پەرتبوون) لەم بەشەی شیعرەكەدا بكەری شیعرەكە وەكو كەسێتێكی ئامادە و خاوەن ناسنامە دەدوێت و دەیەوێت مێژوو دروست بكات، مێژوویەك كە ناسنامەی بەبەر ببڕێت و ئامادەبوونی هەبێت، مێژوویەك كە ئێمە ببینە بكەر و پراكتیكی تێدا بكەین. حاڵەتی لە یادكراوی بێناسنامەی كۆتایی پێ بهێنین، بەڵام لە كاتێكدا بكەری شیعرەكە بە جۆرێك لە هوشیارییەوە لە ئاستی نەبینراوی زمانی دەقەكەدا هەڵگری پرۆژەیەكی لەوجۆرەیە، ئێمە وەكو كۆمەڵ لە ئاستی دەستەجەمیدا بەو ئەندازەیە لە بنەماكانی ئەو پرۆژەیە تێناگەین، واتە لە ئاستی پەیبردنی ئێمە بە پرۆژەیەكی لەو جۆرە سادەیەو نابینرێت، هەرچۆن لە ئاستی یەكەمی زمانی دەقەكەدا ئەو نەگوتراوانەی كە دەلالەتی ئەو پرۆژەیە هەڵدەگرن نابینرێت.

ئەمی شاعیر (لەوێ)وە ناسنامەی مەنفا یان تاراوگە پێشكەش دەكات و هەوڵدەدات مەنفا بناسێنێت كە دەشێ مەنفا تەنیا سنووری جوگرافی و پەرتبوون لە جێگا نەگرێتەوە، بەڵكو مەنفای ڕۆحی بگرێتەوە یان مەنفا بریتی بێت لە حاڵەتی جیاكردنەوە و پەرتكردنی ئەم لە بوون و ناسنامە. ئەم پێی وایە ژیانی نێو نیشتمان مەرگێكی هێمنە مادەم بوون بە خاوەنی ناسنامە، بوون بە بكەری ڕووداو دروستكەر لە ئارادا نییە واتە مردنێكی هێواش بەڕێوە دەچێت كە ئەویش بەرەو ونبوون ئاڕاستە دەگرێت.

وڵات مەرگێكی هێمنە..
مەنفا چاڵێكی بێ بنە
كەی ئەمە وڵاتی منە؟
كوا ئەمە سەردەمی منە.

له كاتێكدا بەبێ بوونی ناسـنامە و بـەبێ بـوون بـە بكـەری ڕووداو دروسـتكەر ژیـان لەسـەر جوگرافیـای نیشتمان وەكـو مردنێكـی هێمـن وایـە، ژیـانی تاراوگـە ونبوونـە لـە بێدەنگیدا، نقوم بوونە لە قوڵاییدا ئەوەش بكەری شیعرەكە دەگەیەنێتـە ئـەو ئاسـتەی دەنگی بەرزبكاتەوەو بڵێت وڵاتێ كە من تێیدا ئاوارەیم وڵاتی من نـیە، ئەوەش بە كات ناژمێردرێت كە من لە ئاوارەییدا بژیم و ڕووداوم بۆ دروست نەكرێت بە مانایـەكی تـر بكەری شیعرەكە دەیەوێت بڵێت كات ئـەو دەمـە دەلالـەتی كـاتی هەیـە كـە ڕووداوی تیـا دروست بكرێت و ئەم وەكو بكـەرێك لەسـەر ئـەو زەمینـە و لـە كـاتی دیـاریكراوی خۆیدا توانای دروستكردنی ڕووداوی هەبێت ئەوكاتە سەردەم دەبێتە سەردەمی ئەم چونكـە ئەگـەر (كـاتێك) ئـەم توانـای دروسـتكردنی ڕووداوی نـەبێت تیـایدا ئـەوە ماهیەتی كاتی نـیە.

تۆ
پارچە دەنگەكانی خۆت كە لە ئەستێرەی هاڕدراو دەچن
كۆدەكەیتەوە
دەتەوێ لە سركەساتی نێوان خەون و بێداریدا
بیانكەیت!
بە لوتكە بۆ باڵای ماندووت
بە ئاسمان بۆ تەوارەكەت
بە ڕواڵەت بۆ سیمای ونبووت.

ئەم پرۆژەی كۆكردنـەوەی هـەموو بـەش و هـەموو خاسـێتەكانی خۆیـی هەیـە بـەو هیوایـەی فەزایـەكیان بـۆ بـوون لێ بەرهـەم بهێنێت و بنـەماكانی ناساندنی خۆییـان لێ فەراهەم بكات كە بێگومـان ئـەو خۆناسـاندنەش لـە بەدەسـتهێنانی شوناسـدا دەسـتەبەر دەبێت، بۆیە ئەم پێی وایە ئەو لـە مـەنفادا دەخنكێت و دەكەوێتـە سـەردەمێكەوە كـە سەردەمی ونبوونێكی ترسناكترە لەو ونبوونەی لێرە ڕووبەڕووی بووەتەوە بۆیە لـەوێوە بە یادەوەری دەگەڕێتەوە بۆ ئـێرەو دەیـەوێت پارچـەی دەنگـەكانی خـۆی كۆبكاتـەوە تـا بیانكـات بـە بنـەما بـۆ سـەلماندنی خـۆی كـە دیـارە لـێرەوە قـەبارەی كەسـێتی بكـەری

شیعرەکە گەورەتر دەبێت و لە قەوارەی تاکە کەسی خۆیەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئاستێکی باڵاتر کە قەوارەی نەتەوەیە. هەر لێرەوە دەشێ ئەم شیعرە وەکو پانۆرامایەکی کەسێتی کورد لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا سەیربکرێت کە چۆن کەسێتێکی تێکشکێنراوو مێژوویەکی کوژراوی هەیەو چۆن لە درێژایی مێژووی کوژراویدا قۆناغ بە قۆناغ هەوڵی تێکشکاندن و پەرتکردنی دراوە.. بکەری ئەم شیعرە لەژێر کاریگەری فشاری تاراوگەداو لە ئەنجامی هەستکردن بە نەبوونی ناسنامە (لەوێ)وە دەگەڕێتەوە بۆ ئێرەو لە سنووری یادەوەریدا وێنەکانی شکست و لە دەستدانی ناسنامە بەرجەستە دەکاتەوە بەو هیوایەی لەوێوە بنەماو پایەکی خۆدروستکردنەوەو ڕابوونەوە بدۆزێتەوەو دەست نیشان بکات کە ئەوەش زیاتر لە ئاستی نەگوتراوی دەقەکەدایە.

لە بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی ڕەفیق سابیردا لە ماوەی ڕابردوودا کە لە دەرەوە نووسراون یان کاریگەری تاراوگەیان لەسەرە دووانەی (مەنفا/ نیشتمان) دووانەیەکە هەمیشە ئامادەبوونی هەیە ئەمەش دەلالەتی پەیوەستبوونی ڕۆحی و مەعنەوییە بەو پانتاییە جوگرافیەوە کە یەکەمین زێدی ئەوە واتە نیشتمان. تاراوگە لای ئەو، ئەو سەرزەمینەیە (بەهەشتەیە) کە هەمیشە دەرزی ئاژنی جەستەی دەکات و ڕۆحی گۆڕەوشار دەدات، نیشتمانیش ئەو دۆزەخەیە کە کڵپەی سووتاندنی ڕۆحی سڕبووی ئەم گەرم دەکاتەوە و ڕابوونەوەی تیا دەخوڵقێنێ، ئەو دۆزەخەی کە تیایدا بە ئاسودەیی ڕۆحیەوە سەرباری شکستەکانی تیایدا هەست بە جۆرێك لە بوون دەکات. بەڵام لە ساتەوەختێکدا کە ئەم کتێبی هەتاو دەگرێتەوە و چاوەڕوانی ئاسۆی گەش دەکات بۆ نیشتمان، نەتەوە بە گشتی خەون بە مەنفاوە دەبینێ. خەون بینین بە مەنفاوە پەیوەست بە جیهانبینی بکەری شیعرەکە یان لە تێڕوانینی ئەوەوە خۆسپاردنە بە ونبوون یان هەنگاوێکە بۆ وازهێنان لە خۆ کە لە ئاستێکی تردا دەبێتە کرداری خۆکوشتنێکی هێمن. لە تێڕوانینی ئێمەوە کە لێرەوە خەون بە مەنفاوە دەبینین، مەنفا جۆرێکە لە ڕزگاربوون، لە ڕوانینی ئەوی بکەری شیعرەکەشەوە کە (لەوێ)وە دەدوێت واتە لای شاعیر خۆی (مەنفا) حەقیقەتی ونبوون و خنکاندنە گەڕانەوەش بۆ ئێرە بۆ کۆکردنەوەی (پارچەی دەنگەکانی خۆی) بە مەبەستی خۆدەربازکردنە لە

خنکاندن لە ئامێزی مەنفادا واتە گەڕانەوە بۆ ئێرە و بۆ ئامادەکردنەوەی ڕەگەزەکانی پەیوەست بە ناسنامە و مێژووی ئەم بە مەبەستی گەیشتنە بە حاڵەتی بوون واتە گەڕانەوەی بکەری شیعرەکە با لە ژێر کاریگەری هەستکردن بە ونبوونیشدا بێت لە مەنفا بەڵام شێوەی جۆرێك لە پرۆژەی بنیادنانەوەی لەخۆگرتووە. هەر لێرەوە شیعری ڕەفیق دەکەوێتە سنووری گوتاری نەتەوەیی ئێمەوە کە لە لایەك بنیادنانی گوتاری مانەوەیە و لەپاڵ ئەوەشدا بنەماکانی گوتاری ڕابوونەوە بەرجەستە دەکات.

لێرەوە زیاتر خاسێتی گوتاری شیعری ڕەفیق سابیر ئاشکرا دەبێت کە گوتارێکی مێژوویی سیاسی نەتەوەیی‌یەو داوای دروستکردنەوەی کەسێتی نەتەوەیی کورد دەکات. بۆ ئەو مەبەستەش لە پانتایی‌یەکی قوڵی مێژووی کوژراو کەسێتی تێکشکاوی نەتەوەدا کاردەکات و تێکڕا حاڵەتی شکست و نائامادەبوونی نەتەوە وەکو توخمە بنەڕەتیەکانی گوتاری شکست دەبنە بنەما بۆ بەرهەم هێنانی گوتاری شیعری ڕەفیق کە لە گوتاری مانەوەدا بەرجەستە بووە هەروەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردووە گەوهەری ئەم گوتارە بریتی‌یە لە هەوڵدان بۆ پاراستنی نەتەوە لە لەناوچوون و کۆشش کردن بۆ هێشتنەوەی نەتەوە و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و سەلماندنی کەسێتی نەتەوەیی کورد و بە بکەربوونی لەسەر پانتایی جوگرافیای داگیرکراوی خۆی. هەر لێرەوە جیهانبینی شیعری ڕەفیق چ لەم شیعرەو چ لە ژمارەیەکی دیاری بەرهەمەکانیدا ئاشکرا دەبێت کە جیهانبینی‌یەکی سیاسی مێژوویی نەتەوەیی‌یەو لە ئاستی نەگوتراودا بنەماکانی پرۆژەی بنیادنانەوەو ڕابوونەوە هەڵدەگرێت. واتە شیعر لای ڕەفیق بۆتە توخمێك کە بارگەکراوە بە مەدلولی مێژوویی و فیکری و هەڵگری گوتارێکی مێژوویی کراوەیە، واتە لای ڕەفیق شیعر ئەرکێکی مێژوویی فیکری هەیە کە دیارە ئەوەش جیهانبینی بەشێکی زیندووی شیعری کوردیە بەڵام بە ڕوانین و بە شێوازی جیاواز دەردەبڕێت.

## گەڕان بە دوای بوون دا
## لە ( وردەگەلا )ی کەریم دەشتیدا

-١-

وردە گەلا کۆمەڵە شیعرێکی کەریم دەشتی‌یە کە لە سـاڵی ١٩٩٨دا بـە چاپی گـەیاند. لە سەرەتای کتێبەکەدا شاعیر خۆی پێمان دەڵێت ئەم کۆمەڵە شیعرە شیعری درامین.

ئێمە پێشتر چەند جارێ لەسـەر شـیعری کـەریم دەشـتی و ئـەزموونی شـیعری ئـەو دواوین، ئەگەرچی ئەم کۆمەڵە شیعرە، شیعرە نوێیەکانی کەریم دەشتی نین و مێژووی نووسینیان دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی هەشتاکان، بەڵام بەشێکن لە ئـەزموونی ئـەم شاعیرە کە بە تێڕوانینی من لەو ئاستەدان کە ئاخاوتنیان لەسەر بکرێت.

بە شێوەیەکی گشتی لە ئەزموونی شیعری کـەریم دەشـتی‌دا گەڕانەوەیـەکی ئاشـکرا هەیە بۆ ڕابردوو واتە بۆ بەکارهێنانی ڕەمزو هێماکانی ڕابردوو، چ لە بواری فۆلکلـۆر و ئەفسانە و فانتازیادا چ لە بواری مێژوودا. لە هەمان کـاتدا مەبەسـتمان ئـەوە نـی‌یـە کـە کەریم دەشتی تەنیا پەیوەستە بـە ئەفسانە و فانتازیـا و فۆلکلـۆر و مێـژووی کوردەوە، بەڵکو لە سنوورێکی فراوانـتردا مامەڵـەی لەگـەڵ ئـەم ڕەگەزانـەدا کـردووە و دەقـەکانی سەرچاوەی هەمەجۆریان هەیە لە کەلتووری مرۆڤایەتی کە ئەمـەش زۆربـەی کـات یـان لە پێناوی بنیادنانی جیهانبینی‌یەکی گەردوونیدایە یان ئەو جیهانبینی‌یە گەردوونیەی کە لە شیعرەکانیدا بەرهەمی دێنێت وەکو پێویست بـۆ بنیادنـانی دەقـەکانی خـۆی ئـەو سـەرچاوانە دەخاتـە خزمـەتی خۆیـەوە، واتـە لـە پشـتی دەقـەکانی کـەریم دەشـتی‌یەوە سەرچاوەی جۆراوجۆر هەن، ئەوەش بەندە بە ئاستی ڕۆشنبیری و بـە ئاگاییـەوە، دیـارە هەر لێرەشەوە دەگەین بەو ئەنجامەی کە لە ئەزموونی شیعری کەریم دەشـتی‌دا فیکـرو مەعریفەت شوێنێکی دیاریان هەیە لە بنیادنانی دەقەکانیدا واتە تـەنیا مامەڵـە لەگـەڵ ئیحساسـێکی سـادەدا ناکـات و هـەر ئـەو بنەمایـەش وایکـردووە کـەریم خـاوەنی دەنگـی تایبەتی خۆی بێت و بە ئاسانی نەکەوێتە ژێـر کاریگـەری ئەزموونـەکانی تـری شـیعری کوردی‌یەوە.

-٢-

شیعری درامی یان درامای شیعری له مێژووی ئەدەبی کوردیدا جێگایەکی ئەوتۆی نەگرتووە ئەگەرچی هەندێ بەرهەم بەو ناوانەوە بڵاوکراونەتەوە، بەڵام گرنگ ئاستی داهێنانە لەو بوارەدا نەك تەنیا (ناو) بردن. شانۆگەری شیعری ئاسکی شێرکۆ بێکەس ڕەنگە جوانترین نموونەی درامای شیعری بێت لە ئەدەبی کوردیدا، دیارە شیعری درامی و درامای شیعری ئەگەر له ڕوخساریشدا لە یەکتر بچن یان وەکو یەك وابن ئەوا لە گەوهەردا جیاوازییان هەیە. یەکەمیان شیعرە و ڕەگەزو بنەماو خاسێتەکانی درامای تێدایە، بەڵام دووەمیان درامایە و بە زمانی شیعر نووسراوە.

بەهەرحاڵ ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوە نییە کە (وردە گەڵا) کامیانە، هەروەك شاعیر خۆی ناوی ناون شیعری درامی چونکە دەقەکان لە بنەڕەتدا شیعرن بەڵام خاسێتەکانی درامایان هەیە لەوانەش جۆری گرێچن بە هەموو سیفەتەکانیەوەو کەسەکان و.. تاد. دیارە ئەم دەقانە وەکو بەشێکی تر لە ئەزموونی شیعری کەریم دەشتی سەیر دەکرێن و لە ڕوانگەی مێژووی ئەدەبیشەوە گرنگی خۆیان هەیە وەکو جۆرێك لە شیعری درێژ بەڵام نەك شیعری ئاسایی بەڵکو شیعری درامی.

کۆمەڵە شیعری (وردە گەڵا) کە لە شەش شیعر پێکهاتووە لە ڕووی شێوازی نووسینەوە دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی نووسینی سەرەتای هەشتاکانی کەریم دەشتی. لەڕاستیشدا تەنیا شیعری (دوا گۆرانی) مێژووی نووسینی لەسەر تۆمارنەکراوە کە ئەویش دەکەوێتە هەمان مێژووەوە، بەڵام (ئەفسانەی زەریبە سەرکێشەکان) تا ڕادەیەك لە ڕووی شێوازەوە جیاوازییەکی کەمی لەگەڵ شیعرەکانی تردا هەیە بە تایبەتی لە ڕووی پەیڕەوکردنی کێش و سەرواوە بە شێوەیەکی زیاتر لەچاو شیعرەکانی تردا.

ئەم کۆمەڵە شیعرە لە چەند ڕوویەکەوە لە یەکتر نزیکن و دەتوانین بڵێین هاوشێوەیی هەیە لە نێوانیاندا، بۆ نموونە لە ڕووی شێوازەوە سەرباری ئەوەی کە دەچنە ڕیزی شیعری درامیەوە بە گشتی بنیادی زمانی و شێوازی بیناکردن سادەیە و شاعیر خۆی کردۆتە کۆیلەی دەستی بەکارهێنان و پەیڕەوکردنی کێش و سەروا، کە

ئەوەش هەندێ جار مۆسیقا و هارمۆنیایەکی بەهێزی خولقاندووە بەڵام لە پاڵ ئەوەدا هەندێ جار بۆتە مایەی خۆبەستنەوەو لاوازبوونی شیعریەت. ئەم حاڵەتەش سەرباری ئەوەی هەموو شیعرەکانی گرتۆتەوە بەڵام لە (دواگۆرانی)دا خۆبەستنەوە بە کێش و سەرواو کێشی فۆلکلۆرەوە بە ئەندازەیەك باڵادەستە کە زیاتر دەقەکەی لە دەقە شیعرێکی فۆلکلۆری نزیك کردۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێواز یان باشتر بڵێین ئەو حاڵەتە تەقلیدییەی شێواز نەبۆتە هۆی کوشتنی ڕۆحی تازەی داهێنان لەم شیعرەدا.

خاڵی دووەم کە سەرجەم شیعرەکانی ئەم کۆمەڵەیە پێکەوە دەبەستێت بریتییە لە خودێك کە لە دوای بوون یان خۆسەلماندن دەگەڕێت یان لە شێوازێکی تردا بکەرێك کە بنەمای کەسایەتیشی تا ئەندازەیەك دیارە بەردەوام لە جوڵەدایە و ڕۆحێکی سەرکەش و یاخییەو دەستەمۆ ناکرێت و دەیەوێت ببێتە بکەرێکی ڕووداو دروستکەر، ئەو ڕۆحەش ڕۆحێکی سەرکەشە، جۆرێکە لە عیشق، ئەگەرچی ئەو عیشقە وەکو دڵداریش دەربکەوێت یان گوزارشتی لێ کرابێت ئەوا هێشتا لە پشتییەوە هێزێکی پتەوتر ڕاوەستاوە کە ئەویش هێزی عیشقی بەرزەفڕی ڕۆحی ئازادی و خۆ ڕەهاکردنە، واتە دەلالەتی عیشق لە کۆمەڵە شیعری (وردە گەڵا)دا ئەوەیە کە پاڵەوانێکی نموونەیی تینوو سەوداسەری فڕینە و بەرەو ئەو جێگایانەی کە ناشێت تیایدا ڕکێف بکرێت و بخرێتە ژێر سایەی دەسەڵات و فەرمانەوە. ئەگەر سەرنجی ئەو کاتەش بدەین کە ئەم شیعرانەی تێدا بەرهەم هاتووە واتە ساڵانی هەشتا ئەو کاتەیە بە گوێرەی ئێمە گەلێك نموونەی لە جۆری پاڵەوانی ڕکێف نەکراوی وەکو پاڵەوانی یان کەسێتی شیعرە درامیەکانی کەریم هەبوون کە ملکەچییان ڕەتکردۆتەوە و ئامادە نەبوون ئازادی خۆیان لە دەست بدەن هەر لە پێناوی پاراستنی ئازادی خۆیان و ئێمەدا لوتکەیان کردۆتە ئامانج. عیشق لە سەرجەمی شیعرەکانی (وردە گەڵا)دا عیشقی خاك و ئازادییە، هەر بۆیە پاڵەوانی نموونەیی کە هەڵگری ئەو عیشقە ڕەسەنەیە مرۆڤی ئازاو ڕۆحە بەرزە فڕەکانن، ئەوانەی خوێنی خۆیان بەخشی لە پێناوی ئازادیدا کە دەشێ ئازادی بێت بە چەمکی کۆمەڵایەتی و لە ڕوانگەی هەموو کۆمەڵەوە یان ئازادی بێت لە ڕوانگەی تاکە کەسەوە کە پاڵەوانەکانی ئەم دەقانە بە جۆرێك لە جۆرەکان کۆت و

پێوەندەکانی ڕکێف کردن دەپسێنن و دەپەڕنەوە ئەو دیوی دیوارەکانەوە، ئەگەر ئەو دیوارانە دیواری مادی بن یاخود دیواری مەعنەوی و ڕوخاندنی هێزەکانی دیسپلین کردنی خۆی لە ناوەوە بگرێتەوە، بەلام ڕووی لێکدانەوە زیاتری بەلای ئازادی و سەربەستی سیاسیدا دەچێت لە دەستی دامەزراوەکانی داگیرکەری ئازادیدا.

پاڵەوانی (وردە گەڵا) ئەو سوارانەن کە دەیان جار بەرەو لوتکە هەڵزناون و خزاون و کۆڵیان نەداوە، ئەوەش جۆرێك لەو ململانێیە بەرهەم دێنێت کە خاسێتی درامایی بە شیعرەکان دەبەخشێت، پاڵەوانی ئەم کۆمەڵە شیعرە درامی‌یە ئەوانەن کە هەستیان کردووە کە ناتوانن لە دیوانی پاشادا هەناسەی ئازادی هەڵمژن، هەربۆیە دەبوا دیوان بەجێبهێڵن و بەرەو ئاسۆیەکی نوێ ڕێگا بگرن.. ڕێگای قەدپاڵ و چیاکان، ڕێگای سروشت، ڕێگای شۆڕش. بەو هیوایەی بگەنە ئاکام و مەرگ لە هەست و بوونماندا بسڕنەوە و مژدەی ژیان و بوونمان پێ بدەن، ڕۆحی ڕوو لە نشێوو هەرەسمان بژێننەوە، وە تا پاڵەوانەکانی (وردە گەڵا) ئەو پاڵەوانە ژیان دۆستانەن کە هەموو جوڵەیەکیان لە پێناوی بەخشینی مانادایە بە ژیان و بوون، ئەو مانایەش تەنیا لە ئازادیدا بەدی دێت بۆیە هەموو جوڵەیەکی ئەوان لە پێناوی بەدەستهێنانی ئازادیدایە، واتە لێرەوە دەتوانین بڵێین دووانەیەك لە ئاستی نائاشکرای ئەم دەقانەدا بەرهەم هاتووە کە بنیادی شیعرەکان لەو ڕووەوە لەسەر بنەمای ئەو دووانەیە بنیادنراوە کە ئەویش دووانەی (ژیان دۆستی/ مەرگ)ە کە دەشێ بە ململانێ و کێشەی نێوان (تاناتۆس/ ئیرۆس) ناوی ببەین. ئەم شاعیر بە ناوی ئامانجێکەوە دەدوێت کە جۆرێك لە بکەر دەیانەوێت بە دەستی بهێنن، ئەوەتا دەڵێت:

ئەی ئەو مەرگەی چەنگاڵت
ناوەتە نێو دەرونمان..
هەرچەند بەفر دامپۆشێ
زریان کە سەرم بگرێ
سواران چوونە خۆر بێنن
من لە چنگت دەربێنن.. (دواگۆرانی- ل ٨٠)

سواران ئەو ڕۆحە هەڵچوانەن کە نەك هەر خۆیان لە چنگی مەرگ ڕزگار دەکەن بەڵکو مەرگ لە ناخی ئێمەشدا دەسڕنەوە. جارێکی دی زیندەگانی و ڕابوونەوەمان پێ دەبەخشن. هەر لێرەوە ململانێی نێوان جەمسەرە دژەکان دەردەکەوێت کە ئەویش لە شێوەی دووانەدا خۆی دەنوێنێ. دووانەی (ژیان/ مەرگ)، (ئازادی/ ژێردەستەیی و چەوساندنەوە)، (ڕەهابوون/ سەرکوتکردن) بنەمای پێکهاتنی شیعرەکانی (وردە گەلا)ن کە ئەو ڕۆحە یاخی‌یەی هەڵگری پەیامی ژیان و ئازادی و ڕەهابوونە لە مێژووی ئێمەدا دەلالەتەکەی لە دەرەوەی دەقەکاندا پێشمەرگەیە.

-٣-

گەڕانەوە بۆ ڕابردوو چ بۆ پانتایی مێژوو بێت یان بۆ ئەفسانە و کەلەپوور و فانتازیای کوردی حاڵەتێکە نەك هەر لە (وردە گەلا)دا بەڵکو سەرجەم بەرهەمی شیعری کەریم دەشتی گرتۆتەوە ئەمەش بۆتە بنەمایەکی سەرەکی بۆ ئەوەی ناسنامەی نەتەوەیی بوون بە شیعرەکانی کەریم دەشتی ببەخشێت، دیارە ئێستا هەندێ ڕاوبۆچوونی لەو جۆرە هەیە کە ئەدەب ئەدەبی نەتەوەکانە و بە پێی بنەمای نەتەوایەتی دابەش دەبێت نەك بە پێی ڕێبازی قوتابخانە ئەدەبیەکان، باسکردنی ئەدەبی چینە جیاوازەکانیش ئێستا بە گومانەوە لێی دەڕوانرێت و سەرجەم ئەدەب و هونەر لەوەدا یەکدەگرنەوە تا چەندێ لە بنەما مرۆییەکانەوە نزیکن یان گوزارشتی لێدەکەن کە ئەدەبی نەتەوایەتی یان چینایەتی هەر ناوێکی تریشی بۆ ژانرە ئەدەبیەکان دابنێیت، ئەوا لەوەدا یەکدەگرنەوە کە پەیوەستن بە مەسەلەکانی ژیان و بوونەوە لەگەڵ کێشەکانی مرۆڤدا.

کەریم دەشتی لە ئەزموونی شیعری خۆیدا بە گشتی و لە (وردە گەلا)شدا هەمان شێوەی شیعرەکانی تری لە ڕووی یادەوەرییەوە بە شێوەیەکی هێجگار بەهێز پەیوەستە بە ڕابردووەوە، بەڵام دیارە ئەو پەیوەست بوونە کە ئەم بۆی دەگەڕێتەوە لە تێڕوانینی خۆیی و ئێمەشەوە ڕابردوویەکی گەش و ڕەونەقداربێت، واتە ڕابردوویەك بێت کە ئیحای ئامادەبوونی بداتێ و شانازی و هەست بەخۆکردنی بۆ فەراهەم کردبێت، بەڵکو ئەم لە ئێستادا کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، بۆ مێژوو، برین و شکستەکانی جەستەی

مێـژووی خـۆی دەبینێـت کـە چـۆن خوێنیـان لێ دەچۆڕێـت، ئـەم لـەم هەڵوێسـتە ڕەخنەییەوە سەرنجی ڕابردوو دەدات و ئەو پاڵەوانانەی کە لە سەرجەم شیعرەکانی ئەم کۆمەڵەیەدا بە دوای خۆردا ئەسپەکانیان تاو دەدەن دەیانـەوێت سـەرتاپا ئـەو مێـژووە بگۆڕن، بەڵام لـە ڕێگای بـەرەو زینـدوو کردنـەوەی مێـژوودا لەبەرئـەوەی ڕابـردوو زۆر نائاشکرایە ئەمانیش ون دەبن، ئەمەش ئـەو دەلالەتـە هـەڵدەگرێت کـە ئێمـە تـاکو ئـەو ساتەی ئـەم شـیعرەی تیـادا لـە دایـك بـووە نـەمانتوانیووە مێـژووی خۆمـان زینـدوو بکەینەوە چونکە ئەوەندە شارەزای ڕێگای بەرەو ڕابردوو نەبووین هەتا هەڵکۆڵینی ئەو پانتاییە لە یاد چووە بکەین و بیکەین بە بنەما بـۆ دروسـتکردنی مێـژووی خۆمـان لـە ئێستادا.

شاعیر لە (ئەفسانەی زەوییە سەرکێشەکان)دا دەڵێت:

چوومە نێو ئەو قەڵایانەی

شوێنە برینی مێژووی دێرینیان پێوە بوو

ئەوەندە تێکەڵ بە کپی ئەو ڕێیە بووم

تا بیرم چوو هەست بە بوونی

جەستەم بکەم (ل٧)

دیسان بکەر لە گەڕانەوەیدا بۆ مێـژوو یـان بـۆ ڕابـردوو دووچاری ونبـوون دەبێت، ئەویش لەبەرئەوەی ڕابردووی ئەم ئەوەندە شاراوەو نادیارە کاتێ ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ ئـەو ڕابـردووە ئێسـتای خۆیشـی ون دەکـات، یـان لـە بـارێکی تـردا خامۆشـی و بێدەنگـی ڕابردوو بە جۆرێك کە کاتێك ئەم دەیەوێت بـۆی بگەڕێتـەوەو هـەوڵی ئامادەکردنـەوەی بدات لە ئێستادا خۆیشی ون دەبێت و دەبێتە بەشێکی ئەو مێژووە ونبـووە کـە ئـەوەش ئـەو دەلالەتـە هـەڵدەگرێت کـە نـاکرێت لەسـەر ڕابردوویـەکی ون و نادیـار لـە ئێسـتادا ئامادەبوون بە دەست بێت، یان دەشێ بە لایەکی تردا ونبوونی ئەم لە شۆڕبوونەوەدا بۆ نێو دەهالیزەکانی ڕابردوو ڕاڤە بکەین و لێکبدەینـەوە، ئـەویش لـە ئـەنجامی بـە پـیرۆز سـەیرکردنی ئـەو ڕابـردووە پـڕ شکسـتەدا گەیشـتۆتە ئـەوەی کـە لـەو ئاقـارەدا ئـەمیش بتوێتەوە و ون ببێت و ببێتە بەشێك لە مێژووە نادیارەکە.

(ورده گەڵا) سەرباری گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، جۆرێکی تریش لە گەڕانەوەی سەرجەم دەقەکانی نێو ئەم دوو بەرگە پێکەوە دەبەستێت، ئەو گەڕانەوەیەش بریتییە لە گەڕانەوە بۆ نێو سروشت یان ئاشکراتر بڵێین گەڕانەوەیە بۆ سروشتی کوردستان، بۆ قەد چیاو لادێکان، لەگەڵ بەکارهێنانی توخمەکانی سروشت و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بە مەبەستی زەمینەخۆشکردن بۆ جوڵەی بکەرێك کە لە پێناوی گەڕان بە دوای ئازادیدا چۆتە نێو سروشت، گەڕاوەتەوە بۆ نێو لادێی وڵات. دیارە ئەم گەڕانەوەیەش لەژێر کاریگەری فشاری ژیانی ئاڵۆزی شاردا نییە کە مرۆڤی هەستیار ڕووبەڕووی نامۆبوون دەکاتەوە و وای لێدەکات بۆ خۆ دەربازکردن لەو بارە ئاڵۆزە بگەڕێتەوە بۆ ئامێزی سروشتی سادەو خاوێن. گەڕانەوە لە (ورده گەڵا)دا بۆ سروشت ڕاکردن نییە لە واقیعی کۆمەڵگای شار بە ئەندازەی ئەوەی کە ڕاکردنە بە دوای دروستکردنەوەی مێژوویەکدا کە ئێمە پێشتر لە دەستمان چووە یان بنیادنانی مێژوویەکە کە دەمانەوێت بە پشتبەستن بە بنەما لاوازەکانی ڕابردوو لە ئێستادا بە شێوەیەکی دیار بنیادی بنێین کە ئەویش مێژووی ئامادەبوون و بەدەست هێنانی ناسنامە و شارستانێتییە. سوارەکانی ئێمە لە گەڕانەوەیاندا بۆ نێو سروشت، بۆ قەد چیاکان هەوڵدەدەن (خۆر)مان بۆ بهێنن.

هەر لێرەوە بە تەواوی ناسنامەی گەڕانەوە و ناسنامەی گەڕاوەکان بۆ نێو سروشتی کوردستان، بۆ چیاکان دەردەکەوێت کە بریتین لە پێشمەرگایەتی و پێشمەرگە کە لە پێناوی ئازادی وڵاتدا، لە پێناوی هێنانی خۆری ڕزگاریدا واتە لە پێناوی دروستکردنی مێژوودا ئەو ڕێگەیەیان لەبەرگرتووە..

چیا چیا.. تاوێر تاوێر و ڕێ بە ڕێ

ڕابردووی ئەویان لە خۆدا دەشاردەوە.. (چاودێری- ل ٤٩)

یان:

ئەوەی لە شاخ ون دەبێ

یان گلێنەی چاومانە

یان ئەوەتە کزەی جەرگە.. (دوا گۆرانی – ل ٧٧)

یان:

گەلێ ڕێگەم بڕیووە،

ئەشکەوتم گەلێ دیووە،

دڕندەی زۆر جەنگەڵان

داڵی پڕ مەیلی خۆیان لە گۆشم گیرکردووە

کچی زۆر گوندو دێیان

خەمیان لە من پیرکردووە،

لەوەتەی هەم هەر بەڕێوەم.. (زەرییەکان.. ل ٢٢)

ئێستا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە گەڕانەوە بۆ نێو سروشت لە (وردە گەلا)دا بە مەبەستی تواندنەوە و خۆحەشاردان و خۆ دفن کردن نییە لە سروشتدا، بەڵکو گەڕانەوە لێرەدا ڕێگایەکە بۆ لە ڕوودا وەستان و تەحەداکردن نەك تواندنەوە و خۆ دفن کردن، ئەگەرچی بەخۆڕسکی پاڵەوانە گەڕاوەکان یان سوارەکان مەیلی تەماهی کردن و تواندنەوەیان لە سروشتدا هەیە چونکە ئەگەر لە کاتی ڕاکردن لە دەستی فشارەکانی شار، سروشت ببێت بە مەنزلگایەك بۆ خۆحەشاردان، ئەوا لە حاڵەتی دووەمدا واتە حاڵەتی سوارەکانی ئێمە کە بە دوای دروستکردنی مێژوودا ڕۆیشتوون، سروشت دەبێتە پاڵپشت و پارێزەر بۆ سوارەکان، واتە ناڕاستەوخۆ دیسان سروشت لە خۆیدا مەنزلگایە بۆ سوارەکانی (وردە گەلا) لەو ڕوانگەیەوە کە لە مەترسی دەیانپارێزێت و لە چاوی نەیاران حەشاریان دەدات. دیارە ڕێی تێ دەچێت لە پرۆسەی تواندنەوەدا لەگەڵ سروشتی جوانی وڵاتدا مێژوو دروست بکرێت کە سروشت گیانی نیشتمانپەروەرێتی و ئینتیما بۆ خاك لای بنیادەم بەهێز دەکات، هەروەك چۆن هیگڵ پێی وایە مێژوو شارستانێتی هیندی سەرچاوەی سەرەکی لە ڕۆحی سروشتی جوانی هیندستانەوە هەر ئەو جوانیەی سروشتیش بنەمای ئیلتیزامی مرۆڤی هیندییە بە نیشتمانەکەیەوە، دەشێ گەڕانەوەش لە (وردە گەلا)دا بۆ نێو سروشت هەمان ئاماژەی لە پشتەوە بێت، بە تایبەتی بۆ ئێمەی کورد کە توخمەکانی سروشت و شانازی کردن بە سروشتی جوانی کوردستانەوە بەشێکی زۆری بنەماکانی کەلتوور و ناسنامەی ئێمەی

وەکو کورد پێکهێناوە. بەلای کەریم دەشتییەوە بوون یان تێگەیشتن لە گەوهەری بوون هەر لە سەرەتاوە دەبێتە بنەمای بەدەست هێنانی ناسنامە لە ئێستاوە بۆ ئاینده. کەریم دەڵێت:

ئەگەر توانیت لە سەرەتای بوونت بگەی

ئەمڕۆش نەبێ سبەی دەگەی..

لێرەدا جارێکی تر شاعیر دەمانگێڕێتەوە بۆ سەرەتاو پێمان دەڵێت ئەگەر ئاگاداری سەرەتا و هەموو ڕابردووی خۆت نەبیت ناتوانیت بەرنامەی ئێستا و ئایندەت دابنێی، هەر لێرەوە تێدەگەین کە گەڕانەوەی بکەری (وردە گەلا) بۆ ڕابردوو، بۆ نێو مێژووی لە یادکراومان بە مەبەستی ئامادەکردنەوەی ئەو ڕابردووەو ئاشکرا کردنێتی هەتابوونی خۆمانی تێدا بناسین و لەسەر ئەو بنەمایەش بەرنامەی ئایندەمان دابڕێژین، خۆ ئەگەر توانیمان لەو سەرەتایە تێبگەین و ناسنامەی خۆمانی تێدا دیاری بکەین، ئەوا ئەو دڵنیامان دەکات لەوەی کە گەیشتن شتێکی حەتمییە، ئەمڕۆ یان سبەی هەر دێتە دی.

لە لایەکی ترەوە ئەگەر سەرەتامان ناسی ئەوا تێدەگەین ئەو سەرچاوەی سوارەکانی خستۆتە سەر هەوای ڕۆیشتن بە دوای هەتاودا لە کوێوە هەڵدەقوڵێت و لەوێڕا پەی بەو مۆتیڤە ڕۆحییەش دەبەین کە دروستکەری جوڵەیە و بنەمای سەرەکیشە بۆ بەردەوامبوون لە پێناوی هێنانی (خۆر)دا یان بە واتایەکی تر لە ڕێگای دروستکردنی مێژوودا، هەتا ئەو بنەما سەرەکیانەش نەناسین ناتوانین ڕێگای جوڵە دیاری بکەین و لەو کاتەشدا سوارەکان بەبێ بەرنامە و بە دوای (خۆر) دەکەون و لەو حاڵەتەشدا بە دەست هێنان و ڕامکردنی (خۆر) کارێکی ئاسان نییە. دەشێ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو یان گەڕانەوە بۆ نێو سروشتی کوردستان کە سوارەکانی پاڵەوانی دەقەکانی (وردە گەلا) لە کردەیەکی دوور لە بنەما و هۆکاری ڕۆمانسیانەدا ئەنجام دەدەن و گەڕانەوە بۆ سروشت گەڕانەوە نییە بە چەمك و تێگەیشتنی ڕۆمانسیانە، سەرباری ئەوەی بۆ ئەوە سروشت بکرێتە زەمینە بۆ ئەوەی لەوێوە فشار بخرێتە سەر داگیرکەرانی ئازادی و بوونی ئێمە بۆ ئەوەی ناچار بکرێن دان بە بوون و ئازادیماندا بنێن. دیسان لێکدانەوەیەکی مەودا قوڵتریش لە مێژوودا بۆ گەڕانەوەی سوارەکانی ئێمە بۆ بەدەست هێنانی خۆر دەشێ بکرێت.

وەك دەزانین کورد لە سەرەتاوە هەڵگری پەیامی ئایینی زەردەشتی بووە، گەوهەری ئەو ئایینەش ئیشراق و نووری خوایە کە خۆر و ئاگر بەشێکن لەو نوورە تەنانەت ئاگر لە مێژووی کورددا وەکو دروشمێکی لێهاتووە بۆ مژدە بەخشین، سەرباری ئەوەی ڕوناککەرەوەی ڕێگایە بەرەو گەیشتن بە حەقیقەتی خواوەند و بوون، ئاگر لە فەرهەنگی کوردیدا شوێنێکی بایەخداری هەیە و تاکو ئێستا ئاگر دروشمی ناساندنی نەورۆزە، کورد بە جۆرێك پەیوەستبووە بە ئاگر و خۆرەوە کە نەیارەکانی بە ئاگرپەرست و خۆرپەرست ناویان بردووە. گەوهەری ئایینی دێرینی کورد ئەو بنەما ئیشراقیەی هەیە، بەڵام وەك دەزانین لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویيدا ئەو ئایینە هەرەسی پێهێنراوەو لە پرۆسەی فەتحی ئیسلامی بە دواوە پەیامی ئیسلام جێگای گرتۆتەوە.

دەقی (وردە گەڵا) لە ئاستێکی تردا ئاماژە بۆ ئەو ئیشراقە لە دەست چووەی پەیامی زەردەشتی دەکات و پاڵەوانی ئەم دەقە لە گەڕانەوەدا بۆ ڕابردوو دەیانەوێت ئەو ڕابردووە بەدەست بهێننەوە، بنەماکانی ئەو پەیامە لە ئێستادا ئامادە بکەنەوە چونکە ئەوان پێیان وایە هەتا لەو ڕابردووە نەگەین و نەیکەینە بنەما بۆ پرۆژەی زیندووکردنەوە و خۆ بنیادنانەوەمان ئەوا ناگەین بە ئامانج واتە ئەم دەقانەی (وردە گەڵا) ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن کە پاڵنەری سەرەکی پرۆژەی بنیادنانەوەی ئێمە لە ڕابردوودایە کە ئەویش پەیامی لە دەستچووی زەردەشتییە، یان زیندووکردنەوەی بنەما پڕ بایەخ و ئیشراقیەکانی ئەو پەیامەیە واتە (خۆر) کە سوارەکانی ئێمە دەیانەوێت بە دەستی بهێنن بریتییە لە ئیشراقی ڕابردوومان، هەروەك خۆر سەرچاوەی ژیانیشە.

پاڵەوانەکانی (وردە گەڵا) دەچنەوە بۆ نێو سروشت، بۆ قەد چیاو لاپاڵەکان ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ژیانی زەردەشت لە پێشهاتنی پەیامەکەدا بۆی هەمیشە دەچووە چیاو لەوێ بیری دەکردەوە و ڕادەما، ژیانی گۆشەگیری و خەڵوەتی نێو چیای لەبەرگرتووە، تا ئەنجام پەیامەکەی پێگەیشت و بەناوی خۆیەوە بڵاوی کردەوە کە ئەویش پەیامی بنیادنان و ئاوەدانکردنەوە بوو. سوارەکانی ئێمە، پاڵەوانەکانی وردە گەڵا دەگەڕێنەوە

بۆ سروشت بەو ئومێدەی لەوێرا بگەنەوە بە بنەماکانی پەیامی بنیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوە، واتە لێرەوە دەشێ بڵێین سوارەکانی ئێمە دەچنە بەرگی زەردەشتەوە بەو هیوایەی بگەنەوە بەو بنەمایانەی کە ئەو لە نێو سروشت وەکو پەیام پێی گەیشت و خستیە خزمەتی دروستکردنەوەو ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ بوونەوە.. کە پێی وابوو ئازادبوونی مرۆڤ لە نیشتەجێ بوون و ئاوەدان کردنەوەدایە کە ئەویش بیرکردنەوەی باش نەخشەی بۆ دادەڕێژێت، ئەو بیرکردنەوەیەش سەرچاوەکەی ئیشراقی ڕۆحی خواوەندە، ئەو ئیشراقەی کە ئێستا سوارەکانی ئێمە لەژێر ناونیشانی (خۆر)دا دەیانەوێت پێی بگەن.

لێرەوە ئەو مەودا قوڵە مێژووییە ئاشکرا دەبێت کە کەریم دەشتی لە (وردە گەڵا)دا بۆی دەگەڕێتەوە و لەگەڵ خەباتی نوێدا لە پێناوی ئازادیدا پێکەوەیان دەبەستێتەوە. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە بە ڕوانینی ئەم ناکرێت بەبێ گەڕانەوە بۆ پایەکانی ڕابردوو، پایەکانی نێو مێژوو کەلتووری نەتەوایەتیمان پرۆژەی بنیادنانەوەو خۆ دروستکردنەوە یان بە وتەیەکی تر پرۆژەی ڕێنسانس بنیاد بنێین.

جیهانبینی (وردە گەڵا) بە شێوەیەکی گشتی بەرجەستەی ئەم حاڵەتانە دەکات، کە ئەویش لە مەودایەکی قوڵتردا گەڕانە بە دوای بووندا، بە دوای خۆسەلماندندا، بە دوای ناسنامەدا کە ئەویش لە بوونی ئازادی و سەربەخۆییدا بەدەست دێت. پایەکانی ئەو بوونەش بەشێکی لە ڕابردوودایە، بەڵام دەبێ بە عەقڵی نوێ و بۆچوونی هاوچەرخانەوە بخرێنە کار بۆ بنیادنانی ئێستایەکی گەش و ڕەگ و ڕیشەدار کە توانای ئەوەی هەبێت بەرەو ئایندەش بڕوات و گەشە بە خۆی بدات.